**خاوەنی ئیمتیاز**
**د. دڵشاد عەبدولڕەحمان محەمەد**

**سەرنووسەر**
**ئەحمەد محەمەد قەرەنی**

**ناونیشان**

هەولێر ـ وەزارەتی پەروەردە

تەلەفۆن:

سەرنووسەر : 2230135

بەدالە: 2233084

2233085

فاکس: 2230471

ئیمەیل:

**moe@web-sat.com**

# پەروەردە و فێرکردن

**گۆڤارێکی پەروەردەیی وەرزییە وەزارەتی پەروەردەی**
**حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەری دەکات**
**ژمارە( 3 ) ساڵی** 2009

## تێبینی بۆ نووسەرانی بەڕێز ....

ئـەو تۆژینـەوەو لێکۆڵینەوانـەی ڕەوانـەی ئەم گۆڤارە دەکرێن پێویستە ئـەم خاڵانـەیان ڕەچاو کرابێت:

ـ بە خەتێکی جوان و شاش لەسەر ڕووی یەك لاپـەڕە نووسـرابێت، ئەگـەر کۆمپیووتـەر کرابێت پێویستە (سیدی) لەگەڵ بێت.

ـ ئەگەر وەرگێڕان بێت پێویستە دەقی بابەتە ئەسـڵییەکەی لەگـەڵ بێـت و ئامـاژە بـە سەرچاوە کرابێت.

ـ ڕێنووسـی کـوردی تێـدا ڕەچـاو کرابێـت ئەگینـە گۆڤارەکـە ڕێنووسـەکەی یـەك دەخات.

ـ نـاوو ناونیـشانی تـەواوی نووسـەری لەسـەر نووسرابێت.

**پەروەردە و فێرکردن**

# لـەم ژمــارەیــەدا


* پەروەردەی ژینگەیی.........................................ئەیووب ئەنوەر سماقەیی 5
* نیشانەی نەرێ ( نی ) لە تەرازووی شرۆڤەکاریدا...............................د.شێرکۆ بابان15
* ئەرك و مافەکانی مامۆستا ............................... و: موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی 27
* هونەری سەردان................................................. و: پەروەردەو فێرکردن 40
* ڕابەرێ هاریکار بۆ مامۆستایێن زمانێ ئینگلیــزی ......................... ئا : ڕەشید تەیب 44
* پرۆسەی پێوانە و هەڵسەنگاندنــی ............................. ئـا : ئازاد عەزیز سلێمان 60
* پەروەردەی هونەری لە قۆناغی بنەڕەتی...................کەریم سابیر مستەفا 84
* گۆران و ئافرەت.................................................سادق ئەحمەد 98
* بەڕێوەبەری سەرکەوتووی قوتابخانەو خوێندنگە................ و:پەروەردەو فێرکردن 121
* گیروگرفتی نەخوێندەواری..........................................و:کەمال غەمبار 130
* مرۆڤ و جیاوازی کارامەیی و بەهرەکان............................و: پەروەردەو فێرکردن 152
* چۆن مامەڵە لەگەڵ فێرکردنی تایبەتدا بکرێت؟..................ئا: پەروەردەو فێرکردن 161
* پەروەردەی کۆن یا پەروەردەی نوێ ؟ ................................ ئا : ئەزموونەکان 167


**ئەو بەرهەمانەی کە لەم ژمارەیەدا بڵاوکراونەتەوە ڕاوبۆچوونی نووسەرەکانیانە ، وەزارەت لێیان بەرپرسیار نییە**

# وتەی ژمارە....

ڕیزبەندی بابەتەکانی ئەم ژمارەیەی گۆڤارەکەتان (پەروەردە و فێرکردن) لە چوار تەوەردا کۆکراونەتەوە:

تەوەری یەکەم، پرۆسە نوێیەکانی فێربوون و فێرکردنن کە لایەنی تیۆری و کارامەیی پراکتیزەکردنی ئەزموونی گەلانی دیکەن و، وەکو سەرچاوە ئامادەکراون و خراونەتە بەردەستی خوێنەران، کە لەدوای سەرنجدان و لێ وردبوونەوەی جدییەوە، هەست بەوە دەکرێت کە زۆربەی ئەو ئەزموونانە لەگەڵ گۆڕانکارییە تازەکانی سستمی پەروەردەییمان یەك دەگرنەوەو لەگەلێك شوێنیشدا ئاوێتەی یەك مەبەست دەبن.

تەوەری دووەمیش، چەند بابەتێك لەبارەی هەڵسەنگاندنی ئەو هەنگاوە پەروەردەییانەن، کە لەقۆناغی ئەزموونگەریدا تێدەپەڕن و لەلایەن پسپۆرانی پەروەردەییەوە ئامادەکراون و، بەڕاشکاوی پەنجە دەخەنە سەر خاڵە لاوازەکان و ڕێگەچارەی گونجاویشیان بۆ دەستنیشان دەکەن، هەروەها خاڵە بەهێزەکانیش دەخەنە بەر پێوەری پێداچوونەوە، لەپێناوی چاکسازی و برەودان بەرەو باشترکردنی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لەهەرێمدا.

لەتەوەری سێیەمیشدا، بەشێك لە ڕێنماییە تازە پەسەندکراوەکانی وەزارەتی پەروەردە بۆ ساڵی خوێندنی 2008ـ2009 بڵاوکراونەتەوە، بۆئەوەی هەموو ئەوانەی پێوەندییان بە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنەوە هەیە لەنزیکەوە ئاگەداری گۆڕانکارییەکان و بەرنامەڕێژی نوێی وەزارەتی پەروەردە ببن و، لەجێبەجێکردنی ئەرکەکانیاندا پشت بە لێکدانەوەیەکی زانستی ببەستن، کە جگە لەخوێندنەوەو تێگەیشتنی خاڵ و چاپتەر و بەندەکان، دەرفەتی دیراسەتکردنی پێوەندییەکانی نێوانیشیان بۆ بڕەخسێت، بۆ ئەوەی وەکو حاڵەتێکی زیندووی گشتگیر مامەڵە لەگەڵ وردەکارییەکانی سستمە تازەکەدا بکرێت.

تـەوەری چـوارەمیش، جـەخت لەسـەر تێکست دەکـات، تێکستی پـەروەردەیی، کـە دەکرێت ببێتە تەواوکاری پرۆگرامەکان و لەچەندین قۆناغی خوێندندا سوود بـە مامۆسـتا بـەڕێزەکان و قوتـابی و خوێنـدکارە ئازیزەکـان بگەیـەنێت. مەبەسـتی سـەرەکیش لەبڵاوکردنـەوەی تێکستە پەروەردەییـەکان ئەوەیـە کـە سـەکۆیەکی ئـازاد دابمـەزرێت و دەرگەی داهێنانیش بۆ هەموو بەهرەمەند و پسپۆرانی پـەروەردەیی هەمیـشە واڵابێـت و، بەڕادەی چەندێتی فرەوانبوونی ئاسۆیی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن و پەل هاوێشتنی لـق و پـۆپی سـەنتەرەکانی خوێنـدن، جـۆری هەڵبـژاردەو ئاسـتی ئەسـتوونی پلـە نایابـەکانیش هەڵکێـشانێکی بەرچـاو و دڵخۆشـکەر بـەرەو ئایندەیـەکی گـەش لـەبزافێکی بەردەوامدا بێت.

لەکۆتاییـدا داوا لەمامۆسـتا و پـسپۆرە پەروەردەییـەکان و هـەموو ئەوانـەی خـۆ بەخـەمخۆری ئـەم لایەنـە مـەعریفی و پەروەردەییـەوە دەزانـن، بەشـداری لـەژمارەکانی داهاتوودا بکەن و ئەو تەوەرانەی سەرەوە بە بابەتـە بـەپێزەکانیان دەوڵەمـەنتر بکـەن و هەوڵ بۆ دۆزینەوەی بنەما زانستییەکانی تەوەری نوێتر بدەن.

**سەرنووسەر**

# پەروەردەی ژینگەیی
# Environmental Education

ئەیووب ئەنوەر سماقەیی*

**دەسپێك:**

لەکۆتایی هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا خەڵکانێکی پسپۆر لەبواری گەشەی ئابووریدا وایان خواست کە دەبێت گەشەی ئابووری لەگەڵا ژینگەدا بگونجێت، واتە نەبێتە هۆی پیسبوون و لەناوبردنی سامانە سروشتییەکان و کەمکردنەوەی بەرهەمی زەوی، واتە کۆمەڵێکی نوێخواز دەرکەوتن جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە ژینگە هۆکارێك نییە بۆ گەیشتن بەگەشەی ئابووری بەڵکو لەهەمان کاتدا ئامانجی گەشەی ئابوورییە، واتە گەشەی ئابووری چەند پێداویستییەکانی مرۆڤ دەستەبەرو تێر دەکات.

لەهەمان کاتیشدا دەبێت مەرجەکانی تێکنەدان و پیسنەبوونی ژینگەی تێدابێت لەبەر ئەوەی ژینگە سەرچاوەیەکە بۆ دەستەبەرکردنی سامانە سروشتییەکان کە خۆی لەئاوو هەواو ئەوەی کە لەناوەوەی زەوی و لەسەر زەویدا دەبینێتەوە.

هەروەك دیارە ژینگە ناوەندێکی سروشتییە کە مرۆڤ و زیندەوەرەکان بەشێوەیەکی یەکسان و ئارام تێیدا دەژین کە دەبێتە هۆی بەردەوامبوونی

ژیانی مرۆڤ و بەرهەمهێنانی کە لە خزمەتی مرۆڤ و پێداویستییە سەرەکییەکانیدایە، لەهەمان کاتدا ژینگە وەرگرو چارەسەرکەری ئەو پاشەڕۆیانەیە کە لەئەنجامی کرداری بەکارهێنان و بەرهەمهێنان دروست دەبن، لێرەدا وامان بۆ دەردەکەوێت کە ئارامی و نائارامی ژینگە ڕاستەوخۆ بەهەڵسوکەوتی مرۆڤەوە پەیوەستە.

## پێناسەی ژینگە

وشەی ژینگە لە وشەی سادەی(ژین) و پاشگری( گە) کە وشەیەکی داڕێژراوە ،(ژین)بەمانایی ژیان دێت و(گە)ش بەمانایی شوێنی ژیان دێت،واتا ژینگە بەمانای شوێنی ژیان دێت.

لە پێناسەی کۆنگرەی نەتەوە یەکگرتووەکانی تایبەت بە ژینگەی مرۆڤایەتیدا هاتووە کە لەساڵی (1972) دا لەشاری (ستۆکهۆڵم) لە سوید بەسترا بەم شێوەیە پێناسەی ژینگە دەکات (هەموو شتێك کە دەوری مرۆڤی داوە). ژینگە بریتییە لەو ناوەندەی کە مرۆڤ تێیدا دەژیت، هۆکارەکانی ژیانی تێدا دەستەبەر دەکات. بەواتایەکی دیکە ژینگە بریتییە لە هەموو ئەو شتانەی کە دەوری ژیانی مرۆڤیان داوە، وەك ئەو هەوایەی کە هەڵیدەمژێت، ئەو ئاوەی کە دەیخواتەوە، ئەو زەوییەی کە لەسەری دەژیت و کشتوکاڵ و چالاکییەکانی دیکەی تێدا جێبەجێ دەکات، هەروەها ئەو زیندەوەرو ئاژەڵانەی کە سوودیان لێ دەبینێت. لەژێر ڕۆشنایی ئەم پێناسانەدا دەردەکەوێت کە پێوەندییەکی توندو تۆڵ لە نێوان ژینگەو مرۆڤدا هەیە، کە ناوەندێکی بونیەتی و، دیاریکەری هەڵس وکەوت و چالاکییەکانییەتی، ئاستی ژیانی، لەبەر ئەوە پێویستە مرۆڤ هۆکارێکی نێگەتیڤ بێت، بۆ ئەوەی هۆکارێکی پاراستنی ژیانی خۆی و ئەو ناوەندە بێت کە خۆی و مرۆڤایەتی تێیدا دەژین.

## پەروەردەی ژینگەیی
## Environmental Education

بۆچوونەکان زۆرن بۆ دیاری کردنی مانای پەروەردە ،بەڵام دیارترینیان ئەوەیە کە پەروەردە بریتییە لە خۆگونجاندن و خۆڕاهێنانی مرۆڤ لە گەڵ ئەو ژینگیەی کە تێیدا دەژین ،لێرەدا پەروەردە یارمەتی خۆگونجاندنی مرۆڤ لە گەڵ ژینگەکەیدا دەدات.

پـەروەردەش خـۆی لـەو وانانـەدا دەبینێتەوە کە مامۆستا بـە قوتـابی دەدات و، ئـەو زانیارییانـەی لـە نێـو کتێبەکانـدا هەیـەو ئـەنجامی ئـەو تاقیکردنەوانەی کـە لـە تاقیگەکانـدا دەردەکـەوێت و سـەردانە کرداریـیەکان وەك سـەردانی شـوێنە مێـژوویی و پێـشانگەکان وگـەڕان لـە کارگـەو کێڵگەکان وفەرمانگەکان و هەموو ئەو هۆکارانەی کە لە پرۆگرامی خوێندنـدا بـەکاردەهێنرێن ،ئـەم هۆکارانـە سەرجەمیان یارمەتی فێربوونی قوتابی (یان هەرکەسێك کە دەیەوێت فێربێـت) دەدەن بۆئـەوەی خـۆی لـە گـەڵ ژینگەکەیدا بگونجێنێت.

بۆچوونی یان بـیردۆزی خۆگونجانـدن دەرگە لەسەر دەرکەوتنی چەندین جۆری دیکـەی پـەروەردە وەك پـەروەردەی پیـشەیی و نیـشتمانی تەندروسـتی و مەدەنی و ژینگـەیی والا کردووە،واتـە پەروەردەی خۆگونجاندنی لەگەڵ ژینگەی کۆمەلایـەتی و ژینگـەی سیاسـی و ژینگەی ئابووری و ژینگەی سروشتیدا.

بەشێوەیەکی فەرمی و لەسەر ئاستی نێودەوڵـەتی لـە سـاڵی 1972دا لـە کـۆنگرەی نەتـەوە یـەکگرتوەکان کـە لەشاری ستۆکهۆڵمی پایەتـەختی سـوید بەسـترا، وەك کۆڵەگەیـەك لـە کۆڵەگـەکانی پاراسـتنی ژینگـە دان بەپەروەردەی ژینگەدا نرا ،بەڕاسپاردەی ژمـارە (96) ی تایبـەت بـە نەتەوەیەکگرتوەکان کە داوا لە یۆنسکۆ و ڕێکخراوەکـانی دیکـەی نەتـەوە یـەکگرتوەکان دەکـات هـەنگاوی پێویست بۆ دانانی پرۆگرامی زانستی بۆ پەروەردەی ژینگە لەناو قوتابخانەکان و لـە دەرەوەشـیاندا بنـێن لـەپێناو پاراسـتنی ژینگـەو ئاراسـتەکردنی سەرجەم مرۆڤایـەتی بـۆ تێگەیـشتن و بایەخدان بە ژینگە.

## پێناسەی پەروەردەی ژینگە
## Environmental Education

فێربـوونی چـۆنیەتی بـەڕێوەبردن و چـاککردنی پێوەنـدی نێـوان مـرۆڤ و ژینگەکەی بە شێوەیەکی گشتی.

فێربـوونی چـۆنیەتی بـەکارهێنانی تەکنـەلۆژیای نـوێ و زیـادکردنی بەرهەمەکـەی و دوورخـستنەوەی مەترسـییەکان و چارەسـەرکردنی گرفتەکانی ژینگە و دەرکردنی بڕیـاری ژینگەیی ژیرانەو گونجاو.

## پەروەردەی ژینگە

Environmental Education

بریتییە لە ئامادەکردن و پێگەیاندنی مرۆڤ بۆ ژیانێکی خۆش گوزەران و ئارام لەسەر زەوی.لێرەدا پێوەندی توندوتۆڵی نێوان پەروەردەو ژینگەمان بۆ دەردەکەوێت، بەزاڵبوون و خۆسەپاندنی پەروەردەی ژینگە وەك بوارێکی پەروەردەیی لەسەر بنەمای فەلسەفەیەکی تایبەت و ڕەگ داکوتاوی تایبەت بەخۆی لەژێر هۆکاری تایبەت بەپەروەردەی ژینگە و دیاریکردن و ئاراستەکردنی ئامانجەکانی بەهۆی بەکارهێنانی پێداویستی و فێربوون و بەهێزکردنی ئەم جۆرە لە پەروەردەدا، وەك بەشێك لە پەروەردەی گشتی کە یارمەتی ژیانێکی ئاسوودەو خۆشگوزەرانی بۆ مرۆڤ دەدات، وەك دەردەکەوێت پەروەردەی ژینگە واتە فێربوونی چۆنیەتی بە ڕێوەبردن و چاککردنی پێوەندی نێوان مرۆڤ و ژینگەکەی بەشێوەیەکی گشتی ،بەواتایەکی دیکە فێربوونی چۆنیەتی ڕاهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ و زیادکردنی بەرهەمەکەی و دوورخستنەوەی مەترسییەکان و چارەسەرکردنی گرفتەکانی ژینگەو دەرکردنی بڕیاری ژینگەیی ژیرانەو گونجاو.

لەگەڵ دیارنەبوونی سەرەتای سەرهەڵدانی پەروەردەی ژینگەیی بەشێوەیەکی ڕوون، بەڵام لەوکاتەوە دەرکەوت کە پەروەردە بەسروشتەوە بەستراوەو تێکهەڵکێش کراوە ئەوەش لەبیر نەکەین کە ئایینی پیرۆزی ئیسلام ئاماژەی بەوە کردووە کە مرۆڤ دەبێت بەسۆز و میهرەبانییەوە هەڵسوکەوت لە گەڵ سروشت و ئەو ژینگەیەی بکات کە تێیدا دەژی، بە شێوەیەکی خراپ بەکاری نەهێنێت، بەڵام ئەم جۆرە پەروەردەیە وەك پێویست دەکات بایەخی پێ نەدرا تا سەرەتای ساڵانی حەفتای سەدەی بیستەم نەبێت، کە بە هۆی دەرکەوتنی گرفتە ژینگەییە گەورەکانەوە وەك پیسبوون و لە ناوچوونی سەرچاوە سروشتییەکان و کەمبوونەوەی بەرهەمی زەوی، کە ئەم گرفتانە وایان کرد بایەخ بەهۆشیاری ژینگەیی بدرێت.

## ئامانجەکانی پرۆگرامی نێودەوڵەتی بۆ پەروەردەی ژینگە

1- هاندان و ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕاو زانیاری و شارەزایی تایبەت بە پەروەردەی ژینگەیی لە وڵاتانی جیهان و هەرێمە جوداکاندا.

2- هاندان و پێشخستنی ئەو توێژینەوانەی دەبنە هۆی تێگەیشتنێکی ڕاست لە ئامانجەکانی پەروەردەی ژینگەیی و هۆکارەکان و مادەکانی و تێکهەڵکێشکردنی هەوڵەکان لەم پێناوەدا.

3- هاندانی پێشخستن و بەهێزکردنی پرۆگرامی فێرکردنی پەروەردەی ژینگەیی.

4- هاندانی ڕاهێنان و دووبارە ڕاهێنانەوەی بەرپرسانی پەروەردەی ژینگەیی وەك ڕاهێنانی(مامۆستایەکان، بەڕێوەبەری قوتابخانەکان، کادیرانی پلاندانان، توێژەرەوەکان).

5- دابینکردنی یارمەتی هونەری بۆ وڵاتانی ئەندام لە نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ پێشخستنی پرۆگرامی پەروەردەی ژینگەیی.

ئەم ئامانجانەش لە ڕێگەی پەروەردەوە دەستەبەر دەبن جا چ پەروەردەی فەرمی (Formal Education) کە خۆی لە دامەزراوەکانی وەك باخچەی ساوایان و قوتابخانەکان و زانکۆکاندا دەبینێتەوە، یان پەروەردەی نا فەرمی (Non-Formal Educatin) کە خۆی لە خێزان و هۆیەکانی ڕاگەیاندن و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و شوێنەکانی خواپەرستیدا دەبینێتەوە.

## ئەرکەکانی پەروەردەی فەرمی

لێرەدا باسەکەی ئێمە لەسەر فێرکردنی فەرمییە کە دەکرێت بایەخی پێ بدرێت لە بەر ئەوەی دەتوانێت کۆمەڵێك ئامانج دەستەبەر بکات وەك:

1- ڕاهێنان و تێگەیاندنی قوتابی لەسەر شوێن و پێگەی مرۆڤ لەم زەوییەدا، هەروەها کارلێکردنی مرۆڤ لە ژینگەو بە پێچەوانەوە، تێگەیشتنی قوتابی لەو پێوەندییە توندوتۆڵەی کە لە نێوان مرۆڤ و ژینگەدا هەیە.

2- دەرخستنی کاریگەری زانست و تەکنەلۆژیا لە پێشخستنی پێوەندی مرۆڤ و ژینگە و تێگەیاندن و فێرکردنی قوتابی لەسەر کاریگەرە خراپەکانی کە لە ئەنجامی ناهاوسەنگی ئەم

پێوەندییەدا لەسەر ژیانی مرۆڤ دروست دەبێت.

3- دەرخستنی کارلێکردنی هۆکارە سروشتی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و رۆشنبیرییەکان لە ژینگەدا، لە پێناوی دروستکردنی روانینێکی روون و ئاشکرا لە لای قوتابی لەسەر ژینگە.

4- دەستەبەرکردنی هۆشیاری ژینگەیی لای قوتابی و دەوڵەمەندکردن و ئاراستەکردنی ئەم هۆشیارییە بە ئاراستەی دروستکردنی ئاکارو رەوشت و هەڵسوکەوتێکی جوان لە گەڵ ژینگەدا.

5- جەختکردنە سەر گرنگی هاوکاری نێوان تاکەکانی کۆمەڵ و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە پێناوی زیادکردن و برەو پێدانی ئاستی هۆشیاری ژینگەیی.پێویستە بزانین کە قوتابخانە ناتوانێت ئامانجە پەروەردەییەکانی خۆی دەستە بەر بکات ئەگەر هاتو لە کۆمەڵ دابڕابوو، لەبەر ئەوە پێویستە قوتابخانە لە گەڵ ژینگەو هەموو پێشهاتە نوێیەکانی جیهاندا بگونجێنرێت.

## فەلسەفەی پەروەردەی ژینگە

1- بە جیهانی بیر بکەوە، لەناوخۆ کاربکە.

2- مرۆڤ هۆکاری رووداني گرفتە ژینگەییە ئاڵۆزەکانە.

3- مانەوەو بەردەوام بوونی خۆش گوزەرانی مرۆڤ پشت بەو ئاکارو رەوشتە دەبەستێت کە مرۆڤ هەیەتی.

4- گرنگی کارکردنی تاك وکۆمەڵگەی جیهانی بۆ چارەسەر کردنی گرفتە ژینگەییەکان.

## بنەماکانی پەروەردەی ژینگەیی

1-یەکبوونی ژینگە.

2-بەردەوام بوونی بەدرێژای ژیان Life-Long Education

3-پەروەردەی ژینگەی تەنیا بە لقێکی زانستییەوە پەیوەست نییە.

4- جەخت کردنەوە لەسەر پرسە ژینگەییە ناوخۆیی و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان.

5- جەخت کردنەوە لەسەر بارودۆخی ئەو ژینگەیەی کە هەیە یان کە چاوەڕوان دەکرێت.

## ئامانجەکانی پەروەردەی ژینگەیی

**زانین:** پێدانی دەرفـەتی فێربـوون بـە تـاك و كۆمـەڵ بـۆ بەدەسـت هێنـانی شارەزایی جۆراو جـۆرو تێگەیـشتن لـە ژینگەو گرفتەکانی.

**هۆشیاری:** یارمەتی دانی تاك وكۆمەڵ بۆ دەستەبەرکردنی هۆشیاری و هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی پاراستنی ژینگەو چارەسەرکردنی گرفتەکانی.

**کارامەیی:** یارمـەتی دانـی تـاك و کۆمەڵ بۆ دەسـتەبەرکردنی کارامـەیی بـۆ دیـاری کردنـی گرفتـەکان و چارەسەرکردنیان.

**بۆچوون:** یارمەتیدانی تاك و كۆمەڵ بۆ دەستەبەرکردنی بۆچوون و ڕەوشتێك کە بایەخ بە ژینگەو بە شداریکردنێکی باش و بـۆ پارێزگـاری کردنـی ژینگـە بدات.

**توانای هەڵسەنگاندن:** یارمەتیـدانی تـاك و كۆمـەڵ بـۆ هەڵـسەنگاندنی پرۆگرامە ژینگەییەکان و، دیاریکردنی گرفتـەکان و، دیـاریکردنی کەموکوڕییەکان و ئەو هۆکارانـەی کـە گرفـت دروسـت دەکـەن و نـاهێڵن چارەسەری گونجاو بێتەدی.

**بەشـداری کـردن :** دەرفـەت دان بەبەشداریکردنی تاکەکان و كۆمەڵ تـا چـالاکتر بەشـداری لـەکارکردن بـۆ چارەسـەری گرفتـە ژینگەییـە زۆر پێویست و هەنووکەییەکان بکەن.

## گرنگی پەروەردەی ژینگەیی

بۆ پاراستنی ژینگـە لـە مەترسـی و گرفتەکانی، سێ هۆکاری سەرەکی هەن وەك: ( زانست، یاسا، پەروەردە) بەڵام پـەروەردە بەشـێوەیەکی زۆر زەقـتر و بەرچاوتر دەردەکەوێت لـە بـەر ئـەوەی پەروەردە کەسانی زاناو پسپۆر دروسـت دەکات هەر پەروەردەشە کە مرۆڤـەکان وا لـێ دەکـات گوێڕایـەڵ بـن و یاسـا دۆست و جێبەجێکاری یاسابن.

## چۆنیەتی تێکهەڵکێشکردنی پەروەردەی ژینگەیی لە گەڵ پرۆگرامەکانی خویندندا

**یەکـەم:** یەکـەی سـەربەخۆ(دانـانی یەکەیەکی سەربەخۆ لە گەڵ وانەیـەکی دیکـەدا)ئـەم شـێوەیە پـشت بـەدابینکردنی یەکـەی خوێنـدن یـان وەرزێکـی خوێنـدن لـە یـەکێك لـە وانـەکانی خوێنـدن دەبەسـتێت، یـان ئاراسـتەکردنی پرۆگرامـی بابـەتێکی خوێنـدن بـە شـێوەیەکی تـەواو بـە

ئاراستەیەکی ژینگەیی بۆ نموونە وانەی سەرچاوە سروشتییەکان وگرفتەکانی ژینگە لە کتێبی زیندەوەرزانی لە پۆلەکانی ناوەندیی و دواناوەندی و گرفتەکانی دانیشتووان و گرفتەکانی وزە لە کتێبی جوگرافیا یان دانانی وانەی زانستی زەوی و ژینگە لە قۆناغەکانی ئامادەیی.

**دووەم:** شێوەی تێکهەڵکێش کردن لە گەڵ وانەیەکی دیکەدا.

ئەم شێوەیە پشت بە تێکهەڵکێشکردنی ژینگە دەبەستێت لەگەڵ وانەکانی دیکەی خوێندندا لەڕێگەی دانانی زانستی و گونجاندنی بە بابەتە ژینگەییەکان، لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا دەتوانرێت بابەتەکانی ژینگە تێکەڵ بەوانەکان بکرێت، ئەمەش لەڕاستییدا دەوەستێتە سەر هەوڵ و تێکۆشانی چاودێری پەروەردەیی.

**سێیەم:** وانەیەکی سەربەخۆ

ئەم شێوەیە پشت بە پرۆگرامێکی خوێندنی تەواو دەبەستێت وەك پرۆگرامی خوێندنی سەربەخۆ، ئەم جۆرە بۆ قۆناغی سەرەتایی باخچەی ساوایان لەبارە، لەبەر ئەوەی قوتابیانی ئەم دوو قۆناغە گرفت و دیاردەکان بەشێوەیەکی گشتی و هەمەلایەنانە وەردەگرن بەبێ قووڵ بوونەوەیەکی زانستی ورد، ئەمە لەلایەك، لە لایەکی دیکەوە مامۆستاکانی ئەم دوو قۆناغە دەتوانن وانەکان بەشێوەیەکی ئاسان بڵێنەوە، لەبەر ئەوەی وانەکان ناچنە قووڵاییەکی زانستییەوە.

بەڵام با ئەوە لەبیر نەکەین بۆ گەیشتن بە هەمووئەم ئامانجانەی کە باسمان کرد هەموویان دەوەستێتنە سەر توانا و لێهاتوویی و دڵسۆزی خۆبەختکردنی مامۆستا بەڕێزەکان چونکە مامۆستا لە کۆمەڵی کوردەواریدا سەرچاوەی زانست و داینەمۆی گۆڕانن، لەبەر ئەوە بایەخدان بە مامۆستا لە هەموو ڕوویەکەوە مەرجی گەیشتنە بە ژینگەیەکی ئارام و کۆمەڵێکی مەدەنی.

## ژینگەی قوتابخانە

**یەکەم: شوێنی قوتابخانە**

1- دووری لــە شــەقامە جــەنجاڵ و سەرەکییەکان
2- دووری لە سەرچاوەی ژاوەژاو
3- دووری لە ناوچەی نا تەندروستی و نەشیاو.
4- دووری لــە بینایــە و تــەلار بــۆ وەرگرتنی ڕووناکی و هەواگۆڕکێ.

**دووەم: بینایەی قوتابخانە**

1- ئاراستەیەکی جوگرافی گونجاو بۆ سوودبینین لەتیشکی ڕۆژ.
2- گونجاوی قوتابخانە لەگەڵ ژمارەی قوتابیان.
3- بوونی باخچە.
4- بوونی دیواری دەوری قوتابخانە.
5- بەکارهێنانی مادەی جیاکەرەوەی گەرمی و شێ و دەنگ.
6- گەورەیی دەروازەی قوتابخانە.

**سێیەم: گۆڕەپانی قوتابخانە**

1- فراوان بێت(چوار مــەتر دووجــا) بۆ هەر قوتابییەك
2- بەشێکی سـەری بگیرێـت (نیـو مەتر دووجا) بۆهەر قوتابییەك.
3- بوونی درەخت و دار.

**چوارەم: پۆل**

1- گونجــاو بێــت لەگــەل ژمــارەی قوتابیان.
2- گونجاوی لە ڕوی بیستن و دەنگ.
3- کورسییەکان تەنیا بـۆ دووکـەس بن.
4- بوونی پەنجەرەی بڵند و فرەوان.
5- شـــوێن دانـــان و پێکهاتـــەی کورسییەکان گونجاو بێت.
6- کورســـییەکان بەدیوارەکانـــەوە نەنووسابن و ماوە بۆ هاتوچۆ هەبێت.
7- بـــوونی هۆکارەکـــانی گـــەرم کردنەوەو ساردکردنەوە.
9- بوونی ڕووناکییەکی پێویست.
10- ڕەنگــی دیــوار و بنمیــچەکان ئارام بن و تیشکدەرەوە نەبن.
11- ڕازاندنــەوەی پــۆل بــە وێنــەو نەخشە و ڕووەکی جوان کە شـێوازێکی جوان بەپۆل ببەخشێت بۆ دروستکردنی ئارامییەکی دەروونی.

**پێنجەم: پێداویستییە تەندروستییەکان**

**ئاوی خواردنەوە**

1- بـــوونی یـــەك شـــێرۆکە بـــۆ 20قوتابی
2- بەفیڕۆ نەدانی ئاو
3- بوونی جـامی تایبـەت بـۆ ئـاو خواردنەوە.

**دەست شۆر**

1- گونجانی ژمارەی دەست شۆرەکان لە گەل ژمارەی قوتابیان
4- بوونی ئامێری هەواگۆرکێ
3- وشك کەرەوەی هەوا

**ئاودەست**

1- دانانی بە گوێرەی با
2- گونجانی لەگەڵ ژمارەی قوتابی
3- بوونی ئاو
4- بوونی سابوون
5- وشك کەرەوەی هەوا
6- بوونی ئامێری هەواگۆرکێ
7- بەرزکردنەوەی دەرگەکان و بوونی بۆشایی.

لەو ڕوانگەیەوە پێویستە گەشەی هۆشیاری ژینگە لەڕێگەی پەروەردەی ژینگەوە دروست بێت و بچەسپێت، ئەمەش پێویست بەوە دەکات کادیرانی پەروەردەیی هەر لەباخچەی ساوایانەوە تاکو زانکۆکانمان هەوڵ بدەن هۆشیاری ژینگەیی زیاد بکەن و هۆشیارییەك لای قوتابییان لەسەر پێوەندی مرۆڤ بە ژینگەوە دروست بکەن، بەلاَم هەستکردن و ژیری ژینگەیی بۆ پاراستنی ژینگە بەس نییە ، بەلَکو دەبێت ببێتە ئاکارو خوورەوشت و هەستکردن بە بەرپرسیارییەتی بۆ بەشداریکردن لە پاراستنی ژینگەو دوورخستنەوەی لە پیسبوون و ناهاوسەنگکردنی، بەتایبەت ئەو ژینگە جوانەی کە خوای گەورە بە میهرەبانی خۆی بەم کوردستانە جوانەی بەخشیوە، گرنگی پەروەردەی ژینگەش وای کردووە کە زۆربەی وڵاتانی جیهان سستمێك بۆ پاراستنی ژینگە لە ڕێگەی توێژینەوەی زانستی و کردنەوەی خول و کۆڕو کۆبوونەوەی جۆراجۆرەوە دابنێن بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەیی و دروستکردنی ڕەوشتێکی بەرزو پارێزەر بۆ ئەو ژینگەیەی کە تێیدا دەژی.

بۆیە دەبێت پاراستنی ژینگە لە پەروەردەوە دەست پێ بکات و لەهەموو قۆناغەکانی خوێندندا هەبێت لەگەڵ بایەخدانی زۆر بە قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی بۆئەوەی نەوەیەکی ژینگە پارێز بۆ کوردستان دروست بکەین چونکە کورد گوتەنی (خووگرتی بەشیری بەری نادا بەپیری).

***مامۆستای هاریکار لە بەشی ئابووری لە کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری لە زانکۆی سەلاحەدین**

# نیشانەی نەرێ (نی) لە تەرازووی شرۆڤەکاریدا

د.شێرکۆ بابان
پرۆفیسۆری هاریکار

## 1ـ دەستپێك:

لەهەر جێیەکدا کە ئێمە باسی ڕێزمانی (بوونی ئێستایی) و (هەبوون) مان کردبێت، ئامرازی نەرێ (نی) لەبەرچاو بووەو بووە بە لکێك لە ئاریشەکەدا. هۆی ئەوەش بۆ ئەو ڕاستییە دەگەڕێتەوە کە نیشانەی نەرێ (نی) هەر لەپەرێزی ئەو کارانەدا هەیە و لەڕێزمانی ئەو دوو کارە بترازێت لە هیچ ڕووبەرێکی ڕێزمانی کوردیدا نادۆزرێتەوە. بە واتایەکی تر نیشانەی نەرێ (نی) بارگاوییە بە ماکی کاری بوونی ئێستاییەوەو لەهەر جێیەکدا دەربکەوێت، ئەوا ئەو بوارە ڕێزمانییە بۆ پەرێزی کاری (بوونی ئێستایی) و ئەو کارانە دەگەڕێتەوە کە لێیەوە داڕێژراون. لە ئەم ڕووبەرەشدا نیشانەی نەرێ (نی) هەل و مەرجی خۆی هەیە، وەك (دەمکاتی ڕانەبردوو) و (ڕێژەی ئاشکرا). سەبارەت بە مەبەستی ئەم نووسینە، ئێمە هەست دەکەین کە ئامرازی نەرێ (نی) شایستەی ئەوەیە کە زۆری لەسەر بنووسرێت، بەتایبەتی لە بابەتە تەم و مژدارەکاندا. بۆنموونە، کە دەگوترێت (ئایا تۆ گوێت لێ

نییە؟)، دەچینە سەر کارێك لە چەشنی (گوێ لێ بوون) کە لەسەر توخمی کاری (بوونی ئێستایی) بنیاد نراوە و هەر لەبەر ئەوە، نیشانەی نەرێ (نی) دەرکەوتووە لە کرۆکیدا.

## 2ـ هەل و مەرجی دەرکەوتن:

لەڕووبەری زمانی کوردیدا، ئامرازی نەرێ (نی) چەند هەل و مەرجێکی هەیە بۆ دەرکەوتن وەك:

**یەکەم:** تەنیا و تەنیا هەر لەڕێزمانی کاری (بوونی ئێستایی)دا هەیە، وەك:

**من مامۆستا م : من مامۆستا (نی) م**

**من ....... م : من ......... (نی) م**

**دووەم:** لەکاری (بوونی ئێستایی)دا، تەنیا و تەنیا هەر لەدەمکاتی (ڕانەبردوو)دا دەردەکەوێت و بەهیچ جۆرێك لەدەمکاتی (ڕابردوو) دا دەرناکەوێت. بۆنموونە، ئەو ڕستانەی (خاڵی یەکەم) نیشانەی (نی) هەڵ دەگرن، چونکە لەدەمکاتی (ڕانەبردوو)دان.

**سێیەم:** سەرەڕای ناوەرۆکی خاڵی یەکەم و دووەم، نیشانەی نەرێی (نی) تەنیا و تەنیا هەر لە (ڕێژەی ئاشکرا)دا دەردەکەوێت. بۆنموونە ئەو ڕستانەی (خاڵی یەکەم)، باری (نیازداری) و (گومانداری) هەڵ ناگرن و ئەگەر هەڵیان گرت، ئەوا نیشانەی (نی) دەدۆڕێنن، وەك:

ـ ڕستەی نیازداری:

**من مامۆستا (نی) م : بریا من مامۆستا (نە) بام**

**من ____ (نی) م : بریا من ____ (نە) بام**

ـ ڕستەی گومانداری:

**من مامۆستا (نی) م : ڕەنگە من مامۆستا (نە) بم**

**من ____ (نی) م : ڕەنگە من ____ (نە) بم**

کەواتە، لە ئەو سێ مەرجە بترازێت نیشانەی نەرێ (نی) لەکایەکەدا دەرناکەوێت. لەباری پێچەوانەدا، ئەگەر نیشانەی نەرێ (نی) لەڕیزی سنتاکسیدا بەدی کرا ، ئەوا ئەو سێ مەرجە لەئارادان. یان، ئەگەر (تەم و مژ) دەرکەوت، ئەوا

لەڕێزمانی (بوونی ئێستایی)دا، شارەزانین. ئەگەرنا، هەرچەندە ڕێچکەکە (پێچاوپێچ) بێت، هەر دەبێت بگاتەوە بە کرۆکی کاری (بوونی ئێستایی).

## 3ـ ئامرازی (نی) لەکاری (هەبوون)دا:

وەك کاری بوونی ئێستایی توخمی (هە) وەردەگرێت و دەبێت بە (هەبوون)، لەڕووبەری ئەم کارەشدا، بەهەمان هەل و مەرج، نیشانەی نەرێ (نی) دەردەکەوێت، وەك:

**من هە م : من (نی) م**

**تۆ هە یت: تۆ (نی) یت**

**ئەو هە یە: ئەو (نی) یە**

**ئێمە هە ین : ئێمە (نی) ین**

**ئێوە هە ن: ئێوە (نی) ن**

**ئەوان هە ن : ئەوان (نی) ن**

لەڕاستیدا، توخمی (هە) واتای کاری (بوون) دەگۆڕێت بۆ واتایەك لەچەشنی (هەبوون لە کایەیەکدا)، یان لەگەمەیەکدا، یان هەبوون لەئارادا. لە ئەم ئاستەدا، دەبێت بتوانین ڕێژەکانی ئەم کارە تێنەپەڕە لەڕێژەکانی کاری بوونی ئێستایی هاوێر بکەین ، وەك:

**من م : من هەم**

**تۆ یت: تۆ هەیت**

**ئەوە: ئەو هەیە**

**ئێمەین : ئێمە هەین**

**ئێوەن: ئێوە هەن**

**ئەوانن : ئەوان هەن**

ئەوەی سەیرە، ئەو دوو ڕیزە نموونەیە هەرچەند بە (واتا) لەیەکتری جیاوازن ، بەڵام لەباری (نەرێ) دا دەبنەوە بە (یەکسان)، وەك:

**من ـــ م : من (نی) م**

**من هەم : من (نی) م**

بەکورتی، هەرچەند بابەتەکە پێچی تێ بکەوێت، بەڵام دەرکەوتنی نیشانەی (نەرێ) بریتییە لە (پاساو)ێك بۆ ڕەگێشەی کاری (هەبوون) لەپەرێزی کاری (بوونی ئێستایی)دا.

## 4ـ ئامرازی (نی) لەکاری (بریتی لە ....)دا

وەك کاری (بریتی بوون لە .....) بریتییە لەداڕشتەیەکی کاری (بوونی ئێستایی)، لەڕێزمانی ئەم کارەیشدا نیشانەی نەرێ (نی) دەردەکەوێت، وەك:

ـ باری (ئەرێ):

**ئیشی ئێمە بریتییە لە نووسین**

ـ باری (نەرێ):

**ئیشی ئێمە بریتی (نی)یە لە نووسین**

یان دەگوترێت:

**کاری (هەبوون) بریتییە لەداڕشتەیەکی کاری بوون**

یان لەباری (نەرێ)دا دەگوترێت:

**کاری (هەبوون) بریتی (نی)یە لەداڕشتەیەکی کاری بوون**

لەڕاستیدا، وەك چۆن نیشانەی نەرێ (نی) لەکاری (هەبوون)دا بەهەمان هەل و مەرج دەرکەوتووە، لەکاری (بریتی بوون لە...) یشدا، بەهەمان هەل و مەرج دەردەکەوێتەوە. لە ئـــەم گـــۆشە نیگایەوە، دەتوانرێت نیشانەی نەرێ (نی) بەکاربهێنرێت بۆ ناسینەوەی ئەو کارانەی کە بەڕەگێشە بۆ ڕێزمانی کاری (بوونی ئێستایی) دەگەڕێنەوە.

## 5ـ ئامرازی (نی) لەبوونی بوونایەتیدا:

لەبەرئەوەی کاری (بوونی ئێستایی) خۆی لەکاری (بوونی بوونایەتی) جودا دەکاتەوە، لەپەرێزی کاری بوونی بوونایەتیدا بەهیچ جۆرێك ئامرازی نەرێ (نی) دەرناکەوێت، وەك

ـ کاری بوونی ئێستایی:

**من جوان م : من جوان (نی) م**

کاری بوونی بوونایەتی:

**من جوان دەبم : من جوان (نا) بم**

لەڕاستیدا، نیشانەی (نی) بەهیچ جۆرێك لەپەرێزی کاری بوونی بوونایەتیدا گەمە ناکات، چونکە ئەم کارە ڕووداوێکی ڤیدیۆیی هەیەو دەشێت تۆمار بکرێت، بەڵام کاری بوونی ئێستایی و داڕشتەکانی ڕووداویان تێدا نییە، بەڵام (گرتە) یەك پیشان دەدەن وەك بە کامیرەیەکی ئاسایی گیرابێت و جووڵەی تێدا نەبێت.

## 6ـ نیشانەی نەرێ (نی) لەڕێژەی وەرچەرخاودا:

لە ئەو نموونانەدا کە لەپێشەوە باس کران، ڕێژەی (تێنەپەڕ) بەکارهێنراوە، بەڵام زۆر جاریش نیشانەی نەرێ (نی) لەڕێژەی تێپەڕی وەرچەرخاودا دەبینرێت. لە ئەم گۆشە نیگایەوە، دوو بوار دەڕەخسێت بۆ نیشانەی (نی)، وەك:

**یەکەم:** کاری (بوونی ئێستایی) وەردەچەرخێت بەدیوی (تێپەڕ)دا، بۆ دابینکردنی واتایەك لەچەشنی (هەست کردن بە سەرماو گەرماو بە دەوروبەر)، وەك:

ـ دیوی تێنەپەڕ:

**سەرمایە: سەرما (نی) یە**

ـ دیوی تێپەڕ:

**من سەرمامە : من سەرمام (نی) یە**

**دووەم:** کاری (هەبوون) ی تێنەپەڕ وەردەچەرخێت بەدیوی (تێپەڕ)دا، بۆ دابینکردنی واتای کاری (to have)، وەك:

ـ دیوی تێنەپەڕ:

**من هەم : من (نی) م**

**تۆ هەیت : تۆ (نی) یت**

ـ دیوی تێپەڕ:

**من هەمە : من (نی) مە**

**تۆ هەتە : تۆ (نی) یتە**

یان

**من پارەم هەیە: من پارەم (نی) یە**

**تۆ پارەت هەیە : تۆ پارەت (نی) یە**

بێ گومان، ئەم نموونانەی کە لێرەدا ڕیزکراون، بۆ هەرسێ هەل و مەرجەکە مل کەچن کە بریتین لە:

- گەڕانەوە بۆ ڕەگێشەی کاری (بوونی ئێستایی).
- دەمکاتی ڕانەبردوو
- ڕێژەی ئاشکرا، بەبێ (نیازداری) و (گومانداری).

## 7- مەرجێکی تر بۆ ئامرازی نەرێ (نی):

سەرەڕای ئەو سێ مەرجەی کە لەپێشەوە باسکران مەرجێکی چوارەم هەیە، بەڵام زۆر هوردو ئاڵۆزەو ڕەنگە بە ئاسانی دەستەمۆ نەکرێت. هۆی ئەوەیش دەگەڕێتەوە بۆ هەبوونی (دەمکاتی ئایندە) لەپەرێزی کاری (بوونی ئێستایی و هەبوون)دا. لە ئەم دەمکاتەدا، ڕێژەی ئەم دوو کارە ڕوخساری (دەبێت) وەردەگرێت و ئەم ڕوخسارەیش لەڕێژەی کاری (بوونی بوونایەتی) دەچێت، وەك:

- کاری هەبوون:

**ئەمڕۆ پارەم (نی)یە و بەیانیش پارەم (نا) بێت**

- کاری بوونی ئێستایی:

**ئەمڕۆ سەرمام (نی)یەو بەیانیش پارەم (نا) بێت**

بە سەرنجێکی هورد، دەردەکەوێت کە لەکەرتی دووەمی ئەو دوو ڕستەیەدا نیشانەی نەرێ (نی) دەرنەکەوتووە هەرچەند هەل و مەرجەکانی تر لەئارادان، وەك (کاری بوونی ئێستایی، ڕێژەی ئاشکرا) بەڵام دەمکاتی ڕستەکان بۆ (ئایندە) گۆڕاوە. لە ئەم ڕووەوە، ڕێژەکانی کاری بوونی ئێستایی و هەبوون ڕوخساری کاری بوونی (بوونایەتی) وەردەگرن، وەك:

**- پارەی نابێت**

**- سەرمای نابێت**

لەسەر ئاوازەی (بوونی بوونایەتی):

**- منداڵی نابێت**

لە ئەم ئاستەدا، لێکدانەوەو هوردبینی پێویستە، چونکە هەردوو ڕستەکەی سەرەتا دەمکاتی (ئایندە) بەسەریاندا زاڵە و ڕستەکەی کاری (بوونی بوونایەتی) لەپەرێزی دەمکاتی (ڕانەبردوو)دایە. کەواتە کاری بوونی ئێستایی و هەبوون خۆ لەکارەکانی تر جودا دەکەنەوە، بە ئەوەی کە دەمکاتی (ئایندە)یان هەیە.

## 8ـ ڕابردووی تەواو:

لەدەمکاتی ڕابردووی تەواودا، مۆرفیمی ئێستایی و ماکەکانی کاری بوونی ئێستایی دەردەکەوێت، وەك:

**من (م) : من کەوتوو (م)**

**تۆ (یت) : تۆ کەوتوو (یت)**

**ئەو (ە) : ئەو کەوتوو (ە)**

**ئێمە (ین): ئێمە کەوتوو (ین)**

**ئێوە (ن) : ئێوە کەوتوو (ن)**

**ئەوان (ن): ئەوان کەوتوو (ن)**

بەسەرنجێکی هورد لە ئەو دوو دەستە نموونەیە هەست دەکرێت کە لەڕابردووی تەواودا ڕێژەکانی کاری بوونی ئێستایی بەرجەستەیەو مۆرفیمی ئێستایش لە کەسی سێیەمی تاکدا دەرکەوتووە. لە ئەم گۆشە نیگایەوە خوێنەری ئازیز دەتوانێت سەیری ڕێژەکانی کاری بوونی ئێستایی بکات (م ، یت، ـە ، ین، ن، ن) کە بەئاشکرایی و بە یەکسانی بەهەردوو دەستە نموونەکانەوە دیارن. ئێستایش، ئەگەر نموونەکان بە گشتی بخەینە سەر باری (نەرێ) دەبینین کە جیاوازی هەیە وەك:

**من (نی) (م) : من (نە) کەوتوو (م)**

**تۆ (نی) (یت) : تۆ (نە) کەوتوو (یت)**

**ئەو (نی) (ە) : ئەو (نە) کەوتوو (ە)**

**ئێمە (نی) (ین): ئێمە (نە) کەوتوو (ین)**

**ئێوە (نی) (ن) : ئێوە (نە) کەوتوو (ن)**

**ئەوان (نی) (ن): ئەوان (نە) کەوتوو (ن)**

بەسەرنجێکی هورد و بەراوردەوە دەردەکەوێت کە هەمان سێتە جێناوە (م ، یت، ـە ، ین، ن، ن) لەئارادایە، بەڵام نموونەکانی دەستە چەپ نیشانەی نەرێ (نی) یان وەرنەگرتووە. هۆی ئەم دیاردەیە بۆ ئەو ڕاستییە دەگەڕێتەوە کە لەنموونەکانی دەستە ڕاستدا کاری (بوونی ئێستایی) لەپەرێزی ڕێزمانی خۆیدایە، بەڵام لەنموونەکانی دەستە چەپدا لە ئەرکی ڕۆنانی ڕێژەی (ڕابردووی تەواو)دایەو بریتی نییە لەکاری سەرەکی لەڕستەکاندا. کەواتە، لەنموونەکانی دەستە ڕاستدا، کاری

(بوونی ئێستایی) بریتییە لەکاری سەرەکی و بەپێی هەل و مەرجەکان نیشانەی (نی)ی وەرگرتووە، بەڵام لەنموونەکانی دەستە چەپدا کاری (کەوتن) بریتییە لەکاری ناسەرەکی و نیشانەی (نە)ی وەرگرتووە. کەواتە لەهەر جێیەکدا کە کاری بوونی ئێستایی لە ئەرکی (ڕۆنان)دا بێت ناشێت داوای نیشانەی (نی) بکات.

## 9ـ بوونی ئێستایی لە ڕابردوودا:

لە دوو دەستە نموونەدا، وەك:

**من (نی) م : من (نە) بووم**

**تۆ (نی) یت : تۆ (نە) بوویت**

**ئەو (نی) یە : ئەو (نە) بوو ــ**

**ئێمە (نی) ین: ئێمە (نە) بووین**

**ئێوە (نی) ن : ئێوە (نە) بوون**

**ئەوان (نی) ن: ئەوان (نە) بوون**

چەند سەرنجێك هەیە وەك:

**یەکەم:** نموونەکانی دەستە ڕاست لەدەمکاتی (ڕانەبردوو)دان، بەڵام نموونەکانی دەستە چەپ لەدەمکاتی (ڕابردوو)دان. واتە تەنیا و تەنیا هەر جیاوازی (دەمکات) لەنێوان هەردوو سێتە نموونەکەدا هەیە.

**دووەم:** لە سێتەکەی دەستە ڕاستدا، ئامرازی (نی) دەرکەوتووە، بەڵام لەسێتەکەی دەستە چەپدا نیشانەی (نە) دەرکەوتووە، چونکە لەدەمکاتی ڕابردوودایە.

**سێیەم:** لەنموونەکانی دەستە چەپدا (مۆرفیمی ئێستایی)، ڕێژەکەی کاری (بوون)، بووە بە (بوو) و جێناوەکانیش لە تەشەنەی کاری (بوون) پاك بوونەتەوە. لەنموونەکانی دەستە ڕاستدا، ڕێژەی کاری (بوون) هەیە، بەڵام زۆر بە پەنامەکی و بە ئاڵۆزی.

**چوارەم:** بەپێی ئەوەی گوترا، خودی کاری (بوونی ئێستایی)، کە لە ڕووبەری (ڕانەبردوو) دەرچوو، نیشانەی نەرێ (نی) دەدۆڕێنێت، چونکە کاری (بوو) بە ڕوخسارو بە واتا بەرجەستە دەبێت.

**پێنجەم:** کەواتە دەمکاتی (ڕانەبردوو) بریتییە لەسەنگی مەحەك بۆ نیشانەی نەرێ (نی)، چونکە لەدەمکاتی (ڕابردوو) و لەدەمکاتی (ئایندە)دا وندا دەبێت و نیشانەی (نە) یان (نا) لە جێگەکەی دادەنیشێت.

## 10ـ پێکهاتەی نیشانەی نەرێ (نی):

وەك لەپێشەوە باسکرا، سێ مەرج هەیە بۆ دەرکەوتنی نیشانەی نەرێ (نی) کە بریتین لە:

- کاری بوونی ئێستایی
- دەمکاتی ڕانەبردوو
- ڕێژەی ئاشکرا

لەڕاستیدا، ئەم سێ مەرجە، وەك دیوی دەرەوەی نیشانەی نەرێ (نی) پێك دەهێنن، هەر ئاوهایش لەدیوی ناوەوەدا پێکهاتەکەی دەنوێنن. بە واتایەکی تر، نیشانەی نەرێ (نی) بریتییە لەتێکەڵەیەك کە چوار توخمی ڕێزمانی لەخۆ دەگرێت، وەك:

- توخمی نەرێ (نە).
- توخمی کاری بوونی ئێستایی، (مۆرفیمی ئێستایی).
- توخمی دەمکاتی ئێستایی (لەنێوان ڕابردوو و ڕانەبردوو)دا.
- توخمی ڕێژەیەکی بێگەرد لە گەردیلەی (نیاز) یان لەگەردیلەی (گومان).

بی گومان، دەتوانرێت هێڵکارییەك دروست بکرێت بۆ ڕووباری (کات) و بۆ پردی ئێستایی لەسەر ئەو ڕووبارە، وەك:



بە سەرنجێکی هورد لە ئەو نەخشەیەوەو بە بیر گوشینێکی زانستیانە، بۆمان دەردەکەوێت کە لەهەر جێیەکدا کە نیشانەی نەرێ (نی) هەبێت، لەدیوی (ئەرێ)دا دەبێت مۆرفیمی ئێستایی (ـە) هەبێت.

کەواتە توخمی یەکەم لەنیشانەی (نی) دا، بریتییە لە (نەرێ) و سێ توخمەکەی بریتین لە هەل و مەرجی دەرکەوتنی مۆرفیمی ئێستایی (ـە). بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین:

**نیشانەی نەرێ (نە) + مۆرفیمی ئێستایی (ـە) ← نیشانەی نەرێ (نی)**

کەواتە هەر ڕستەیەك کە مۆرفیمی ئێستایی (ـە)ی تێدا هەبێت، ئەوا لە دیوی نەرێدا نیشانەی نەرێ (نی) پیشان دەدات. لە هەندێك هەل و مەرجدا مۆرفیمی (ـە) وندا دەبێت، بەڵام نیشانەی (نی) ئاشکرای دەکات، وەك:

**من مامۆستام : من مامۆستا (نی) م**

## 11ـ بەرەنجام:

* نیشانەی نەرێ (نی) هەل و مەرجێکی زۆر سفت و سۆڵی هەیە لەدەرکەوتندا، کە بریتییە لە:

یەکەم ـ لە پەرێزی کاری بوونی ئێستاییدا

دووەم ـ لە دەمکاتی ڕانەبردوودا

سێیەم ـ لەڕێژەی ئاشکرادا

لە ئەم سێ مەرجە بترازێت، نیشانەی (نی) لەئارادا نابێت و بۆی مەگەڕێن.

* سەبارەت بە مەرجی یەکەم ئەو کەسەی کە بیەوێت لەبابەتەکە تێ بگات، دەبێت ڕێژەکانی کاری (بوونی ئێستایی) و کاری (هەبوون) بناسێتەوە و تێکەڵیان نەکات بە ڕێژەکانی (بوونی بوونایەتی). بۆنموونە، ئەم ڕێژانەی خوارەوە بۆ ئەم کارەی دوایی دەگەڕێنەوە:

**بەفرەکە دەبێت بە ئاو.**

**منداڵەکە لە دایك بووە.**

**شیلانی منداڵی بووە.**

**تۆوەکە سەوز نابێت.**

* سەبارەت بە مەرجی دووەم، لەدەمکاتی ئایندەی کاری (بوونی ئێستایی) و لەدەمکاتی ڕابردوویدا، مەرجی دەرکەوتنی نیشانەی (نی) دەپووچێتەوە. ئەو کەسەی بیەوێت لەڕێزمانی کاری بوونی ئێستاییدا مەلە بکات بە ڕەوانی، دەبێت بتوانێت دەزووی ڕەش و سپی لە ئاستی ڕێژەی (ئایندە)ی کاری بوونی ئێستایی و ڕێژەی (ڕانەبردوو)ی کاری بوونی بوونایەتی جودا بکاتەوە ، وەك:

ـ کاری بوونی بوونایەتی:

**شیلان زوو گەورە (دەبێت)**

ـ کاری بوونی ئێستایی:

**بەیانی ئەم کاتە شیلان لەوێ (دەبێت)**

* سەبارەت بە مەرجی سێیەم، ئەگەر مەرجی (یەکەم و دووەم)یش بەرجەستە بن بەڵام کە مەرجی سێیەم پەیدا نەبوو، ئەوا نیشانەی نەرێ (نی) ناهێتە ڕیزەوە، وەك:

ڕستەی ئاشکرا:

**بێ گومان من لە ئێوە (نی) م**

ڕستەی نیاز:

**بریا من لە ئێوە (نە) بام**

ـ ڕستەی گومان:

**ڕەنگە من لە ئێوە (نە) بم**

کەواتە، سێ مەرجی بنجی بۆ دەرکەوتنی نیشانەی نەرێ (نی) هەیە و لە ئەو سێ مەرجە بترازێت ئەو نیشانەیە وندا دەبێت.

* ئەو سێ مەرجەی کە لەپێشەوە باسکران، خۆیان لەخۆیاندا بریتین لە هەل و مەرجی دەرکەوتنی مۆرفیمی ئێستایی (ـە). کەواتە، هەبوونی مۆرفیمی ئێستایی لە دیوی (ئەرێ)دا دەبێت بەهۆی دەرکەوتنی نیشانەی نەرێ (نی) لەدیوی (نەرێ)دا.

* دەرکەوتنی مۆرفیمی ئێستایی (ـە) وەك کاری سەرەکی لەڕستەکەدا مەرجەو ئەم بارەیش تەنیا هەر لەدەمکاتی ڕانەبردوودا هەیە. بۆنموونە، لەڕابردووی تەواودا مۆرفیمەکە دەردەکەوێت، بەڵام بریتی نییە لەکاری سەرەکی لەپێکهاتەی ڕستەکەدا.

* لە ڕوانگەی ڕێزمانی کوردییەوە، دەتوانین ڕوو بکەین لە ڕێزمانی عەرەبی بۆئەوەی ڕەگێشەی کاری ناتەواو (لَیسَ) دەربخەین کە بەرانبەر بە نیشانەی نەرێ (نی) دەوەستێت. لەڕاستیدا، ڕێزمانی نیشانەی نەرێ (نی) دەشێت ببێت بە چرایەك بۆ ڕوونکردنەوەی ڕەگێشەی کاری (بوونی ئێستایی) لە زمانانی تردا. لە ئەم ڕووەوە، هەرچەندە زمانی کوردی و زمانی عەرەبی لەیەکتری دووربن، بەڵام لە ئاستی کاری بوونی ئێستاییدا لێك چوون هەیە و میکانیزمەکان بە تەریبی دەچەسپێن. بۆنموونە، لەهەر جێیەکدا کە ڕێژەکانی کاری (لَیسَ) دەربکەوێت، وەك (لَستُ، لستَ، لیسَ، لسنا، لستم، لیسوا)، ئەوا نیشانەی نەرێ (نی) لەئارادایە، چونکە لەهەردوو زمانەکەدا، هەردوو کۆلکەکەی نەرێ هەمان هەل و مەرجیان هەیە. بێ گومان، لەزمانی عەرەبیدا ڕێزمانی کاری (لَیسَ) بەجۆرێکی تر لێك دراوەتەوە، چونکە ڕێزمانی (مۆرفیمی ئێستایی) بەرجەستە نەکراوە.

**سەرچاوە:**


ـ د.شێرکۆ بابان، کۆلکە ڕێزمانییە دوو ڕەگەزەکان، گۆڤاری پەیامی مامۆستا، ژمارە (10)، هەولێر 1998.

ـ مەسعوود محەمەد، چەند حەشارگەیەکی ڕێزمانی کوردی، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا1976.

ـ انطوان الدحداح، معجم قواعد اللغة العربیة، في جداول ولوحات، مکتبة لبنان، بیروت 1997.

# ئەرك و مافەكانی مامۆستا

# ( نموونەی بەریتانیا )

ن : كنیت ئایرلاند

و: موكەڕەم ڕەشید تاڵەبانی

ئەمە سێیەمین بەشی كتێبی (ئەرك و مافەكانی مامۆستا)یە، لەنووسینی (كنیت ئایرلاند) كە (د. محەمەد شەحات ئەلخەتیب) كردوویەتی بە عەرەبی و ئێمەیش بە پێویستمان زانی بیخەینە بەردەستی خوێنەرو پەروەردەكاران بۆئەوەی سوودی لێ وەربگیرێت و یەكەمین بەشی ئەم كتێبە لە ژمارە ( 1 )ی ئەم گۆڤارەدا بلاوبووەتەوە.

(3)

پاژی سێیەم

## ئامادەنەبوون و نەخۆشی

### یەكەم : ئامادەنەبوون

داوا لە مامۆستا دەكرێت لە كاتی خوێندندا لە شوێنی كارەكەی خۆی ئامادە بێت. هەرچی ئەو مامۆستایەیە (كە موتەفەرغ نییەو بە سستمی كات كار دەكات) بەر لەوەی وانەكان بڵێتەوە لەسەر ئەو وانانەو كاتی ئەو وانانە ڕێك دەكەوێت. هەرچی مامۆستای موتەفەڕغە (كە بە درێژایی كاتی خوێندن كار دەكات) كە لە ماوەی وانە گوتنەوە لە هەر كاتێكی ڕۆژی خوێندندا یان لە كۆتاییەكەیدا وانەی نییە بیڵێتەوە ئەوە ناتوانێت

تەلاری قوتابخانەکە تەنانەت بۆ ماوەیەکی زۆر کورتیش بۆ شوێنێکی دوور بەجێ بهێڵێت.

ئەگەرچی ماوەیش هەیە وانەی تێدا نەگوترێتەوە، بەڵام ڕێك دەکەوێت داوا لە مامۆستا بکرێت لەجیاتی هاوەڵەکەی وان بڵێتەوە کە ئامادە نەبووە، ڕەنگە ئەمەیش بەشێوەیەکی لەناکاو ڕوو بدات. یان بەرپرسێك لەدەستەڵاتی فێرکردنی ناوچەیی بەشێوەیەکی بەپەلە پێوەندی بەمامۆستاکەوە دەکات و پێشبینی دەکات ئەو مامۆستایە لەقوتابخانەکە بێت.

لەگەڵ ئەوەیشدا بۆ ئەوەی کارەکە زۆر ئاسانتر بکەین، دەڵێین ئەگەر سەرۆکی بەش قایل بوو مامۆستاکە قوتابخانە بەجێ بهێڵێت ئەو کات مامۆستاکە دەتوانێت ئەو ئیشە بکات. لە زۆربەی قوتابخانەکاندا سستم وا لەئەندمی دەستەی فێرکردن دەخوازێت کە ئارەزوو بکات بچێتە دەرەوەی قوتابخانە ئەگەر بێت و وانەی نەبوو بیلێتەوە، پێویست دەکات بۆ ئەو چوونە دەرەوەیە مۆڵەت وەربگرێت. لە هەندێکی دیکەیدا هەموو ئەوەی پێویستە دەبێت مامۆستا سکرتێری قوتابخانەکە لەوە ئاگەدار بکاتەوە کە بۆ چ شوێنێك دەچێت تا بە لایەنی کەمەوە یەکێك هەبێت ئەگەر پێویستی کرد بزانێت ئەو مامۆستایە بۆ کوێ چووە، بۆ ئەوەی نامەکانی بۆ وەربگرێت و لە هەمان کاتیشدا ئەگەر بێت و ئەم سستمە پێڕەو کرابێت ئەوە پێویست بە ڕەزامەندی بەڕێوەبەری قوتابخانەکە دەکات.

وەرگرتنی مۆڵەت بۆ ئامادەنەبوون و نەهاتنە تەلاری قوتابخانە بۆ ماوەیەکی کورت لە جێگری بەڕێوەبەرەوە یەکسان بەو مۆڵەتە دەبێت کە لە بەڕێوەبەرەوە وەربگیرێت.

(بەڵام ئەگەر بێت و بەڕێوەبەری قوتابخانە بەخۆی مۆڵەتەکە نەدات باشتر وایە مامۆستا سکرتێری قوتابخانەکە ئاگەدار بکاتەوە بۆ ئەوەی هیچ کێشەیەك ڕوونەدات).

تەنیا کەس کە دەتوانێت مۆڵەتی ئامادەنەبوون بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ بدات خودی بەڕێوەبەری قوتابخانەیە، چونکە دەبێت ڕۆژانە ڕاپۆرتێك لە سەر ئامادەنەبوونەوە بۆ نووسینگەی فێرکردن بەرز بکاتەوە تێیدا هۆکارەکانی ئامادەنەبوون ڕوون بکاتەوە لەگەڵ ڕاسپاردەی ئەوەی ئایە

ئەو ئامادەنەبوونە کرێی بۆ حسێب دەکرێت یان ناکرێت.

ئەگەر هات و مامۆستا لەکاتـــــی دیاریکراودا گەیشتە قوتابخانەو ناچار بوو لەکاتی وانە گوتنەوەی ڕۆژانەدا قوتابخانەکە بەجێ بهێڵێت ئەو کارە بەوە حسێب ناکرێت کە ئامادە نەبووە. هەروەها ئەگەر مامۆستا لەکاتی وانەگوتنەوەی ڕۆژانـــــــەدا درەنگتر گەیشتە قوتابخانە یان دواکەوت لەبەر چەند هۆیەك کە لەدەستەڵاتی ئەو بەدەربوون، ئەوە بە ئامادەنەبـــوو ناژمێررێت. شتێکی ئاساییە کارەکە جیاواز دەبێت ئەگەر مامۆستاکە بەردەوام دوابکەوێت، کە ڕەنگە ئەمە ببیتە هۆی لەسەر کاردەرکردنیش.

ڕەنگە دواکەوتن یان ئامادەنەبوون کە مامۆستا ناتوانێت خۆی لێ ڕزگار بکات، یان بەهـــــــۆی دواکەوتنی هۆیەکانی هاتوچۆ، یان نەخۆشییەکی کوتوپڕی مامۆستاکە یان یەکێك لەو کەسانەی لەماڵەوە لەگەڵی دەژین، یان بە هۆی نالەباری کەش و هەواوە بێت. پێویستە مامۆستا تا بۆی دەکرێت بکۆشێت و ئامادە بێت، بەڵام ئەگەر بێت و نەیتوانی ئامادە بێت ئەویش بۆ نموونە بەهۆی بارینی بەفرێکی زۆر، یان بە هۆی لافاوەوە کە لەو بارودۆخەدا هاتوچۆ ئاسان نییە، ئەو کات مامۆستا تەواوی مووچەی خۆی وەردەگرێت بەمەرجێك بەتەلەفۆن پێوەندی بە قوتابخانەوە بکات و هۆیەکان ڕوون بکاتەوە.

لە زۆربەی ناوچەکانـــــی دەستەڵاتی خۆجێیەتیدا دەبینین بەڕێوەبەری قوتابخانە دەستەڵاتی ئەوەی هەیە مۆڵەتی یەك ڕۆژ ئامادەنەبوون بە مامۆستا بدات، بێ ئەوەی مووچەی لێ ببڕێت. هەموو ئەوەی پێویست بە وەرگرتنی یەك ڕۆژ مۆڵەت دەکات هۆی مۆڵەت وەرگرتنەکـــــــــە بۆ بەڕێوەبەری قوتابخانەکـــــــــە ڕوون بکرێتەوە، ئەگەر مامۆستایـــــــــش مۆڵەتەکەی وەرگرت ئەوە هەموو شتیك کۆتایی دێت. ئامادەبوونی دیداری کەسایەتی تایبەت بە کاری مامۆستایەتی لە شوێنێکی دیکە نموونەیەکە لەو نموونانە، ئەگەرچی لە هەندێك حاڵەتدا بەڕێوەبەری قوتابخانە ڕاناسپێرێت مووچەی ئەو مۆڵەت وەرگرتنە بەو مامۆستایە بدرێت ئەگەر بێت و دیدارەکە بۆ کارێکی دەرەوەی کاری وانەگوتنەوە بێت.

هەندێك دەستەڵاتیش مۆڵەتـــــــی ڕۆژێك دەدەن ئەگەر مامۆستا بار

بکات و لە خانوویەکەوە بچێتە خانوویەکی دیکە، تەنانەت ئەگەر مامۆستا لەسەر وانەگوتنەوە لەهەمان قوتابخانەدا بەردەوام بێت، مادامەکێ پێشتر بەڕێوەبەری قوتابخانەی لەو ڕووەوە ئاگەدار کردووەتەوە. هەروەها ناشتنی تەرمی خزم یان یەکێك لە ئەندامانی خێزانی مامۆستا هیچ گرفتێکی ئەوتۆ دروست ناکات لەبەر ئەوەی ڕەنگە دەستەڵات مۆڵەتی سێ ڕۆژ بە مامۆستاکە بدات بۆ ئەوەی ئامادەی ڕێ و ڕەسمی تەرم ناشتنەکە بێت ئەگەر بێت و سەفەرکردنەکە دوازدە سەعات بێت.

## مۆڵەت لەلایەن دەستەڵاتی فێرکردنی ناوچەییەوە

مۆڵەتدان لەلایەن دەستەڵاتی فێرکردنی خۆجێیەتییەوە سەبارەت بە جۆرەکانی دیکەی ئامادەنەبوون لەڕێگەی بەڕێوەبەری قوتابخانەوە وەردەگیرێت. شتێکی ئاساییە مامۆستا مۆڵەتێکی بە مووچەی تەواو وەربگرێت ئەگەر بێت و بەشداری تاقیکردنەوەیەك بکات پێوەندی بە پیشەکەیەوە هەبێت (دەشێت دەستەڵاتی خۆجێیەتی تێچووی ئەو تاقیکردنەوەیە دەستەبەر بکات، بۆیە پێویستە مامۆستایان پێشتر ئاگەداری بکەنەوە)، هەرچی حاڵەتی ئامادەنەبوونی دیکەیە کە بە هۆیانەوە ڕێ بە مامۆستایان دەدرێت: ئامادەی خولی کورت دەبن لەوەی وەزارەتی فێرکردن و زانستەکان یان لایەکی هاوجۆر ڕێکی دەخات (هەمان شت خەرجییەکان دەگرێتەوە) یان ئامادەبوونی ئاهەنگی زەماوەندی خزمان، یان خوێن بەخشین، یان ئامادەبوونی کۆنگرەکانی فێرکردن، بێجگە کۆنگرەی ساڵانە کە سەندیکا پیشەییەکان سازی دەدەن و، ئامادەبوونی بۆنەیەك بۆ ڕێزلێنانی مامۆستا یان هاوسەرەکەی یان کوڕو کچەکانی، لەگەڵ ڕۆژانی جەژندا.

مامۆستا دەتوانێت مۆڵەتی بە مووچەی تەواو وەربگرێت ئەگەر بێت و کارێك ئەنجام بدات پێوەندی بە خزمەتگوزاری گشتییەوە بێت. ڕێ بە دادوەر دەدرێت نزیکەی بیست ڕۆژ لەساڵێکدا لەسەر سەکۆ دانیشێت بەڵام سەبارەت بە زۆربەی چالاکییە گشتییەکانی دیکە ئەو ماوەیە تەنیا نزیکەی دوازدە ڕۆژ دەبێت لە ساڵێکدا.

ئەم چالاکییانە بریتی دەبن لە کارکردن وەك ئەندامێـــــك لە دەستەڵاتی خۆجێیەتی یان یەکیەتی یان سەندیکا یان کارکردن وك ئەندامێکك لە ئەنجوومەنی نیشتمانی خۆجێیەتی یان هەرێمایەتی. هەروەها مووچەی تەواو لە کاتی بەشداریکردن لە دەستەی سوێنددەران یان شایەتیدان لەکاتی هەنگاوی یاساییدا هەرچەند بخایەنێت خەرج دەکرێت. ئەگەر مامۆستا یەکێك لە بەشداربووانی کۆنگرەی نیشتمانی سەندیکای کرێکاران یان سەندیکایەکی پیشەیی بێت ئەوە ساڵانە یەك هەفتە مۆڵەتی بێ مووچەی پێدەدرێت.

تێڕوانین لەبـــــارەی چالاکییە وەرزشییەکانەوە بەپێی ناوچەکانی فێرکردن جیاوازە. ئەگەر پێشبڕکێکان لەسەر ئاستی نەتەوەیی یان جیهانی بوون، ئەوە دەستەڵات پێی خۆشە وەرزشوانیك لەوانەی لای ئەو کاردەکەن لەم جۆرە چالاکییەدا هەبێت، کە ئەمەیش لە خودی دەستەڵاتیشدا ڕەنگ دەداتەوەو، ئەوەیش بۆ مامۆستا دەستەبەر دەکات مۆڵەتی بە مووچەی تەواو وەربگرێت. هەرچی ڕووداوە وەرزشییەکانی نێوان قوتابخانەکان یان دەڤەرەکان یان فیستیڤاڵی میوزیکە ئەوە مۆڵەت وەرگرتن بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەبێت و شتێکی ئاساییە بە مووچەی تەواوەوە دەبێت، بەڵام جارێکی دیکەیش ئاماژە بەوەیش دەکەین کە ئەمە بە پێی تێڕوانینی دەستەڵاتی خۆجێیەتـــــی فێرکردن جیاوازی هەیـــــە (یان تێڕوانینی قوتابخانەی سەربەخۆ ئەگەر هات و سەر بە کەرتی تایبەت بوو).

کاتێك ئەندامی دەستەی فێرکردن بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بێت، ئەوە مۆڵەتێکی گونجاو وەردەگرێت بۆ ئەوەی ئامادەی کۆبوونەوەی بەڕێوەبەرامی قوتابخانەکان بێت (ئەمەیش لە یاسای پاراستنی فەرمانبەرێتیدا دەقاودەق هەیە) بەڵام دەستەڵات لەوە بەرپرسیار نییە لەبری ئەنجامدانی ئەو کارە مووچە یان کرێ بدات.

## دووەم : نەخۆشی

ڕەنگە مامۆستا بەهۆی نەخۆش کەوتنەوە، یان بریندار بوونەوە، یان بەهۆی تووشبوونی پەتایەکەوە ئامادە نەبێت.

ئەو نەخۆشییەی وازهێنان و ماوەی چاکبوونەوەو ڕووداو لەخۆ دەگرێت بەپێشێلکردنی گـــــرێبەست ناهێتە

ئەژمارتن، لیَ کاری خوایە. (بە پێی کێسەکەی دیڤیز کە ساڵی 1911 دژ بە ناوچەی Ebbs Vale تۆماری کرد) هەروەها یاسا ئەوەیشی دیاری کردووە کە (ئەو فەرمانبەرەی لەکاتی نەخۆشی کاتیدا کرێی خۆی وەردەگرێت مادامەکیَ هێشتە گرێبەستی کارکردن کاری پێدەکرێت و هێشتە بەخۆیشی ئارەزووی هەیەو ئامادەیە ئەرکەکانی ئەنجام بدات دوور لەوەی بە هۆی نەخۆشییەکەوە نەتوانێت ئەنجامی بدات).

پێویستە لەماوەی نەخۆش کەوتندا گرێبەستی فەرمانبەری کاری پیَ بکرێت(یان لە حاڵەتی تووشبوون بە نەخۆشییەکی درێژخایـــــەن جۆرە چاوپۆشییەکی تێدا بێت). ئەگەر بێت و مامۆستا خەرێکی ئەوە بێت لەگەڵ خاوەند کارێکی نویَ یان دەستەڵاتێکی نوێی فێرکردندا دەست بە ڕاپەڕاندنی کارەکەی بکات و، بەهۆی نەخۆشییەوە نەتوانێت بەردەوام بێت، ئەوە ئەو مامۆستایە هیچ مووچەیەکی بەرناکەوێت تا بەکردەنـــــی دەست بەکارکردن نەکات.

هەندێك خاوەند کار لە شیکردنەوەی ئەم بڕگەدا ئاسانکاری دەکەن بەڵام ئەو خاوەند کارەی کە بڕیار دەدات مووچە بەو مامۆستایە نەدات ئەوە هەقی خۆیەتی (ئەویش بەپێی کێسەکەی ڕێکس Rex دژ بە ونتەرست ساڵی 1783 کە تا ئێستەیش گونجاوەو کاری پیَ دەکرێت).

هەروەها یاسا ئاماژە بە نەخۆشی کاتی دەکات، بەڵام نەخۆشی بەردەوام بنەمایەکی باشە بۆ کۆتایی هێنانی گرێبەستی کار، لەگەڵ ئەوەیشدا پێویستە کاتی گونجاو بڕەخسێنرێت تا لەوە دڵنیا دەبن ئایە نەخۆشییەکە بەردەوامە یان نا.

## سێیەم: هەنگاوەکان

پێویستە مامۆستای نەخۆش ئەم هەنگاوەی خوارەوە بهاوێت (لەگەڵ ڕەچاوکردنی جیاوازی لە نێـــــوان دەستەڵاتە خۆجێیەتییەکاندا). یەکەم دەبێت دەست بەجیَ بە تەلەفۆن پێوەندی بە قوتابخانەکەوە بکات. ئەگەر نەخۆشییەکە سیَ ڕۆژ یان کەمتر بخایەنێت ئەوە پێویستە لەکاتی گەڕانەوەی بۆ قوتابخانە بەڵگەیەك پێشکەش بکات. لەهەموو حاڵەتێکدا پێویستە بەڵگەکە لە چوارەمین ڕۆژ یان پێشتر بە قوتابخانەکە بگات، بۆ ئەوەی

لەمووچەی مامۆستاکە نەبڕرێت. بەپێی گەڵاڵەنامە یاساییەکان ئەگەر داواکارییەکە بە پۆستەدا ڕەوانە بکرێت ئەوە ئاگەدارییەکە لە ڕۆژی ناردنی نامەکەوە دەست پێدەکات. ئەگەر مۆری پۆستەکە تەواو ڕوون نەبوو ئەوە خاوەن کارەکە گریمانەی ئەوە دەکات کە نامەکە بەر لە دوو ڕۆژ پێش وەرگرتنی داواکارییەکە یان سێ ڕۆژ نێرراوە ئەگەر بێت و ڕۆژی دوو شەممە یان سێ شەممە نامەکە وەرگیرابێت. پێویستە ئاماژە بەوەیش بکەین کە ڕۆژی شەممە بە ڕۆژی کارکردن دادەنرێت، جا لەبەر ئەوەی ئەگەر مامۆستایەك ڕۆژانی چوارشەممەو پێنج شەممەو هەینی ئامادەنەبێت پێویستە داواکارییەك لەو بارەوە پێشکەش بکات، ئەگینە مووچەی چوار ڕۆژی لەدەست دەچێت نەك یەك ڕۆژ. هەروەها ئەگەر مامۆستا ڕۆژێك بەر لە مۆڵەت نەخۆش بکەوێت و تا چوارەمین ڕۆژ داواکارییەك پێشکەش نەکات ئەو کات شایەنی ئەوە نییە مووچە وەربگرێت تا داواکارییەك پێشکەش نەکات.

ئەگەر نەخۆشییەکە بەردەوام بوو پێویستە یازدەمین ڕۆژ بەڵگەنامەیەکی دیکەی نەخۆشی پێشکەش بکرێت، پاش ئەوەیش پێویستە هەموو هەفتەیەك بەڵگەنامەیەك پێشکەش بکرێت. بەپێی گەڵاڵەنامەکانی لەمەڕ کرێ لەکاتی نەخۆشیدا، ئەوە خاوەند کار ڕێی ئەوەی پێ دراوە هەموو کارە پێوەندیدارەکان بە مووچەوە لەیەکەمین هەشت هەفتەی هەر ساڵێکی باج وەرگرتندا چارەسەر بکات، دوای ئەوە مامۆستاکە مووچە لەبری مۆڵەتی نەخۆشی لە دەوڵەت وەردەگرێت، ئەگەر مامۆستا لەکاتی مۆڵەتەکەدا نەخۆش بکەوێت پێویستە بە ڕێگەی ئاسایی دەستەڵاتی خۆجێیەتی ئاگـــــــەدار بکاتەوە، ئەویــــش بەناردنـــــی داواکارییەکی مۆڵەتی نەخۆشی لەگەڵ بەڵگەنامەیەکی خۆیی هاوپێچ لەکاتی گونجاودا. ئەگەر مامۆستا بچێتە نەخۆشخانەو لە نەخۆشخانە بنوێت ئەوە پێویستە لەکاتێکی گونجاودا بە ڕێگەی ئاسایی بەڵگەنامەیەکی خودی بۆ قوتابخانەکەی ڕەوانە بکات، لەگەڵ تێبینی ئەوەی کە ماوەی چاکبوونەوەو مۆڵەت کە نۆژدار ڕایدەسپێرێت و پێشنیاری دەکات دەکەوێتە چوارچێوەی مۆڵەتی نەخۆشییەوە کە مامۆستا هەقی ئەوەی هەیە مووچەی لەبر وەربگرێت.

ماوەی ئامادەنەبوونی کورت کورت پێویست بە بەڵگەنامـــــەی پزیشك

ناکات، بەڵام ڕەنگە خاوەند کار داوای بینینی ئەو بەڵگەیە بکات. بەڵگەی دیکەی نەخۆشی هەن کە دەشێت پەسەند بکرێن وەك بەڵکەنامەی دکتۆری ئێسك یان دکتۆری چارەسەرکردنی بڕبڕەی پشت بە دەست، یان چارەسەرکردن بە دەرزی ئاژن یان گژوگیا. لە ڕاستیشدا هەر داواکردنێکی مووچە لە دەوڵەت بەهۆی نەخۆشییەوە پێویستە لەچوارچێوەی پشت بەستن بە یەکێك لەو شێوازانەی پێشوو پشت ڕاست بکرێتەوە.

ئەگەر مامۆستا چەند جارێك لەماوەی ساڵی خوێندندا ئامادە نەبوو، ئەوە خاوەند کار مافی ئەوەی هەیە داوا لە مامۆستا بکات پشکنینی پزیشکی بۆ بکرێت کە بەرپرسی پزیشکی سەر بە خاوەند کارەکە ئەنجامی دەدات. ئەگەر خاوند کارەکە زۆر بەگومان بوو، هەروەها چوار داواکردنی مۆڵەتی نەخۆشی لەماوەی چوار تا حەوت ڕۆژ لە دوازدە مانگی ڕابوردوودا هەبوو، ئەو کات خاوەند کارەکە داوای یارمەتی لە بەرپرسی چاودێری تەندروستی دەکات DUSS.

3/1 وشەی بەردەوام ئەوە دەگەیەنێت کە نەخۆشییەکە یان هەر ڕێگرێك یان نوقستانییەکی دیکە پێشبینی ئەوەی لێناکرێت چاك ببێتەوە بە پێی گفت و شایەتی یەکێك لەو بارەیەوە. ئاکام ئەو کەسەی نەخۆشە توانای ئەوەی نابێت جارێکی دیکە بگەڕێتەوەو وانە بڵێتەوە. دەرماڵەی حاڵەتی نەخۆشی کە دەستەڵاتدارانی خۆجێیەتی دەیدەن بەگوێرەی مەرجەکانی نەتەوەیی خانەنشین بوون لە فەرمانبەری ئەنجام دەگرێت. ئەم دەرماڵانەیش نزمترین سنووریان بۆ دانراوەو هەر دەستەڵاتێکی خۆجێیەتیش دەکارێت ماوەکەی زیاد بکات.

سەبارەت بە زۆربەی حاڵەتە نەخۆشییەکان یان ڕووداوەکان یان بەرکەوتنەکان دەبینین ئەوپەڕی سنووری دیاریکراوی ڕێ پێدراو بەپێی خزمەتی مامۆستاکە لەگەڵ ئەو دەستەڵاتەدا دەگۆڕێت. لە ماوەی یەکەمین ساڵی خزمەتدا مامۆستا مافی ئەوەی هەیە کرێی تەواو لەو ماوەیەی یەکسانە بە بیست و پێنج ڕۆژی کارکردن، نیوەی کرێی ئەو ماوەیەی یەکسانە بە پەنجا ڕۆژ کارکردن وەربگرێت، بەڵام مامۆستا مافی ئەوەی نییە ئەو نیوە کرێیە وەربگرێت ئەو کاتە نەبێت کە چوار مانگی لە خزمەتکردندا تەواو

کردبێت. لەماوەی دووەمین ساڵـــدا مامۆستا دەتوانێت کرێی تەواوی پەنجا ڕۆژ وەربگرێت و دەتوانێت نیوە کرێی پەنجا ڕۆژی دیکەی کارکردن وەربگرێت. لە سێیەمین ساڵدا ژمارەی ڕۆژەکان دەگەنە حەفتاو پێنج ڕۆژ، دوای ئەوەیش دەبنە ســـەد ڕۆژ.

ساڵی کارکردن لە یەکەمین ڕۆژی نیسانەوە دەست پێدەکات و لە 31 ی ئاداری ساڵی دواتر کۆتایی دێت، بەڵام ئەگەر مامۆستا لەڕۆژێکی دیکەی جگە یەکی نیسان لای ئەو دەستەڵاتە دەستی بەکارکردن کرد ئەو کات خزمەتەکەی وا بۆ حسێب دەکرێت لە نیسانی ڕابوردووەوە دەستی پێ کردبێت.

نەخۆشی سیل بە حاڵەتێکی تایبەتی دادەنرێت. ئەگەر مامۆستا تووشی ئەم نەخۆشییە ببێت ئەوە ئامـــادەی قوتابخانە نابێت تا بە تەواوەتی چاك دەبێتەوە. کە دەگەڕێتەوە مامۆستا مافی ئەوەی هەیە کرێی دوازدە مانگی تەواو وەربگرێت. لە مـــاوەی نەخۆشییەکەدا دەشێت هەر بڕە پارەیەکی پێوەندیدار بە یاساکانی دڵنیایی نەتەوەیی لەمەڕ (بەرکەوتن یان تووشبوونەکانی کاتی کارکردن)ەوە ببڕرێت وێڕای هەر شتێکی دیکەی پێوەندیـــدار بە دەرماڵـــــــەی چارەسەرکردنەوە کە وەزارەتی مووچە دەیدات.

## 3/2 نەخۆشی پەتاو درم

ڕەنگە مامۆستا ناچار بێت ئامادەی قوتابخانە نەبێت ئەویش لە ئاکامی تووشبوونی بە نەخۆشییەکی درم و پەتا کە کەسێکی دیکە لەوەوە تووشی دەبێت. لەم حاڵەتـــەدا مووچەی نابڕرێت، چونکـــە ئەم پەتایە خواکردەنییەو مرۆڤ دەستەڵاتی تێدا نییە. بۆیە ئامادەنەبوون بۆ قوتابخانە بەهۆی نەخۆشی درم و پەتاوە ناچێتە چوارچێوەی ئەو ڕۆژانەی ئامادەنەبوونی ساڵانەوە کە ڕێی پێ دراوە.

لە قوتابخانەدا لیستێکـــی ئەو نەخۆشی و تووشبوونەی درم و پەتایانە هەیە کە داوا لە مامۆستا کراوە ئامادەی قوتابخانە نەبێت ئەگەر تووشیان بوو ئەوەیش لەبەر ئەوەی نەوەك کەسانی دیکە لێوەی تووش بن لەوانەیش :

- دفتریا: تا بەرپرسی پزیشکی لەوە دڵنیا دەبێت کە نیشانەکانی نەماون.

- دیزانتریا: ئەگەر ڕەوانی لەگەڵ بوو، ئەمە مامۆستایانی ئابووری ماڵەوەیش دەگرێتەوە ئەوانەی کارەکەیان پێوەندی بە خواردنەوە هەیە، ئەوانە ئامادە نابن تا بەرپرسی پزیشکی بڕیار دەدات بگەڕێنەوە؟

- ژەهراوی بوون بە خواردن: بە هۆی تووشبوون بە دیزانتریا.

- سوورێژە: ئەگەر خوران و چاو سووربوونەوەی لەگەڵدا بوو.

- ئیفلیجی منداڵان: ئەگەر هات و مامۆستاکە سەر لە نەخۆشەکە بدات، ئەو کات پێویستی بە کوتان و ئامادەنەبوون بۆ ماوەی سێ هەفتە هەیە.

- تیفۆئید: تا بەرپرسی پزیشکی بڕیار دەدات کە نەماوە.

- ئاوڵە: ئێستە ئەم نەخۆشییە لە جیهاندا نەماوە.

بەڵام ئەگەر مامۆستا تووشی ئەم پەتایە هات ئەو کات ئامادەی قوتابانە نابێت تا بەرپرسی پزیشکی بڕیار دەدات کە مامۆستاکە توانای هەیە ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات.

## 3/3 **بەرکەوتن ( تووشبوون )**

ئەگەر مامۆستا لە کاتی کارکردندا بەر بکەوێت (تووشی ڕووداوێك ببێت) ئەوە مافی ئەوەی دەبێت لە یەکەمین بیست و شەشەمین هەفتەدا قەرەبووی تووشبوونی ڕووداو لەکاتی کارکردندا بکرێتەوە.

پێویستە هەر مامۆسنتایەك لەکاتی کارکردندا تووشی هەر ڕووداوێك دەبێت ئەگەر بتوانێت یەکسەر بە ڕاپۆرتی ڕووداوە ئاساییەکان بەرپرسان لە ڕووداوەکە ئاگەدار بکاتەوە (کاتی کارکردن ئەو کاتەیش دەگرێتەوە کە مامۆستا لە دەرەوەی دەوامی فەرمی بەسەری دەبێتت. بەڵام کاتی هاتن لە ماڵەوە بۆ سەرئیش و لە سەر ئیشەوە بۆ ماڵەوە ناگرێتەوە).

دەبێت دەستەڵاتی خۆجێیەتی بەدرێژایی ماوەی ئامادە نەبوونی

مامۆستا بە هۆی تووشبوونی ڕووداو لەکاتی کارکردندا مووچەی ئەو مامۆستایە بدات، هەروەها دەبێت قەرەبووی مامۆستایش بکاتەوە لەبری هەر زیانێك ڕوو بدات کە بەبێ چوونە لای دادگە لەسەری ڕێك کەوتوون.

هەر کەسێك تووشی ڕووداوێك بوو و نەیتوانی بۆ ماوەی سێ ڕۆژ یان پتر ئامادە نەبێت ئەوە بەرپرسی خۆی لەو ڕووداوە ئاگەدارر دەکاتەوە. ئەگەر ڕووداوەکە بەهۆی پێشیلکردنی یاسای تەندروستی و ئەمانی ساڵی 1974وە بێت ئەو کات سکاڵانامەیەك بۆ چاودێری ڕاپەڕاندنی سەر بەتەندروستی و ئەمان بەرز دەکرێتەوە.

## 3/4 مۆڵەتی منداڵبوون

ئافرەتی مێرنەکردوو مۆڵەتی منداڵ بوون وەرناگرێت، بەڵام دەستەڵاتی خۆجێیەتی لەم بارەیەوە دەستەڵاتی خۆی بەکار دەهێنێت. پێویستە ئافرەتی بەمێرد بەر لە شازدە هەفتە پێش کاتی پێشبینیکـــــــــــراوی منداڵبوونەکە داواکاری مۆڵـــــــەت وەرگرتن پێشکەش بکات، پاش ئەوە یازدە هەفتە مۆڵەتی پێدەدرێت و چوار هەفتەی بە مووچەی تەواوو حەوت هەفتەی بۆ ئامادەنەبوون. ئەگەر بێت و منداڵە لەدایکبووەکە بمرێت ئەو کات ماوەی مۆڵەتەکە دەکرێتـــــــــــە چوار هەفتەی پاش منداڵبوونەکەو دایکەکە نیوەی کرێی ئەو ماوەیەی پێدەدرێت کە دەکەوێتە پاش یەکەمین چوار هەفتەکەوە. ئەمەیش کەمترین ماوەیە کە ڕێی پێدرابێت و ڕەنگە دەستەڵات دەستەڵاتەکانی خۆی بۆ درێژکردنەوەی ئەو ماوەیە بەکار بهێنێت.

دەبێت لەڕێگەی دایکەوە داوای دەرماڵەی فەرمی منداڵبوون بکرێت، دەستەڵاتی خۆجێیەتی دەتوانێت لەو پارەیە کەم بکاتەوە ئەگەر هات و وێڕای نیوەی کرێی ساڵانەی تەواوی مامۆستا لەماوەی ئەو هەفتانەی کە شایەنی ئەوەیە کرێیان لەبر وەربگرێت. دەستەڵاتی خۆجێیەتی گرێمانەی ئەوەی داناوە کە هەموو مامۆستا ئافرەتە بەمێردەکان دەرماڵەی تەواوی دڵنیایی نەتەوەیی وەردەگرن.

سەبارەت بە وەرگرتنی مووچەی تەواو لەبری منداڵبوون یەك مەرج هەیە، ئەویش ئەوەیە کە مامۆستا ئافرەتەکە بە لایەنی کەمەوە دوای

سێزدە مانگ دوای منداڵبوون دەست بەکار ببێتەوە ئەویش لەو ڕۆژەوە کە پزیشـــك بڕیـــار دەدات دەتوانێت ئەرکەکانی جێبەجێ بکات، ئەگەر ئەو ڕۆژەیـــش هـــــاوکات بوو لەگەڵ مۆڵەتەکەدا ئەوە بە بەشێك لە سێزدە هەفتـــەکــــە دەژمێـــــرڕێت.

بۆ مسۆگەرکردنی گەڕانەوەی مامۆستا ئافرەتەکە بۆ سەر کار دەشێت مووچەی لەمەڕ ماوەی مۆڵەتی پاش منداڵبوون ڕابگیرێت تا مامۆستاکە بۆ سەر کارەکــــەی بگەڕێتــــەوەو، دەستەڵاتـــــی خـــۆجێیەتـــی دەتوانێت داوای گەڕاندنەوەی هەر بڕە پارەیەك بکات کە بڕوای وایە گونجاوە.

ئەگەر پزیشك دووپاتی پێویستی درێژکردنەوەی مۆڵەتی منداڵـــبوون بکاتەوە لەبەر ئەو هۆیانەی پێوەندییان بە سك پڕییەوە هەیە ئەوە ئەو ماوەیە بە بەشێك لە مۆڵەتی نەخۆشیی ساڵانە دەژمێررێت.

بەپێی یاسای پاراستنی فەرمانبەری ساڵی 1975 ئەوە مامۆستای ئافرەت ئەو مافەی هەیە بۆ پلەو پایەی جارانی خۆی بگەڕێتەوە ئەگەر هات و بۆ ماوەی دوو ساڵ لای هەمان خاوەندی کار ئیشی کردبێت. هەروەها مافی ئەوەی هەیە لەماوی چل هەفتەدا بۆ سەر کارەکەی خۆی بگەڕێتەوە. ڕێگەیەکی دیکەیش لەبری مۆلەتی منداڵبوون هەیە ئەویش ئەوەیە مامۆستای ئافرەت لە کۆتایی ئەو وەرزەی خوێندندا کە بۆ وێ شیاوە دەست لەکار بکێشێتەوەو مافی ئەوەیشی هەیە لەهەر کاتێکدا ئامادەیی هەبوو بگەڕێتەوەو وانە بڵێتەوە.

## 3/5 حاڵەتی دیکەی ئامادەنەبوون

چــــــەنــــد حاڵەتێکـــــــی دیکــــــەی ئامادەنەبـــــوونی قوتابخانە هەن لەوانە تەنسیب کردنی مامۆستا بۆ زانکۆ یان کۆلێژێك لە کۆلیژەکان، شتێکی ئاساییە کە مامۆستا لەماوەی ئەو تەنسیب کردنەدا تەواوی مووچەی خۆی وەردەگرێت.

ڕەنگە مامۆستـــــــا مۆڵەتـــی ئامادەنەبوونی بۆ هەمان کار پێبدرێت

نەك تەنسیب کردن بەبێ ئەوەی مووچە وەربگرێت. بەر لە ڕەزامەندی وەرگرتن لەسەر تەنسیب کردن بۆ ماوەی یەك وەرزی خوێندن یان ساڵێکی تەواو باشتر وایە مامۆستا لەوە دڵنیا بێت ئایە تەنسیب کردنەکەی بە گوێرەی سستمی مووچەی تەواوە یان تەنیا ئامادەنەبوونی بێ کرێو مووچەیە، پێویستە نووسراوێکی لەمەڕ مۆڵەتی ئامادەنەبوونی پێ بدرێت بۆ ئەوەی دەستەڵات ڕای خۆی نەگۆڕێت.

تەنسیب کردن بۆ کارکردن لەودیوی دەریاکان بەگشتی بۆ یەك ساڵ دەبێت و تەنیا ولاتانی کۆمۆنوێلس دەگرێتەوە. لەکۆتایی ماوەکەدا پێویستە مامۆستاکە بۆ خزمەت کردن بگەڕێتەوە سەر خزمەتکردن و بەپێی توانا لەو ئەرك و پلەو پایەیەی کە بەر لە تەنسیب کردن کاری تێداکردووە. هیچ شتێکیش ڕێ لە مامۆستای تەنسیب کراو ناگرێت دوای گەڕنەوە داواکارییەك بۆ پلەیەکی دیکەی بە مووچەی بەرزتر پێشکەش بکات بەڵام پابەندبوونی دەستەڵات ئەوەیە کە پێشتر باسمان کرد.

هەرچی ئەو مامۆستایانەیە کە ئارەزوو دەکەن لە ولاتانی کۆمنوێلس کار بکەن ئەوە پێویستە لەوە دڵنیا بن ئایە ئەو کارەیان لەچوارچێوەی تەنسیب کردن یان ئاڵ و گۆڕکردنی مامۆستایاندا دەبێت.

ئەگەر کارەکە تەنسیب کردن بێت ئەوە کارەکە بەو شێوەیە دەبێت کە پێشتر باسمان کرد، بەڵام ئەگەر ئاڵ و گۆڕکردنی مامۆستایان بێت ئەوە کارەکە بە ئاڵ و گۆڕکردن دەژمێررێت لەگەڵ مامۆستایانی بیانیدا، لە کۆتایی ماوەی ئاڵ و گۆڕکردنەکەدا هەر هەموویان بۆ هەمان کاری خۆیان لە هەمان قوتابخانە دەگەڕێنەوە.

ئەگەر کارەکە تەنسیب یان ئاڵ و گۆڕکردن نەبێت ئەو کات مامۆستا مافی ئەوەی نییە بچێت لای دەستەڵاتی خۆجێیەتی پێشوو کار بکات.

**- ماویەتی -**

# هونەری سەردان

و: پەروەردە و فێرکردن

زۆر جار لەکاتی کارکردن و بوارەکانی دیکەی ژیاندا پێویستیمان بە سەردانی تاکە کەسی و ماڵ و هاوڕێیان و ناسیاوان دەبێت، یان سەردانی هەندێك کەس دەکەین لەشوێنی کارەکانیاندا، بەتایبەتی لەبواری کاری کۆمەڵایەتی و فێرکارییەوە، بەتایبەتیش بۆ قوتابخانەی فێربوونی گەوران و پرۆگرامەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری.

پێویستە مامۆستا سەردانی خانەوادەی فێرخوازان بکات، بەتایبەتی سەردانی بەخێوکەری ئەو قوتابیانە دەکرێت کە لە خوێندن دادەبڕێن و دوا دەکەون، لەبەر هەندێك پێویستە ئەو بەخێوکەرانە سەردانیان بکرێت و بانگ بکرێنە قوتابخانەو کۆبوونەوەیان لەگەڵدا بکرێن.

هەروەها لەژیانی رۆژانەشدا سەردانی کەسوکاری خزم و دۆست پێویستی بە جۆرە هونەرێك هەیە.

## 1 ـ بۆچی سەردان هونەرە؟

لەبەر ئەم خالأنەی خوارەوە سەردان بەهونەر دەژمێررێت.

*جۆرێك داهێنانی تێدایە.
*رێکخراوەو ئامانجەکانی دیارن.
*هەلّدەسەنگێنرێت و دەتوانرێت ئەنجامەکانی بپێورێت.
*سەرەتاو ناوەرۆك و کۆتایی هەیە.
*زۆ لایەنەیەو پەیامێك هەلّدەگرێت.
*پێویستی بە کارامەیی هەیە لە:

چوونە ژوورەوە، رەفتار، بەرێوەبردنی دانیشتەکە، بەشداری موداخلە هەمەجۆرەکان دەکرێت، هەلّسەنگاندن و چاککردنەوەی شێوازی سەردانەکە، هەلّسوکەوت کردن لەگەلّ زۆر کەسدا.

## 2 ـ سەردانی کێ دەکەین؟

لە بواری کارکردنی مامۆستا لە نەهێشتنی نەخوێندەواری و فێرکردنی گەوراندا ، پێویستە سەردانی کەس و لایەنی پێوەندیداری حکوومی و ناحکوومی بکرێن بەتایبەتی ئەوانەی راستەوخۆو ناراستەوخۆ پێوەندییان بەقوتابخانەوە هەیە، لەوانەش:

*بەخێوکەری فێرخواز.
*فێرخوازەکان خۆیان.
*کتێبخانەی قوتابخانە نزیکەکان.
*یەکە تەندروستییەکان.
*ئیدارەی قوتابخانەکان
*کۆمەلّەی پەرەپێدانی کۆمەلّگە.
*شوێنی دیکەش.

## 3 ـ بۆچی سەردان دەکەین؟ ئامانج لەسەردان چییە؟

لەبەر ئەو چەند هۆکارانەی خوارەوە پێویستە مامۆستا سەردانی کەسوکاری قوتابی و فێرخوازان و کەسانی دیکەش بکات وەك:

*بەهێزکردنی پێوەندییە کۆمەلأیەتییەمان.

*رێنمایی کردن.
*گەیاندنی زانیاری.
*دەسکەوتنی بیرۆکە یان راوبۆچوون وەرگرتن.

*ناساندنی ئاراستەکان و بارودۆخی خوێندن.

*لەبواری بۆنە تایبەتییەکاندا.

*لەپێناو هۆکاری خێزان و قوتابخانە.

*بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی و قەناعەت پێکردنی بەخێوکەری قوتابی دابڕاو.

**4 ـ قۆناغەکانی کرداری سەردان:**

سەردان لەمانە پێك دێت:

**1 ـ پێش سەردان:**

أ ـ ئامادەکاری لایەنی دەروونی بۆ سەردانەکە (تێفکرین و لەگەڵ خۆ دوان، پلانی سەردان، دەستنیشانکردنی سەردان و ئامادەکردنی پرسیار و وەڵامەکان، خاڵە سەرەکییەکانی سەردان، زەمەنی کۆتایی سەردان، بابەتی قسە لەسەر کردن لەسەردانەکە، ڕوونی و ئاشکرایی بابەتی سەردان و دیاریکردنی وردەکارییەکانی سەردان و بەر لەئەنجامدانی.

ب ـ ئامادەکاری گشتی لەلایەنی (ڕوخسار، هەڵبژاردنی قسەکان، شێوازو ڕەفتار).

**2 ـ لەکاتی سەرداندا:**

أ ـ ئیدارەکردنی دانیشتنی سەردانەکە بەسەرکەوتوویی، ئەوکەسەی کە سەردان و دانیشتنەکان سازدەکات پێویستە ئیدارەکە بەجوانی بکات، بەتایبەتی جەخت بکاتە سەر ئامانج و ئامادەکاری بۆسەردانەکەو دەتوانین سەردان بەسەر چەند بەشێکدا دابەش بکەین:

***پێشەکی:** پێشوازی و هەواڵ پرسین لەتەندروستی و جۆری کارکردن، ئامادەکردنی گوێگرو ناساندنی کەسەکان و ئامانجی سەردانەکە.

***بابەت:** خستنە ڕووی بابەتی سەردان و سەرەتایەك بۆسەردانەکەو ئامانج لەم سەردانە چییە؟

***کۆتایی:** دەستنیشانکردنی خاڵی ڕێککەوتن لەسەر پلانی کارکردن و دانانی هێڵێکی ڕاست و دیار بۆ کۆتایی هێنان بەدانیشتنەکەو لەپاش سوپاسگوزاری بەیەك گەیشتن و پێشوازی لێکردن.

ب ـ بەهێزی تێبینیکردن لەکاتی سەرداناو بەستنەوەی بە(دۆزینەوەی کەسانی کارلێکەرو چۆنیەتی ڕەفتارکردن لەگەڵیاناو، شیکردنەوەی واقیعی سەردانەکە، دۆزینەوەی خاڵی نادیارو دیاری گفتوگۆکان.

جـ ـ لەبەر چاوگرتنی کارامەیی لەکاتی سەرداندا، بەکارهێنانی پرسیاری ڕوون و کراوە، زەیندان و

هەست ڕاگرتن و تێبینـــی کـــردنی پێوەندییەکانی خـــۆت ئـــەوان و بەشـــداریکـــردنی کەسانێك کەلە کۆبوونەوەو سەردانەکەدا ئامادەن هەروەها قسـەکردنـــی لەگەڵیانـــدا بەناوهێنان، لەکاتی ئاخافتندا پێویستە قسەکان ئاشکـــراو وشـــەی سادەبن لەبەکارهێنان و خـــۆ دوورگرتـــن لە پرسیاری توندوبریندارکەر.

**3 ـ لەپاش سەردان:**

پێویستە سەردانەکە هەڵبسەنگێنرێت و کەسی سەردانیکـــــەر هەندێك پرسیار ئاراستەی خۆی بکاتەوە.

*ئامانجەکانی سەردانە چین و ئایا ئەو ئامانجانەی پێکاون؟

*دەستنیشانکردنی ئەو سەردانانەی کە پێویستە لەداهاتوودا ئەنجام بدرێت، ئەگەر یەکەم سەردان ئامانجەکانی نەپێـــکـــابـــوو، هـــەروەهـــا کاتـــی سەردانەکانی دیکە، دەستنیشان بکرێن و گونجاو بن.

**4 ـ لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەدا چی بکرێت؟**

لەخـــــوارەوە چەنـــد ئاگـــــادارییەك دەخەینە بەردەست ئەگەر ڕووبەڕوونەوە پەیدا بوو و پێچەوانەی بۆچوونەکان دەرچوون.

* لێکۆڵینەوە لەو خاڵانەدا بکرێن کە لەسەری کۆکن و لەوێوە دەست نیشان بکرێ تاکو دەگەینە ئەو خاڵانەی مەبەستە بیانگەینێ.

* دەرچوون و خـــۆدزینــــــــــەوە لەبابەتەکە بەقسەی خۆش و پێکەنین و ڕووی نەرم و پاشـــــان گەڕانەوە بۆ بابەتەکە.

* پشت بەستن بە قسەو ڕاوبۆچوونی ئەو کەسانەی کە لە دانیشتنەکـــەدا لەگەڵتدا کۆك و هاوڕان.

* چوونە ناو بابەتەکـــە بەشێواز و ڕێ گۆڕین.

www.almualem.net

# ڕابەرێ هاریکار
# بۆ مامۆستایێن زمانێ ئینگلیزی

**ئا : ڕەشید تەیب**

**پشکا سێیێ :**

**ئەڤ بابەتە بەشەکە ژکتێبەکا ڕابەری هاریکار بۆ مامۆستایێن زمانێ ئینگلیزی، کو ژئالیێ مامۆستای پسپۆرێ زمانێ ئینگلیزی ( ڕەشید تەیب )یڤە هاتبوو ئامادەکرن و، تەڤاڤیا وێ وەکو ئەڵقە دێ ل سەر ڕوو پەلێن ئەڤێ گۆڤارێدا هێتە بەلاڤکرن... هەرچەندە ئەگەر وەکو دەق ژی کەموکوڕی هەبن لێ وەکو رێکێن وانەگۆتنێ کارەکێ سەرنجڕاکێش و مفادارە.**

**یەکا 3** ئارمانج : گوتنا گورانی بو راهێنانێ

**وانا 3** ل سەر کاری / ناسین و گوتنا کاری ل

وێنادا , راهێنان ل سەر قەلەمی, راهێنان سەر نڤیسینا چەپ بو راست.

زمانێ ب کارهاتی : stand up,

sit down, hello

تە پێویستی هەیە ب : وێنێ

فوکس students Book لاپـەر 12 ژ CD لێدان ژمارە 10 9

students Book لاپەر 10

**Starter**

* وێنێ ( دومیا ) فوکس بلند کە.
* قوتابی دبێژیت hello بو زاروکا
* قوتابی چاڤەدەن hello بو فوکس
*فوکس دبێژیت sit down حەرەکە بو زاروکا کو روینن.
* فوکس د بێژیت stand up حەرەکە بدەستی بو زاروکا کو رابنە ڤە.
* فوکس دبێژیت sit down حەرەکە بدەستی بو زاوکا کو دانیشن.

**گوه بدێ یاریێ بکە لاوژێ بێژە:**

* بێژە زاروکا students Book ڤەکەن لاپەرە 12 ئیشارە بدە وێنێ
* بێژی دێ لاوژەکێ بێژن.
* دەستێ خو پێخە پشت گوهێ خو و بێژە Listen
* CD لێدە ژمارە 9

تێکستا CD - - - - - - - - -

بێژە زاروکا وەکی ئەو لاوژێ دبێژن دەبی کاربکەن د لاوژێ دا. رابن روینێن دەستا لفینن وەکی دبێژن hello

* بێژە stand up و بلا قوتابی رابنەڤە
* بێژە sit down و بلا قوتابی دانیشن
* بێژە hello و بلا بێژن hello و دەستێ خو بهەژینن.
* CD لێدەڤە د راوستینە پشتی هەر رێزەکێ.
* بێژە قوتابیا کو لاوژا هەر رێزەکێ بێژن
* CD لێدە و بێژە قوتابیا کو دگەل لاوژێ هەمیێ بێژن
* CD لێدەڤە و بێژە قوتابیا کو دگەل بێژن و کار بکەن.

**Activity Book**

**گوه بدێ ئیشارەت کە بێژە**

* پەروتوکا ڤەکەن لاپەر 10 ئیشارە بدە وێنا و بێژە Look
* بێژە قوتابیان دێ وان تشتەك گولێبیت, بێژە بلا ئیشارە کەنە سەر وێنێ دروست دەستێ خو دانێ پشت گوهێ خو و بێژە listen
* CD لێدە ژمارە 10 ناف پولێ دا بزڤرە تأکید ئیشارەتا دروست چێکریە.

* كتێبا خو بلند كە و ئیشارەت كە وێنێ ئێكێ , بێژە قوتابیەكی كو كارێ وی وێنەی بێژیت.
stand up
* هەمان شت بكە دگەل وێنێن دی.
* كازی دوو قوتابیا بكە بهێنە نك سەبورێ.
* بێژە ئێك ژوران كو كارەكی بێژیت:
Listen ,clap ,say hello , Look , sit down , stand up
* بێژە وی قوتابی كو ئیشارەتێ بدەنە وێنێ دروست.
* ڤێ چەندێ دگەل چەند جوت قوتابیان بكە.

**تێكستا CD**

**Trace**

* ئیشارەت بدە رێزێت ( )
ل لایێ بنی یێ لاپەری.
* بێژە Look كتێبا خو بلندكە تو ب تبلێ ل خالێ ( نقگە ) ل دویف رێزا خالكری هەرە بێژە قوتابیان وەكی تە بكەن پاش بێژێ قەلەمێت خو بگرن.
* ل ناڤ پولێ بزڤرە و تأكید كرنا قەلەمی و روینشتنا دروستا وان.
* بێژە وان بقەلەمی ل دویف رێزێ بچن و ل خالێ (نقگە ) دەسپێبكەن نك قەلەمی.

* پاش هەمان شت بكەن دگەل وێنێن دی بتپلێ دگەل ماسی یێ , حوت و سەفینێ.
* دیفدا هەمان شت بكەن ب قەلەمی دگەل وێنێن دی.
* ل ناف پولێ بزڤرە و تأكیدكە كا دروست چێدكەن.

**مراجعة:** Renision

ئارمانج: دیفچوونا كارێن قوتابی فێربوین یاریكرن بو بهێزكرنا كاری گوه دان و ئیشارەت كرنا وێنێت كارا راهێنان سەر گرتنا قەلەمی راهێنان سەر نڤیسینا چەپ بو راست.

زمانێ ب كار هاتی :- , , Listen , Look , ,say hello , sit down , stand up, clap,sing , come here

تە پێویستی هەیە ب: students Book لاپەرە 11 پارچێت لاپەرێت كچكە بو هەر زاروكەكی قەبارا كو وێنێ ڤەشیرێت نەه پارچێت لاپەرێت چوار گوشە بو هەر دوو قوتابیا.

**گوه بدێ و بێژە:**

* قوتابی پەرتوكا
students Book لاپەرە 13

*ئیشارەت بدە هەر نەهـ وێنا د لاپەرێ دا و بێژە Look

* بێژە وان دێ گوهـ ل کارەکی بیت ل سەر CD

* بێژی کو ئیشارەت بکەنە وێنا ل چەپ بو راست ول رێزا سەری بو رێزا نیڤەکێ بو رێزا خوارێ.

* بێژێ کو ڤەگێرن تشتێت وان گوهـ لێ دبیت بو هەر وێنەکی.

* بێژە listen CD لێرە ژمارە 11

تێکستا CD -----------

* تأکید کە زاروك ئیشارەت د روست دکەنە سەر وێنا ووشا ڤەدگێرن.

* بێژە باش گەهێ خو بدەنێ و بیرا خو بینەڤە و هەر رێزەك چ کارە.

* پولێ دابەشکە جوت جوتە.

* بێژە وان دی ئەو یاریەکێ کەن جوت جوتە.

* پەرتوکا خو بلند کە و پارچەکا کاغەزەکا کچکە دەستێ خو بگرە.

* سێ پارچە کاغەزا دانێ سەر ئێك ل وان وێنێت دلاپەری دا.

* بێژە وان کو ئەو بێژن کا ئەڤە چ کارە هاتیە ڤەشارتن: sing

* هەر زاروکی پارچە کاغەزەکێ بدەڤێ و بێژێ دێ ئەڤێ لاریێ کەت جوت جوتە.

* تأکید کە کا ئەو وان کارا دبێژن یان نە و ب دروستی:

Look sit down

**Play لاری**

* بێژو زاروکا دێ ئەو ڤێ یاریێ کەن بەلێ ڤێ جارێ یاری ل سەر وێنێ هاتیە ڤەشارتن.

* پەرتوکا خو بلند کە دپارچەکا کاغەزێ دەستێ خو بگرە.

*وێنەکێ کچکە د لاپەری دا کاغەزەکا کچکە بسەر دادە.

* ڤێ جارێ ل جاتی گوتنا کاری ئەوێ تە ڤەشارتی قوتابی کاری بکەن.

* بێژە قوتابیا کو کار بکەن جوت جوت ڤی کارەی بکەن بدور بو فەشارتنا وێنە ب کاغەزێ.

* زاروکێ دی دەبی کاری بکەت ئەوێ د وێنا فەشارتی.

* د ناف پولێ بزڤرە تامو تأکید کەی کو زاروك یێ ڤێ یاریێ بدروستی دکەن.

**گوهـ بدێ:**

* گوهێ خو بدە CD یەکا 1 و 2 و 3 لێدانا ژمارە / 1 و 4 و 7 و یاریێ بکەڤە دگەل زاروکا

* ئەڤە هاریکارە بو زاروکا دا کو فێرە کاربن باش.

**لاوژە**

* لاوژا یەکا 3 وانا 3 دگەل قوتابیان بێژەڤە.
* بێژە زاروکا لاوژێ بێژن دگەل کاری.

Activity Book

Listen and point

* بێژە قوتابیا Activity Book ڤەکەن لاپەر 11
* بێژە بەرێ خو بدەنە وێنا
* دەستێ خو دانێ پشت گوهێ خو بێژە Listen
* CD لێدە ژمارە 12 قوتابی ئیشارەت کەنە وێنێ دروست بو هەر کارەکی.

تێکستا CD -------------

**Trace**

* بێژە قوتابیان بەرێ خو بدەنە وێنێ ل لایێ خارێ یێ لاپەرێ 11
* قوتابی دەسپێکەن نك قەلەمی و ب تپلێ دویف بچن بزڤرن بزڤرن هەتا کو نیڤەکا وێنێ پاش هەمان شت بکەن ب قەلەمی.
* تأکید بکە کو نابەینا رێزادا دچن.
* ئیشارەت بکە هەر چار ئالا. قوتابی دەسپێبکەن نك قەلەمی ل سەر هەر ئالایەکی ول دویف نموونەی بچن ب تپلا.
* بێژێ هەمان تشت بکەن ب قەلەمی.

* دناف پولێ بزڤرە و تأکید کە یێ ڤی کارەی بدروستی دکەن و قەلەمێت خو ب دروستی دگرن.

**یەکا 4**

**وانا 1**

ئارمانج: ناسینا د گوتن وەك هەف کرنا پیتا a پێشکێشکرنا ووشا apple د چیروکەکا ئاسان دا وەك ئێکرنا ووشا وێنا راهێنا گرتنا قەلەمی ئاخفتنا نوی new language

An apple , oh yes , thank you

تە پێویستی هەیە ب : وێنێ فوکس students Book لاپەر 14
CD لێدان13 14
Activity Book لاپەر 12

**Starter**

*وێنێ فوکس بلند کە
* فوکس مەرحەبایێ ب قوتابیان دکەت و د بێژیت hello دگەل ئاڤا.
* فوکس دبێژیت sit down و قوتابی دادنیشن.
* فوکس دبێژیت clap و قوتابی چەپلەی لێددەن .

**Look and listen**

* قوتابی کتێبێت خو

students Book ڤەکە لاپەر 14

* ئیشارەت بدە وێنا و بێژە Look و بێژێ دێ ئەو گوهـ دەنە چیروکێ.

* بێژە listen و CD لێدە ژمارە 13

**تێکستا CD -------------**

**CD لێدەڤە و بێژە قوتابیا بدەنە وێنێ دروست ئیشارەتێن وانا تأکید کە.**

**تێکستا CD a a a apple**

* دەنگێ a a a بێژە, و بێژە apple قوتابیان بێژن apple بێژە apple

* بێژە قوتابیان بێژن a a a

* پولێ دابەشکە گروپا (پشکا) بێژە گروپەکی بێژن a a a

* بێژە گروپا دی بێژن apple

*قوتابیان دابەشکە جوت جوتە , هەر جوتەك بدور بێژیت a a a و apple

*ل ناف پولێ بزڤرە دا گوهـ بدەیێ و تأکید کەی کا ئەو فی کارەی دروستی دکەن.

* ئەگەر قوتابی دەنگا و ووشا بدروستی بێژن بێژێ very good

Activity Book

Listen and point

* قوتابی Activity Book ڤەکەن لاپەر 12 ئیشارە بکە هەر چوار وێنا.

* بێژە وان ئەف چوار وێنە جهێ وان یێ دروست نیە دگەل جیروکێ.

* بێژێ دێ ئەو گوهێ خو دەنە ووشا ل وێنا.

* بێژێ ئیشارەت بکەنە وێنا دروست وەکی وان ووشە گولێ بو ل CD

* CD لێدە ژمارە / 13 جارەکا دی.

CD * راوەستینە پشتی ووشێت ئێکێ.

* بێژێ ئیشارەت بکەنە وێنێ دروست و کتێبێت خو بلندکەن دا نیشاتە بدەن.

* تأکید کە کا ئەویێ ئیشارەت کەنە وێنێ دروست.

* ئەڤێ بکە بو هەمی ووشا بێت CD

Match and circle وەك ئێك کرن و بازنە چێکرن.

*ئیشارەت بکە هەر سێ وێنا ل بنی لاپەری ئەوێ ل دەستێ چەپێ بیێ بتنێ.

* بێژێ دەبی ئەو وان وێنا پەیدا کەن بێت وەکی وان ل دەستە راست.

Appl……aplle

bicyc….bicycle, و هتد …

* بێژێ کو بازنەکی چێکەن ب قەلەمێ

خو دور وێنێ دەستێ راستێ ئەوێ وەکی دەستێ چەپێ.

* ل ناف پولێ بزڤرە و تأکید کە کا ئەو دروستی چێدکەن.

سندوق 5 کارکرن جوت جوتە:
دەمێ قوتابی جوت جوتە کار دکەن راهێنانێ ل سەر ئاخفتنێ پتر دکەن.
بێژە قوتابیان کو بزڤرن (خو بادەن)دا کو بەرێ وان ب کەڤیتە ئێك.
پێ نەڤێت تو رەحلا بلفینی.

**یەکا 4**

**وانا 2**

ئارمانج : راهێنان سەر شکلێ پیتا a .
راهێنان سەر نڤیسینا پیتێ بخو و پاش د ووشا apple دا
زمانێ بکار هاتی: پیتا a ووشا apple
تە پێویستی هەیە ب: سێنیەکا رەملێ ( یان تشتەکێ دی ) بەرکێت کچکە یان تشتەکێ دە.
Students Book لاپەر 15
CD لێدان 14
Activity Book لاپەر 13
فلاکارد بو سێڤێ و پیتا a

**Starter**

**چالاکیا چەپلا بکە ل وانا 1 سەر CD لێدان 14**

* بێژە قوتابیان چەپلەی لێدەن وەکی وان دەنگێ پیتێ a a a گولێدبیت.
* بێژە وان چەپلەی لێدەن وەکی وان گوھ ل ززشا apple بۆ.
* ڤێ چەندێ بکە دگەل وان چەند جارەکا.
* فلاش کاردا پیتا a بلندکە و بێژە a a a
* بێژە وان دووبارە بکەنەڤە چەند جارا.
* فلاش کاردا سێڤێ بلندکە و بێژە apple
* بێژە وان کو ڤێ ڤەگێرنەڤە چەند جارا.

**Look and point**

* بێژە قوتابیا students Book ڤەکەن لاپەر 15
* ئیشارە بکە پیتا مەزن a
* کتێبا خو بلندکە ول دویف پیتێ هەرە ب تپلێ.
* بەرێ خو بدە جێکرنا پیتا لاپەر 8 و 9 دا بزانی چەوا پیتێ چێدکەن بدروستی بو پیتا a دەسپێبکە ل خالێ ( نقگە ) ول دویف هەرە کفانێ وەکی هاتیە دیار کرن لاپەر 8
* ڤێ بکە چەند جارەکا.
* بێژە زاروکا کو دەسپێبکە ل جهێ

دروست ول دویف بچن ب تپلیێ بو لاییێ
تە دیار کری.
* بێژە وان کو ل دویف بچن ب تپلیێ
ناف هەردوو ریزێت دەرڤە.
* ناف پولیێ بزڤرە دا بزانی ئەوییێ
بدروستی ل دویف دچن.
* بێژە زاروکا کو ئیشارەت بدەنە
پیتیێ و دەنگیێ a a a بێژن.
* ئیشارە بدە وینیێ سیڤیێ و بێژە
apple
* بێژە وان ل دویف تە ڤەگێرن
apple
* بێژە وان کو ب تپلیێ ل دویف بچن
( ل دیف پیتا aناف ووشا apple )
* تأکید کە کو ییێ دەسپێدکەن ول
دویف دچن ل جهیێ دروست.
* تأکید کە بو لاییێ دروست دچن.

**Play and say**

*راوەستە و پشتا تە بو قوتابیان.
* دەستیێ خو ییێ راستیێ بلندکە.
* ب تپلیێ ل دویف پیتا مەزن a ل
هەوای بنڤیسە.
* چەند جارەکا ڤیێ چەندیێ بکە.
* بێژە stand up بێژە وان ل
هەوای پیتا a بنڤیسن.
* تأکید کە ییێ دروست دەسپێدکەن و
بو لاییێ دروست دچن.
* بێژە وان کو ل دویف پیتیێ بچن
جارەکا دی و بێژن a a a
* بێژە sit duwn
* بێژە دوو قوتابیان come here
و ناڤێت وان بێژە.
* بێژە ئێك ل وان کو پیتا a ل سەر
پشتا ییێ دە کە بنڤیسیت.
* پولیێ دابەشکە جوت جوت.
*بێژە وان کو راهێنانیێ ل سەر نڤیسینا a ب
تپلێت خو ل پشتا هەڤالێت خو بنڤیسن.
* ئەگەر تە ئامانەك هەبو ( سێنیەك )
بێژە چەند قوتابیا کو پیتا a ل سەر
رەحلیێ چێکەن.
* ئەگەر تە هندەك بەرێت کچکە هەبن
بێژە چەند قوتابیا کو پیتا a
ب بەرا چێکەن.
* تأکید کە و ببینە کا ئەو بدروستیێ
دەسپێدکەن ول جهیێ دروست و بەرا دا
دنێت بو لاییێ دروست.

**Activity book**

**Trace**

* بێژە قوتابیا
Activity book ڤەکەن لاپەر 13
* ئیشارەت بدە پیتا a یا مەزن.
* بێژە وان کو ل دویف بچن ب تپلیێ.
* ئیشارەت بدە پیتا ئێکیێ یا a
ل ریزا ئێکیێ.
* بێژیێ کو ل دویف بچن ب تپلیێ.
* بێژە وان کو ل دویف هەمی

پیتێت a ب قەلەمی.

* ل ناڤ پولێ بزڤرە و تأکید کە کا دروست چێدکەن.

**Trace**

* ئیشارەت بدە وێنێ سێڤێ
* ئیشارەت بدە ووشا apple و بو وان بێژە کو ئەڤە ب ئینگلیزی دبێژنێ apple
* بێژە کو ل دویف بچن ب قەلەمی ل دور پیتا a ناف ووشا دا.
* بێژە ل دویف پیتێت دی نەچن , هەر چەندە قەتابی هەتا نوکە پیتێت دی نەناسین , بو وان باشە کو پیتا a د ناف ووشێ ببینن.
* ناف پولێ دا بزڤرە و تأکید کە کا ئەو دروست چێدکەن.

**Trace**

* ئیشارە بدە پیتا a د ناف وێنا دا ( سێڤێت ب داراڤە ).
* بێژە وان کو ل دویف پیتا a بچن د ناف هەر سێڤەکێ دا ب قەلەمی.

**یەکا 4**
**وانا 3**

ئارمانج :- یاریەکێ دکەن بو راهێنانا ووشا apple راهێنان ل سەر گرتنا قەلەمی. راهێنان ل سەر نڤیسینا چەپ بو راست.

زمانێ نوی : Look , an apple , oh yes , an apple

تە پێویستی هەیە : سێڤەك ( یان فلاش کاردا سێڤێ ) چەند سێڤەکا بەشدار بوونا قوتابیان

(ئەگەر چێبیت). students Book لاپەر 16 Activity Book لاپەر 14

**Starter**

*بێژە زاروکا hello ناڤا بێژە.
* هاند بدە کو ڤەگێرن hello و ناف.
* بێژە دوو قوتابیان بهێنە نك سەبورێ
* بێژێ کو پیتا a چێکەن ل سەر ئێکو دوو.
* بێژە چەند قوتابیا کو پیتا a ل سەر سەبورێ بنڤیسن.

**Play**

* بێژە قوتابیان students Book ڤەکەن لاپەر 16

* ئیشارەت بدە وێنێ و بێژە هندەك قوتابیان کو ب کوردی بێژنە قوتابییێت دی ئەوژی یاریەکا وەکو وی وێنەی کەن.
* دێ ئەوژی یاریەکا وەکو وی وێنەی کەن.
* ئەگەر چێبیت بازنەکێ چێکە ل هەشت تا دەھ کورسیا پێشیا پولێ و بێژە هەشت تا دەھ زاروکا بێن و دانیشن ل سەر کورسیا.
* ئەگەر کورسی نەبن بێژە هەشت یان دەھ زاروکا بازنەکی (دائرەکێ) چێکەن ( راوەستن ) پێشیا پولێ.
* سێڤەکێ بدەف ئێك ل وان زاروکا یان فلاش کاردا سێڤێ بدەڤێ.

* بێژە وان کو وێ سێڤێ بدەنەف ئێکو دوو ئێك بو ئێکی.
* بێژە وان وەکی تو چەپلەی لێدەی دەبی دانەڤا سێڤێ راگرن.
* ئەو قوتابی یێ سێڤ ڤێ سێڤێ بدەتەف قوتابیەکێ دی ل لایێ دی و یاری بەردەوام بیت.
* پاشی زاروکا بکە جوت جوت و بێژەوان کو پیتا a سەرپشتا ئێکو دوو بنڤیسین ب تپلێ.
* بێژە وان کو ب تپلێ پیتا a ل هەوای بنڤیسین و بێژن aaa
* ئەڤێ یاریێ بکە دگەل گروپەك یان دوو گروپێن دی بێت هەشت یان دەھ قوتابیا
* ئەگەر تە هندەك سێڤ هەین هەر سێڤەکێ بکە چوار پارچە ودابەشکە سەر زاروکا.

Activity Book

Trace

* بێژە قوتابیا کو Activity Book ڤەکەن لاپەر 14
* ئیشارەت بکە پایسکلێ عەرەبانا چەمدی و هەردوو ترومپێلا ل لایێ چەپێ و نمونێت رێکا د لاپەرێ دا بێژە وان ئەف نموونە رێکن
* کتێبا خو بلندکە ول دەسپێکا خالێ ( نقگی ) نك قەلەمی ب تپلێ ل دویف رێکا هەرە .
* بێژە قوتابیا وەکی تە بکەن ل رێکا ئێکێ دا دیار کەی کا دێ پایسکل کیڤە چیت.
* ب تپلێ دگەل رێکێت دی بکە دا دیارکە کا دێ عەرەبانە و ترومپێل کیڤە چن.
* بێژە وان دەسپاڤنە قەلەمێن خو تأکید کە گرتنا قەلەمێن وان و دانیشتنا وان.
* بێژە وان ب قەلەمی ل دویف رێکا ئێێ بچن ل چەپ بو راست بو پایسکلێ , پاشی هەر وەسا دگەل رێکێت دی.
* بەرێ خو بدێکا دروست چێدکەن.

Trace

* ئیشارە بدە (ئەم دبێژینیێ) شەنیانوك ( هەلەزەن )

* کتێبا خو بلند کە دەسپێبکە نك قەلەمی ب تپلیێ ل دویف نیڤەکا هەر دوو رێزێت خروك هەرە هەتا دگەهیە نیڤەکیێ.

* تأکید کە کا بدروستی چێدکەن.

Song

* لاوڑا یەکا 3 وانا 3 بێژە اکو وانە بجوانی کوتایی بێت.

* CD لێدە ژمارە 9 و بێژە قوتابیا کو لاوژیێ دگەل CD بێژن دگەل کاری. سندوق 6وەکی تو (دەمیێ تو) یاریەکیێ یا دائرە (حلقە) دکەی بێژە قوتابیا کو بێنە نك سەبوریێ یان بچنە دەرڤەی پولیێ تاکو ویێ یارییێ بکەن قوتابیا دەبی جهێت فرەهەبن یان ژورێت مەزن دا کو یارییێ بکەن بأمنایی (سەلامەتی).

**یەکا 5**

**وانا 1**

ئارمانج :- ناسین دگوتن و نڤیسینا پیتا bپێشکێشیکرنا ووشا bagد چیروکا ئاسان دا راهێنان ل سەر گرتنا قەلەمی.

زمانێ نوی : ...... , b,bag whats this ? lts a

تە پێویستی هەیە ب : سێڤەك ( یان فلاش کاردا سێڤیێ )

Students Book لاپەر 17 ,

CD لێدان ژمارە / 15 16

**Activity Book لاپەر 15**

**Starter**

* بێژە قوتابیان **hello** و ئەو بێژنەڤە hello و ناڤیێ تە بێژن.

* سێڤیێ بلندکە یان فلاش کاردا سێڤیێ و بێژە apple

* ئەو بێژن apple

* پیتا a ل سەر سەبوریێ بنڤیسە و بێژە a a a

* ئەو بێژن a a a

Look and listen

* قوتابی students Book ڤەکەن لاپەرە 17

* ئیشارەت بدە هەر چوار وێنا وب کوردی بێژە وان کا ئەو چ دبینن د وێنا دا , بو نموونە : چەنتە , فوکس , نازە , روژ

* ئیشارەت بدە وێنیێ ژمارە 1

* دەستیێ خو دانە پشت گوهیێ خو و بێژە Listen

* CD لێدە ژمارە 15
* کتێبا خو بلندکە و ئیشارە بدە وێنا دەمێ هوین گوهێ خو ددەنە CD
* قوتابی ئیشارەت بدەنە وێنا دەمێ ئەو گوهـ ددەنە CD
تێکستا CD- - - - - - -
*CDلێدە ڤە
* بێژە قوتابیان ئیشارەت بدەنە وێنا جارەکا دی.
* تأکید کە کا ئەو بدروستی ئیشارەت دکەن .

Listen and clap
* بێژە قوتابیان چەپلەی لێدەن دگەل چەپلا CD
* CDلێدە ژمارە 16
تێکستا CD b b b bag
* دەنگی بێژە b b b
* بێژە قوتابیان کو بێژن bag
* بێژە bag
* بێژە قوتابیان بێژن b b b
* پولێ دابەشکە دوو پشکا
* نیڤەکا پولێ بێژن b b b نیڤا دی بێژن bag
* پولێ بکە جوت جوتە بکەنە دوور ئێك بێژیت b b b و یێ دی بێژیت bag
* ناڤ پولێ دا بزڤرە و تأکید کە کا ئەو ڤێ چەندێ دروست دکەن.

Activity Book
Match and eitcle
*قوتابی کیتابێت خو Activity Book ڤەکەن لاپەرە 15
* ئیشارەت بدە وێنێت دەستێ چەپێ
* ب کوردی بێژە وان کا ئەڤ تشتە چنە.
* ئیشارەت بدە وێنێت دەستێ راستێ 0
* بێژە قوتابیان بو هەر تشتەکێ چەپێ دەبی ئەو تشتەکێ وەکی وی ل دەستی راستێ ببینتەڤە.
*کتێبا خو بلندکە , و بێژە Look
* ئیشارەت بکە کوبی ل رەخێ چەپێ.
* بێژە قوتابیا کتێبێت خو بلندکەن و ئیشارەت بکە تشتێ دەستێ راستێ ئەوێ وەکی وی یانکو کوپی.
* ب تیلێ بازنەکێ چێکە دور کوپێ دەستێ راستێ.
* بێژە قوتابیان وەکی تە بکەن.
* تأکید کە کو دروست بێت روینشتینە و قەلەم دروستی یێ گرتی.
* قوتابی ب قەلەمی بازنەکی چێکەن دور کوبێ دەستێ راست.
* بێژە قوتابیان بازنەکی چێکەن ب

قەلەمی دور تشتێ راستی بێت.
* ناف پولێ بزڤرە و تاکیدکە کا ڤێ چەندی دروستی دکەن.

**یەکا 5**
**وانا 2**

ئارمانج :- راهینان ل سەر دیفچوونا شکلێ پیتا b راهینان ل سەر نڤیسینا b نجو و پاشی د وشا bag دا ناسینا پیتا a یان b ئەوا تشت پێ دەسپێدکەت
زمـانێ بکارهـاتی : پیتـا b وشـا bag
تە پێویستی هەیی : فلاش کارد بـو چەنتێ و پیتا b
. 8 لاپـەر studen BOOK
6 لاپەر Activitg BOOK

Starter
فلاش کاردا پیتا b بلندکە
* دەنگی bbb و قوتابی ل دوویف تە بژیتەڤە چەند جارەکا
* فلاش کاردا و تنێ جەنتێ bag بلندکە. و بیژە bag قوتابی بێژنە ڤە چەند جارەکا.
* بێژە زاروکەکی come here ناڤێ وی بێژە.
* بێژە زاروکەکی فلاش کاردا پیتا b بلند کەت.

* قوتابی بێژن bag
* ئەڤێ چەندێ دگەل چەند قوتابیا بکە.

Look and poknt
* بێژە قوتابیا کتێبێت students Book ڤەکەن لاپەر 18
* بێژە Look ئیشارەت بدە پیتا مەزن b
* کتێبا خو بلند کە.
* ل دویف پیتێ هەرە ب تبلێ. ل نقگی دەسپێبکە . ل دویف سەهمێ (ترێ) هەرە وەکی دیار کر ل لاپەر ح د دلیلی دا .ڤێ هندێ جەند جارا بکە بێژە قوتابیان ل دویف نیڤەکا هەردوو رێزێت دەرڤە ب تبلێ هەرە
* ل ناف پولێ بزفرە وببینە.
* بێژە قوتابیان کو ئیشارەت بکەنە پیتێ ودەنگی bbb بێژن .
* ئیشارەت بکە وتنێ جەنتێ بێژە bag بێژە وان ل دویف نەبێژن .
* بێژە وان کو ب تبلێ ل دویف پیتا b ووشا bag بچن .

Play and say
* بێژە دوو قوتابیا come here ناڤێت وان بێژە .
* بێژە قوتابیەکی کو پیتا b ل سەر پشتا یێ دی کە چێکەت.

* قوتابییێ دووی ئەوێ b ل سەر پشتێ هاتیە چێكرن بێژیت b
* قوتابییێ دووی پیتا a ل سەر پشتا قوتابییێ ئێكی چێكەت .
*قوتابییێ ئێكی ئەو a ل سەر پشتا وی هاتیە چێكرن بێژیت a.
* بێژە قوتابیا دی ئەو ڤێ یارییێ كەن.
* بێژە قوتابیەكی كو یان a یان b سەر پشتا ییێ دی كە چێكەت
* قوتابییێ دی كە دەنگێ ییێ بێژیت a یان b
* پولێ بكە جوت جوتە . و ب دور دگەل ئێك ڤێ یارییێ بكەن .
* ناف پولێ بزفرلە وببینە كا دروست دكەن ووەلاما دروست ددەن .

Activity Book

Trace

* بێژە قوتابیا كتێب خو بێت Activity Book ڤەكەن لاپەر16
* بێژە look ئیشارەت بكە پیشتا مەزن یا b .
* قوتابی ب قەلەمی خو ل دویف پیتێ بچن.
* ئیشارەت بدە پیتا b ل سەر رێزا ئێكی و بێژە قوتابیا ل دویف بچن ب تبلێ .
* قوتابی ب قەلەمێت خو ل دویف پیتێت b بچن ب قەلەمی .
* تأكیدكە كا ئەو بدروستی ل دویف دچن .
Tickئیشارەتا ( ) لێ بكە .
* ئیشارەت بكە وێنێت سێڤێ و چەنتێ .
* قوتابی بێژن یان apple یان bag بو هەر وێنەكێ.
* دەنكێ a a a بێژە و بێژە قوتابیا ل دویف تە بێژن 0
* بێژە apple و ئەو ل دویف تە ڤەگێرن 0
* دەنگێ b b b بێژە و قوتابی ل دویف تە بێژن
* بێژە bag و ئەو ل دویف تە ڤەگێرن
* بێژە قوتابیان كو ووشا apple دەسپێدكەن ب پیتا a ووشا bag دەسپێدكەت ب پیتا b
* قوتابی ئیشارەتا ( ) ل سەر پیتا تشتێ د وێنێ دا .
* نمونێ ( ) نیشا قوتابیان بدە و ( ) سەر سبورێ چێكە.
* ناف پولێ بزڤرە و ببینە كا دروست چێدكەن .
سندوق 7 : گرتنا فێربونا دەنگێت پیتا نەك ناڤێت پیتا.

دڤێ پەرتوکێ دا ئەم دەنگێت پیتا نیشا قوتابیان ددەین. سالا بێت دێ قوتابی دەسپێکەن کو بخوینن و بنڤیسن ب ئینگلیزی.

فێرکرنا دەنگا دێ بو زاروکا ئاسان کەت کو فێربن ڤەخوندنێ 0 و بنڤیسن سالا بێت.

دێ ئەو پاشی ناڤێت پیتا فێربن.

**یەکا 5**

**وانا 3**

ئارمانج : گوتنا لاوژەکێ بو پێداجونا کاری راهێنان ل سەر گرتنا قەلەمی راهێنان ل سەر نڤیسینا چەپ بو راست.

زمانی ب کارئینای: stand up , sit down , wave your hands

تە پێویستی هەیە ب : وێنێ فوکس , students Book لاپەر 19

CD لێدان ژمارە 17 Activity Book لاپەرە 17

## Starter

* وێنێ فوکس بلندکە .

* فوکس دبێژتیت hello زاروك جاڤەدەن hello

* فوکس دبێژیت stand up زاروك رادبنەڤە.

* فوکس دبێژیت sit down زاروك دادنیشن.

* فوکس دبێژیت

0 wave your hands

* بێژە قوتابیان کو دەستێت خو بهەژینن و بو دیارەکا دێ چەوا ڤێ هندێ کەن.

## Listen and sing

* بێژە قوتابیا کو students Book ڤەکەن لاپەر 19

* ئیشارەت بدە وێنێ و بێژە Look

* ب کوردی بێژە قوتابیا کا زاروك و فوکس چدکەن .

* بێژە وان دێ ئەو لاوژەکێ بێژن و تشتەکی کەن وەکی وێنێ.

* دەستێ خو دانێ پشت گوهێ خو و بێژە Listen

* CDلێدان ژمارە 17

تێکستا CD - - - - - - - -

* فوکس لاوژێ دبێژیت و زاروك گوهێ خو ددەنێ.

* CD لێدەڤە , بێژە قوتابیا کو دگەل CD بێژن و وی کاری بێژە

ئەوێ وان گولێت بیت.
* هاریکاریا وان بکە کوڤی کاری بکەن ( بێژنەڤە و دەستا بلندکەن )
* لاوژێ بێژەڤە , بێژە قوتابیان لاوژێ بێژن و دەستا بلند کەن و رابن و روینن.
* پولێ دابەشکە دوو گروپا پشکەك ( گروپەك ) لاوژێ بێژیت و گروپا دە کاری بکەت , رابیت و رویندێت و دەستا بلند کەن.

## Activity Book

* قوتابی کتێبیت خو بیێت Activity BOOK ڤەکەن لاپەر 17
* ئیشارەت بدە وێنێ کتکێ و بێژە قوتابیان کو بێژن ب کوردی ئەڤە چیە.
* کتێبا خو بلندکە و ئیشارەت بدە کتکا ئێکێ.
* خیتەکێ جێکە ب تپلێ ل سەر خیتا نقگە کری دەسپێدکەت ل لایێ سەری ل سەرێ کتکێ و بچیت تاکو ئەرزێنککا وێ.
* بێژە وان وەکی تەبکەن.
* قوتابی دەسپاڤنە قەلەمێت خو و دروست بگرن.
*بێژە وان ل دویف رێزێ بچن ب قەلەمی.
* بێژێ کو دەسپێبکەن ل دفنا کتکێ ول دویف بچن هەتا دەڤێ وێ ب قەلەمی.
* بێژە وان کو ل دویف کتکێت دی بچت ب تپلێ و باش ب قەلەمی.
*ل ناف پولێ بزڤرە و هاری وان بکە.

## Trace

* ئیشارەت بدە لایێ چەپێ ل بنێ لاپەرێ : مێشا هنگڤینی و تەیارێ0
* بێژە وان کو مێشا هنگڤینی حەز دکەت بچتە شانا خو .
* بێژە وان کو تەیارە حەزدکەت بفریتە ئاسمانا.
* کتێبا خو بلندکە ل دویف رێزا ئێکێ هەرە ب تپلێ ل چەپ بو راست0
* بێژە قوتابیان ل دویف رێزێ بچن هەل مێشا هنگڤینی و شانێ ب تپلێ, پاش هەمان تشت بکەن ب قەلەمی.
* ل ناف پولێ بزڤرە و ببینە کا دروست ل دویف دچن 0
* بێژە قوتابیان کو هەمان شت بکەن دگەل رێزێت دی ل لایێ چەپێ دەسپێبکەن.

سندوق 8 دابەشکرنا پولێ بو دوو نیڤا دەمێ زاروك لاوژەکێ دبێژن . یا باش ئەوە پولێ دابەش کەنە دوو نیڤا , نیڤا پولێ شعرەکێ بێژیت و نیڤا دی یا پولێ نیڤا دی یا شعرێ بێژن , نیڤەك ژی بێژیت و نیڤادی کاری بکەت.

**ـ ماویەتی ـ**

# پرۆسەی پێوانە و هەڵسەنگاندنی مامۆستایان و سەرپەرشتیاران

**ئا : ئازاد عەزیز سلێمان***

**پێداچوونەوە: بورهان عەبدوڵلا عادل****

## ( بەشی دووەم )

پرۆسەی پێوانە و هەڵسەنگاندن لە هەر ئاستێکی پلە وپایەدا، پێگەیاندنی نەوەیەکە کە ئاوێتەی پڕ لە هەڵوێستی، کارایی، رەخنەگر و چوست وچالاکی ،بەرپرسیار، بە هەڵوێست ،تەسلیم نەبوو بە کولتووری دواکەوتوو و موقەدەسی کۆمەڵگا، پێوانە و هەڵسەنگاندن گەشەکردنی هزرو بیرە، دەست خۆشییە بۆ ئەوانەی بەتوانا وکاران سزادانیش نییە بۆ ئەوانەی کەم توانان.

پرۆسەی هەڵسەنگاندنی مامۆستایان ساڵانە لەلایەن سەرپەرشتیارانی پسپۆری بەپێی میکانیزمێکی کارپێکراو ئەنجام دەدرێت لە ئەنجامی (2) سەردانی پێش وەخت بەر لە دەست پێکردنی پرۆسەی هەڵسەنگاندن، سەردانی مامۆستایان ئەنجام دەدرێت:

**1ـ سەردانی یەکەم:** بەمەبەستی ڕێنمایی کردن وئاراستەکردنی مامۆستایە.
**2ـ سەردانی دووەم:** بۆ بەدواداچوونی ڕادەی جێبەجێکردنی ڕێنماییەکان ئەنجام دەدەرێت.

بۆیە لەدوای ئەم دوو سەردانە هەڵسەنگاندنێك لەلای سەرپەرشتیار بۆ مامۆستاکە ئەنجام دەدرێت کەبەپێی فۆرمێکی ئامادەکراو لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەییەوە کە بەسەر بەڕێوەبەرایەتییەکانی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی لە پارێزگەکان دابەش دەکرێت، لەوێشەوە بۆ پەروەردەی قەزا و ساڵانە لە کۆتایی مانگی (3)دا پرۆسەی هەڵسەنگاندن دەست پێ دەکات، ناوڕۆکی فۆرمەکەش چەند تەوەرێك لە خۆدەگرێت کە هەموو لایەنەکانی (کەسایەتی، پلان دانان، شێوازی وانە وتنەوە ، بەکارهێنانی هۆیەکانی فێرکردن ..........تاد) لە خۆدەگرێت.

بەهۆی بایەخی بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی بەپرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە سەرووی هەموویانەوە بە پرۆسەی هەڵسەنگاندن لە بەرنامەی بەڕێوەبەرایەتیەکەدایە کە فۆرمێکی یەکگرتوو بۆ سەرتاسەری هەرێمی کوردستان ئامادە بکرێت کە سوود لە شێوازی هەڵسەنگاندنی وڵاتانی پێشکەوتوو وەرگیراوە بۆ داڕشتنی فۆرمەکە و لەچەند ڕۆژی داهاتوو فۆرمەکە ئامادە دەکرێت لە ساڵانی داهاتووشدا سەرجەم مامۆستایانی کوردستان بەیەك فۆرم و بەیەك

شێواز لەسەرتاسەری هەرێم پرۆسەکە ئەنجام دەدەن و هەرسەرپەرشتیارێك وەك ئەرکی سەرپەرشتیکردن پێویستە لە (50-60)مامۆستا ساڵانە هەڵبسەنگێنن.

**ئیدارەی گەرمیان:**

سەبارەت بە پرۆسەی هەڵسەنگاندن لە سنووری پەروەردەی گەرمیان رێژەکەی(زۆر باش)ە کە سەرەڕای نەبوونی سەرپەرشتیار لە سنوورکەدا ، بەڵام بە پێی زانیاری بەردەست لە کۆی (1104) مامۆستای پسپۆری توانراوە (897) مامۆستا هەڵبسەنگێنرن و ( 225) مامۆستا هەڵنەسەنگێنراون لە سەرجەم پسپۆرییەکان بەمەش رێژەی مامۆستایانی هەڵسەنگێنراو دەگاتە (83٪ ).

**تێبینی و سەرنج:**

* لە سنووری پەروەردەی گشتی گەرمیان کێشەی نەبوونی سەرپەرشتیاری پسپۆری ( فیزیا – کوردی – هونەر- کۆمپیووتەر – وەرزش )یان هەیە کە نەتوانراوە مامۆستایانی ئەم پسپۆریانەی سەرەوە سەردانی بکرێن و هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت.

* نەبوونی یەکەی سەرپەرشتیاری لە پەروەردەی (کفری ـ کەلار ـ دەربەندیخان) بە هۆی نەبوونی سەرپەرشتیاری پسپۆری.

**پێشنیازەکان:**

1- سەرپەرشتیاری پسپۆری بۆ ئەو پسپۆرییانەی کە نیانە و زۆر پێویستن دابمەزرێن.

2- ئەو مامۆستایانەی لە (ئاستی نایاب) پەروەردەی گشتی گەرمیان ( رێز وسوپاس )یان ئاراستە بکات.

3- ئەو مامۆستایانەی لاوازن ناوەکانیان یەك بخرێن و بنێردرێن بۆ پەیمانگەی ڕاهێنان و گەشەپێدانی پەروەردەی گەرمیان بۆئەوەی خولیان بۆ بکرێتەوە.
4- هەڵسەنگاندنی مامۆستایان گرنگی پێ بدرێت و داوا لە پەروەردەکان بکرێت وێنەیەك لە هەڵسەنگاندنی مامۆستایان بخرێتە دۆسیەی کەسی مامۆستایان.

## گەرمیان

## ئامارەکانی هەڵسەنگاندنی مامۆستایان بۆ ساڵی 2007ـ 2008

| ژ | بابەتەکان | ژمارەی سەرجەم مامۆستایان | ژمارەی هەڵسەنگێراو | ڕێژەکەی | ژمارەی هەڵنەسەنگێراو | ڕێژەکەی | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | کارگێڕی | 195 | 190 | %97 | 4 | %3 | |
| 2 | بایلۆجی | 144 | 108 | %75 | 36 | %25 | بابەتەکانی فیزیا، |
| 3 | عەرەبی | 235 | 168 | %71 | 67 | 28.50 % | کوردی، وەرزش، هونەر، کۆمپیوتەر |
| 4 | بیرکاری | 126 | 93 | %73.8 | 33 | %26 | هەڵسەنگاندنیان بۆ |
| 5 | ئینگلیزی | 166 | 128 | %77 | 38 | 22.80 % | نەکراوە لەبەر نەبوونی سەرپەرشتیاری پسپۆری |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 6 | کۆمەڵایەتی | 131 | 105 | %80 | 26 | 19.80 % | ئەو بابەتانەی سەرەوە |
| 7 | کیمیا | 88 | 68 | %77 | 20 | 22.70 % | |
| 8 | پیشەیی | 19 | 19 | %100 | 0 | %0 | |
| | سەرجەمیان | 1104 | 879 | 79.60 % | 225 | %20 | |

| | نایاب | زۆرباش | باشە | ناوەند | پەسەند | لاواز |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | 12 | 134 | 379 | 288 | 61 | 5 |
| ڕێژەی | %1.36 | %15.24 | %43.45 | %32.76 | %6.93 | %0.56 |




## پارێزگەی سلێمانی:

هەڵسەنگاندنی مامۆستایان لە سلێمانی بەشێوەیەکی گشتی بەرێژەی 56.35٪ مامۆستا هەڵسەنگینراون واتا لە کۆی (6340)مامۆستا (3572) مامۆستا هەڵسەنگێنراون و (2768)مامۆستا هەڵنەسەنگێنراوە کە دەکاتە رێژەی.65 43٪ .

هۆکارەکانی (هەرچەندە ئاماژە بەژمارەکان نەکراوە ) ئاماژە بۆ کراو بۆ هەڵنەسەنگاندنی مامۆستایان پتر بریتییە لە:

1- ژمارەیەك لە مامۆستایان بە هۆی مۆڵەتی دایکایەتی هەڵسەنگاندنیان بۆ ئەنجام نەدراوە.
2- ژمارەیەك لە مامۆستایان بە هۆی مۆڵەتی خوێندن و نەخۆشی ...تاد.. هەڵنەسەنگێنراون بۆ ئەنجام نەدراوە.
3- ژمارەیەك لە مامۆستایان بە هۆی دەست بەکاربوونیان لە وەرزی دووەم هەڵنسەنگێنراون.
4- هەندێك لە مامۆستایان بە هۆی بەڕێوەبردن (بەڕێوەبەر - یاریدەدر) هەڵسەنگاندنیان بۆ نەکراوە (لەبواری کارگێڕی هەڵسەنگێنراون).

بەڵام ئەوەی تێبینیمان کرد لە زۆربەی پەروەردەکانی دەوروبەر لە هەندێك بابەت نەمامۆستا بینراوە و نەهەڵسەنگاندن ئەنجام دراوە بە هۆی نەبوونی سەرپەرشتیاری پسپۆری بابەتەکە لە سنووری پەروەردە بەم شێوەیەی خوارەوە:

*پەروەردەی قەڵادزێ لە پسپۆرییەکانی (عەرەبی ـ کۆمەڵایەتی ـ کیمیا ـ هونەر ـ وەرزش) نەژمارەی مامۆستایان دیاری کراوە نەهیچ مامۆستایەك هەڵسەنگاندنی بۆ کراوە و نەهیچ مامۆستایەکیش بینراوە.

*هەروەها لە پەروەردەی ڕانیە لەپسپۆرییەکانی (زیندەوەرزانی ـ فیزیا ـ هونەر ـ وەرزش ) بە هەمان شێوەی پەروەردەی قەڵادزێیە.

* لە پەروەردەی شارباژێڕ (زیندەوەرزانی ـ کۆمەڵایەتی ـ کیمیا ـ عەرەبی ـ فیزیا ـ هونەر ـ وەرزش) بە هەمان شێوەیە.

* لە پەروەردەی چەمچەماڵ (کیمیا ـ فیزیا ـ هونەر ـ وەرزش) بەهەمان شێوە بەهۆی نەبوونی سەرپەرشتیار هەڵسەنگاندن نەکراوە.

بەڵام ئەوەی جێگەی پرسیارە لەپسپۆری کارگێڕی (3) سەرپەرشتیاریان هەیە کە کۆی گشتی (59) بەڕێوەبەر تەنیا (33) یان هەڵسەنگێنراوە کە دەکاتە (45%)ی ڕێژەکە کە دەبوو هەموویان هەڵسەنگاندنیان بۆ ئەنجام بدرایە .

* لە پەروەردەی دوکان مامۆستایانی پسپۆری (عەرەبی ـ کۆمەڵایەتی ـ بیرکاری ـ کیمیا ـ هونەر ـ وەرزش) مامۆستایان نەبینراون و هەڵنەسەنگێنراون بە هۆی نەبوونی سەرپەرشتیاری پسپۆری ئەم بابەتانەی سەرەوە .

*- لە پەروەردەی هەڵەبجەی شەهید / لە هەردوو پسپۆری (هونەر ـ فیزیا ).

بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە و بەپێی زانیاری بەردەست سەرەڕای هەبوونی (6) سەرپەرشتیاری پسپۆری کارگێڕی ، بەڵام تەنیا (40) بەڕێوەبەر و یاریدەدەریان هەڵسەنگاندووە لەکۆی (190) بەڕێوەبەر و یاریدەدەر واتا (150) یان هەڵنەسەنگاندوە کەدەکاتە ڕێژەی 21% یان هەڵسەنگاندووە کە ئەمەیان دەچێتە خانەی کەمتەرخەمی.

هەروەها لە وەرزش لە کۆی (30) مامۆستا تەنیا (13)یان هەڵسەنگاندووە بەبێ دیاری کردنی هۆکاری هەڵنەسەنگاندنی (17)مامۆستاکەی تر.

**سەرنج وتێبینی :**

*لەپەروەردەی گشتی سلێمانی سەرپەرشتیاران بە شێوەیەکی ڕێك وپێك دابەش نەکراون بەپێی پێویستی پەروەردەکان و پسپۆرییەکان.

* سنووردارکردنی سەردانی سەرپەرشتیاران لە (8) سەردانی لە مانگێکدا، بووەتە مایەی بێ سەرپەرشتی زۆر لە مامۆستایانی پسپۆری لە پەروەردەی قەزاکان.

*بەرپرسانی پسپۆری ئەرکی خۆیان لە دابەش کردنی خوێندنگە و قوتابخانەکان بە سەر سەرپەرشتیارانی پسپۆری بەپێ پێویستی لە سنووری پارێزگە ئەنجام نەداوە.

* جێبەجێکردنی سستمی پەروەردەی قەزا(کە ئەزموونێکی نوێیە بۆ ناوچەکە) لە سنووری پەروەردەی گشتی سلێمانی و کەم ئەزموونی بەڕێوەبەرایەتی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی پارێزگەی سلێمانی لە میکانیزمی گونجاو بۆ ڕێکخستنی میلاکی سەرپەرشتیاران لە سەر ئاستی پارێزگە.

## پێشنیازەکان :

1ـ هەوڵ بدرێت سەرجەم سەرپەرشتیارانی قەزا بەپێی پسپۆرییان و لەسنووری پارێزگە بە سەر سەرجەم پەروەردەی قەزاکاندا دابەش بکرێن.

2ـ هەوڵ بدرێت لە ڕێگەی وەزارەتەوە کێشەی سنووردارکردنی سەردانی سەرپەرشتیاران لە (8)سەردان لەمانگێکدا چارەسەر بکرێت و سەردانەکان کراوە بن بەپێی قوتابخانەو خوێندنگەی بەسەریاندا دابەش کراوە.

3ـ ئەو مامۆستایانەی لاوازن ناوەکانیان یەك بخرێن و بخرێنە لە ڕێگەی پەیمانگەی ڕاهێنان و گەشەپێدانی پەروەردەیی سلێمانییەوە خولێکی بەهێز کردنەوە.

4ـ داوا لە پەروەردەکان بکرێت کە وێنەیەك لە هەڵسەنگاندنی مامۆستایان بخرێنە ناو دۆسییەی کەسی مامۆستا و گرنگی پێ بدرێت بۆ کاتی پاڵاوتنی مامۆستایان بۆ هەر شوێنێك سوودی لێ وەربگیرێت.

5- ئەو مامۆستایانەی لە ( ئاستی نایاب ) ن پەروەردەی گشتی سلێمانی ( ڕێز وسوپاس )یان ئاراستە بکات.

### سلێمانی

### ئامارەکانی هەڵسەنگاندنی مامۆستایان بۆ ساڵی 2007ـ 2008

| ژ | بابەتەکان | ژمارەی سەرجەم مامۆستایان | ژمارەی هەڵسەنگێراو | ڕێژەکەی | ژمارەی هەڵنەسەنگێراو | ڕێژەکەی | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | کارگێڕی | 978 | 733 | %74.90 | 245 | %25.40 | هەڵەبجەی شەهید 21% و چەمچەماڵ 45.8% بووە |
| 2 | کوردی | 914 | 659 | %72.10 | 255 | %27.89 | هەڵەبجەی شەهید 30% بووە هەڵسەنگاندنی |
| 3 | عەرەبی | 894 | 343 | %38.30 | 551 | %61.63 | هەڵەبجەی شەهید 26% بووە، |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | وە دوکان و قەڵادزێ و شارباژێر سفر% هەڵسەنگاندنیانە |
| 4 | ئینگلیزی | 659 | 345 | %52.35 | 314 | %47.64 | هەڵەبجەی شەهید 38% و چەمچەماڵ 22% بووە |
| 5 | کۆمەلایەتی | 1083 | 508 | %46.90 | 575 | %53.09 | هەڵەبجەی شەهید 30% بووە، وە دوکان و قەڵادزێ و شارباژێر سفر% هەڵسەنگاندنیانە، و ڕانیە 40% ، چەمچەماڵ 40.2% بووە |
| 6 | بیرکاری | 810 | 479 | %59.10 | 331 | %40.86 | هەڵەبجەی شەهید 32% و چەمچەماڵ 41% بووە، دوکان سفر% بووە |
| 7 | زیندەوەرزانی | 300 | 126 | %42 | 174 | %58 | هەڵەبجەی شەهید 18% بوو، ڕانیە و قەڵادزێ و شارباژێر سفر% هەڵسەنگاندنیانە، دوکان 47% بووە هەڵسەنگاندنیان |
| 8 | کیمیا | 250 | 112 | %44.80 | 138 | %55.20 | هەڵەبجەی شەهید 16% بووە، دوکان و قەڵادزێ و چەمچەماڵ و شارباژێر سفر% هەڵسەنگاندنیانە |
| 9 | فیزیا | 270 | 152 | %56.29 | 118 | %34.70 | هەڵەبجەی شەهید و ڕانیە و چەمچەماڵ و شارباژێر سفر% هەڵسەنگاندنیانە، وە دوکان 36% بووە |
| 1 | هونەر | 57 | 45 | %78.90 | 12 | %21.05 | هەڵەبجەی شەهید و دوکان و |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 0 | | | | | | | قەلادزێ و چەمچەماڵ و شارباژێر و رانیە سفر٪ هەڵسەنگاندنیانە |
| 1 1 | وەرزش | 125 | 70 | ٪56 | 55 | ٪44 | هەڵەبجەی شەهید و دوكان و قەلادزێ و چەمچەماڵ و شارباژێر و رانیە سفر٪ هەڵسەنگاندنیانە |
| | سەرجەمیان | 6340 | 3572 | ٪56.34 | 2768 | ٪43.65 | |

| | نایاب | زۆرباش | باشە | ناوەند | پەسەند | لاواز | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | 191 | 1363 | 1551 | 466 | 0 | 1 | |
| ڕێژەی | ٪5.34 | ٪38.15 | ٪43.42 | ٪13.04 | 0 | ٪0.024 | |




## پارێزگەی دهۆك:

پرۆسەی هەڵسەنگاندنی مامۆستایان و بەڕێوەبەران و یاریدەدەران لە ساڵی خوێندنی (2007-2008) لە سنووری پارێزگەی دهۆك ڕێژەکەی باش نییە لە بەر ئەوەی لە کۆی (5234) مامۆستا تەنیا(2947)مامۆستایان هەڵسەنگاندووە کە ئەمەش لە چاو ژمارەی مامۆستایان ڕێژەیەکی یەکجار کەمە کە دەکاتە ڕێژەی (56٪)ی مامۆستایانی پارێزگەی دهۆك و دیارە هۆکاری هەڵنەسەنگاندنی مامۆستایان لە دهۆك بریتییە لەمانەی خوارەوە:

1ـ سەرپەرشتیاران بە شێوەیەکی باش و بەپێی پێویست بەسەر قوتابخانە و خوێندنگەکانی سنووری پارێزگەدا دابەش نەکراون.

2ـ لە چەند پەروەردەیەك هەندێك لە مامۆستایان بە هۆی نەبوونی سەرپەرشتیار لە سنووری پەروەردەکە مامۆستایان هەڵنەسەنگێنراون بەم شێوەی خوارەوە:

أ- پەروەردەی قەزای شێخان مامۆستایانی پسپۆری (هونەر ) هەڵنەسەنگێنراون.

ب- پەروەردەی قەزای تلکێف مامۆستایانی پسپۆری (زمانی کوردی،کۆمەڵایەتی،بیرکاری، کۆمپیووتەر ) هەڵنەسەنگێنراون.

ت- پەروەردەی قەزای زاخۆ ( فیزیا،بایلۆجی- کۆمپیووتەر،هونەر) مامۆستایانیان هەڵنەسەنگێنراون.

پ- لە پەروەردەی قەزای ئامێدی لە پسپۆرییەکانی (عەرەبی،بیرکاری،فیزیا،هونەر) بە هۆی نەبوونی سەرپەرشتیارانی پسپۆرییەوە هەڵنەسەنگێنراون.

ج- لە پەروەردەی سیمێل مامۆستایانی پسپۆری (زیندەوەرزانی،فیزیا،هونەر،کۆمپیووتەر) بەهۆی نەبوونی سەرپەرشتیارەوە هەڵنەسەنگێنراون.

ح- پەروەردەی ئاکرێ مامۆستایانی پسپۆری (زیندەوەرزانی ـ کۆمەڵایەتی ـ هونەر ـ وەرزش).

خ- پەروەردەی بەردەرەش (تەنیا هەڵسەنگاندنیان بۆ مامۆستایانی پسپۆری (کۆمەڵایەتی ) و ( بەڕێوەبەر و یاریدەدەرەکانی ) قوتابخانە و خوێندنگەکان کردووە و هیچ مامۆستایەکی دیکەی پسپۆری هەڵسەنگاندنی بۆ نەکراوە بە هۆی کردنەوەی پەروەردەی( بەردەرەش ) سەرپەرشتیارانی پسپۆری ئاکرێ

لــە ســەردانی دووەم واتــا هەڵــسەنگاندنیان ئــەنجام نــەداوە  و پــەروەردەی بەردەڕەش سەرپەرشتیاریان نەبووە.

د- زۆربەی مامۆستایانی پسپۆری کۆمپیووتەر لە سنووری پەروەردەی دهۆك کە هەڵنەسەنگێنراون هۆکارەکەی ئەوەیــە مامۆســتای ســەرەتایین و بڕوانامــەی (دبلۆم )یان هەیە بۆیە هەڵنەسەنگێنراون کە لە کۆی (172) مامۆستا تەنیا (25) یان بڕوانامەی (بەکالۆریوس)یان هەیــە کــە هەڵــسەنگێنراون ئــەوانی دیکە کە (147) مامۆستان بە هۆی بڕوانامەیانەوە هەڵنەسەنگێنراون.

ژ- هەندێك هۆکاری دیکە بەهۆی:

1- مۆڵەتی دایکایەتی ـ منداڵبوون ... تاد)

2- ژمارەیەك لە مامۆستایان تەنیا یەك جار بینراون.

3- هەندێکیان بەهۆی ئەوەی دوای وەرزی دووەم دەست بە کاربوونە.

## دهۆك

## ئامارەکانی هەڵسەنگاندنی مامۆستایان بۆ ساڵی 2007ـ 2008

| ژ | بابەتەکان | ژمارەی سەرجەم مامۆستایان | ژمارەی هەڵسەنگێراو | ڕێژەکەی | ژمارەی هەڵنەسەنگێراو | ڕێژەکەی | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | کارگێڕی | 896 | 789 | %88.58 | 107 | %11.42 | سیمێل لەخوار 50% |
| 2 | کوردی | 535 | 275 | %51.40 | 260 | %48.60 | سیمێل لەخوار 50% و تلکێف هەڵسەنگاندنی بۆ نەکراوە |
| 3 | عەرەبی | 557 | 288 | %51.70 | 269 | %48.30 | سیمێل لەخوار 50% و ئامێدی هەڵسەنگاندنی بۆ نەکراوە |
| 4 | ئینگلیزی | 630 | 384 | %60.95 | 246 | %39.5 | سیمێل لەخوار 50% |
| 5 | کۆمەڵایەتی | 590 | 322 | %54.57 | 268 | %45.43 | تلکێف هەڵسەنگاندنی بۆ نەکراوە |
| 6 | بیرکاری | 485 | 217 | %44.74 | 268 | %55.26 | سیمێل لەخوار 50% و |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | ئامێدی و تلکێف هەڵسەنگاندنی بۆ نەکراوە |
| 7 | فیزیا | 206 | 97 | %47 | 109 | %53.00 | ئامێدی و زاخۆ و سیمێل هەڵسەنگاندنی بۆ نەکراوە |
| 8 | کیمیا | 225 | 145 | %64.44 | 80 | %35.56 | |
| 9 | زیندەوەرزانی | 384 | 181 | %47.13 | 203 | %52.97 | زاخۆ و سیمێل هەڵسەنگاندنی بۆ نەکراوە و بەردەڕەش لەخوار 50% |
| 10 | هونەر | 116 | 36 | %31.00 | 80 | %69.00 | ئامێدی و زاخۆ و سیمێل و شێخان هەڵسەنگاندنی بۆ نەکراوە |
| 11 | وەرزش | 226 | 90 | %39.82 | 136 | %60.18 | |
| 12 | کۆمپیووتەر | 398 | 123 | %30.90 | 275 | %69.10 | تلکێف لەخوار 50% و زاخۆ و سیمێل هەڵسەنگاندنی بۆ نەکراوە |
| | سەرجەمیان | 5248 | 2947 | %61.00 | 2301 | %38.70 | |

| | نایاب | زۆرباش | باشە | ناوەند | پەسەند | لاواز | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | 74 | 800 | 1424 | 0 | 607 | 42 | |
| ڕێژەی | %2.51 | %27.14 | 48.32 | 0 | %20.59 | %1.42 | |




## پوختەی ئامارەکانی هەڵسەنگاندنی مامۆستایانی قۆناغی دواناوەندی لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندن 2007ـ2008

| پارێزگە | ژمارەی سەرجەم مامۆستایان | ژمارەی مامۆستایانی هەڵسەنگێراو | ڕێژەکەی | ژمارەی مامۆستایانی هەڵنەسەنگێراو | ڕێژەکەی | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 8392 | 6048 | %72.00 | 2344 | 28.00 % | |
| سلێمانی | 6340 | 3572 | %56.34 | 2768 | 43.65 % | |
| دهۆك | 5248 | 2947 | %56.15 | 2301 | 43.85 % | |
| گەرمیان | 1104 | 879 | %79.6 | 225 | 20.40 % | |
| سەرجەمیان | 21084 | 13446 | %63.77 | 7638 | 36.22 % | |

| | نایاب | زۆرباش | باشە | ناوەند | پەسەند | لاواز |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارە | 573 | 4466 | 6028 | 1528 | 788 | 63 |
| ڕێژەی | %4.26 | %33.21 | %44.83 | %11.36 | %5.86 | %0.46.85 |

(وێنە سکان بکرێ)

## ئاماری هەڵسەنگاندنی ئاستی مامۆستایان (دواناوەندی) لە هەرێمی کوردستان بە پێی ژمارەی مامۆستایان و پارێزگەکان /2007-2008

| پارێزگە | نایاب | زۆرباش | باشە | ناوەند | پەسەند | لاواز |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 296 | 2169 | 2674 | 774 | 120 | 15 |
| سلێمانی | 191 | 1363 | 1551 | 466 | 0 | 1 |
| دهۆك | 74 | 800 | 1424 | 0 | 607 | 42 |
| گەرمیان | 12 | 134 | 379 | 288 | 61 | 5 |






## پوختەی هەڵسەنگاندنی سەرپەرشتیارانی پسپۆری

پوختەی هەڵسەنگاندنی سەرپەرشتیارانی پسپۆری
پارێزگەکانی هەرێمی کوردستان ساڵی ( 2007 – 2008 )

| ز | پسپۆری | ژمارەی سەرپەرشتیاران | ئاستی سەرپەرشتیاران | | | | | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | لاواز | پەسەند | باش | زۆرباش | ناياب | |
| 1 | سەرپەرشتیاری یەکەم | 11 | - | - | 2 | 9 | - | |
| 2 | بەرپرسی پسپوری | 10 | - | - | - | 4 | 6 | |
| 3 | کارگێڕی | 88 | - | 7 | 35 | 39 | 7 | |
| 4 | کوردی | 32 | 2 | 3 | 15 | 9 | 3 | |
| 5 | عەرەبی | 29 | - | 2 | 17 | 9 | 1 | |
| 6 | ئینگلیزی | 32 | - | 2 | 16 | 12 | 2 | |
| 7 | کۆمەڵایەتی | 29 | - | - | 12 | 15 | 2 | |
| 8 | بیرکاری | 33 | - | 1 | 14 | 13 | 5 | |
| 9 | زیندەوەرزانی | 28 | - | 2 | 12 | 11 | 3 | |
| 10 | کیمیا | 28 | - | - | 13 | 12 | 3 | |
| 11 | فیزیا | 23 | - | 2 | 9 | 11 | 1 | |
| 12 | هونەر | 6 | - | - | 3 | 2 | 1 | |
| 13 | وەرزش | 18 | - | - | 8 | 8 | 2 | |
| 14 | کۆمپیوتەر | 5 | - | - | 1 | 4 | - | |
| 15 | دەروون زانی | 5 | - | 1 | - | 1 | 3 | |
| 16 | پیشەیی | 2 | - | - | 1 | 1 | - | |
| 17 | تورکمانی | 1 | - | - | - | 1 | - | |
| 18 | سریانی | - | - | - | - | - | - | |
| | کۆی گشتی | 383 | 2 | 20 | 161 | 161 | 39 | |

## سەرنج و تێبینی:

1ـ لەکۆی (436) سەرپەرشتیار لە ئاستە جۆرا و جۆرەکان (383) سەرپەرشتیار هەڵسەنگێنراون کە دەکاتە ڕێژەی 87.84٪ وە (53) سەرپەرشتیار و بەرپرسانی

پسپۆڕ و سەرپەرشتیارانی یەکەم هەڵنەسەنگێنراون کە دەکاتە ڕێژەی لە 13.44٪.

هۆکارەکانی هەڵنسەنگاندنی(53) سەرپەرشتیاری پسپۆڕی بریتین لە:

أ/(12) سەرپەرشتیاری پسپۆڕی کارگێڕی هەڵنەسەنگێنراون بەهۆی (8) یان تەنسیب کراون + 1یان مۆڵەتی نەخۆشی +3یان لەوەرزی دووەم دەست بەکاربوون.

ب/(25) بەرپرسی پسپۆڕی لە (هەولێر و سلێمانی ) بەبێ هۆی دیاری کراو هەڵنەسەنگێنراون.

ج/(1) سەرپەرشتیاری پسپۆڕی زمانی کوردی بە هۆی مۆڵەتی نەخۆشییەوە هەڵنەسەنگێنراوە.

د/ (1) سەرپەرشتیاری پسپۆڕی زمانی عەرەبی بە هۆی مۆڵەتی خوێندنەوە هەڵنەسەنگێنراوە.

ه/(1) سەرپەرشتیاری پسپۆڕی بیرکاری بە هۆی مۆڵەتی نەخۆشییەوە هەڵنەسەنگێنراوە.

و/ (1) سەرپەرشتیاری پسپۆڕی کۆمەڵایەتی بە هۆی دەست بەکار بوونییەوە لە وەرزی دووەم هەڵنەسەنگێنراوە.

ز/ (1) سەرپەرشتیاری پسپۆڕی وەرزش بە هۆی گواستنەوەیەوە بۆ پەروەردەیەکی دیکە هەڵنەسنگێنراوە.

ح/(8) سەرپەرشتیاری یەکەم لە پارێزگەی سلێمانی بە بێ هۆ هەڵنەسەنگێنراون.

گ/(2) سەرپەرشتیاری یەکەم لە هەولێر هەڵنەسنگێنراون (1) یان بە هۆی دەست بەکاربوونییەوە لە وەرزی دووەم (1) یان بەدوا داچوونی بۆ نەکراوە (پەروەردەی کۆیە).

ك/(1) سەرپەرشتیاری پسپۆڕی سریانی بە هۆی مۆلەتی نەخۆشییەوە هەڵنەسنگێنراوە.

---

**کۆی گشتی : (53) سەرپەرشتیار لە هەموو ئاستەکان هەڵسەنگاندنیان بۆ نەکراوە.**

**پێشنیازەکان:**

1ـ ئەو سەرپەرشتیارانەی کە لە ئاستی (لاواز) ن بخرێنە خولی شیاندنی سەرپەرشتیاران کە ژمارەیان دوو سەرپەرشتیاری پسپۆرییە.
2ـ ئەو سەرپەرشتیارانەی کە لە ئاستی ( پەسەند ) ن بخرێنە خولی بە هێز کردنەوە کـــە ژمارەیان (20) سەرپەرشتیاری پسپۆرییە.
3ـ ئەو سەرپەرشتیارانەی کە لە ئاستی (نایاب) ن رێزوسوپاسیان ئاراستە بکرێت کە ژمارەیان (39) سی ونۆ سەرپەرشتیاری پسپۆرییە.
4ـ ئەو سەرپەرشتیارانەی لەهەردوو ئاستی (باش،زۆرباش) ن بەشێوەیەکی فەرمی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی پارێزگەکانەوە ئەنجامەکانیان پێ ڕابگەیێنرێت.

## ئاستی هەڵسەنگاندنی سەرپەرشتیارانی پسپۆری
## هەرێمی کوردستان (2007ـ2008)

| ژ | پارێزگە | ژمارەی سەرپەرشتیار | ژمارەی هەڵسەنگێنراو | لاواز | پەسەند | باش | زۆرباش | نایاب |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | هەولێر | 206 | 173 | 1 | 4 | 43 | 95 | 30 |
| 2 | سلێمانی | 132 | 112 | 1 | 12 | 73 | 25 | 1 |
| 3 | دهۆك | 84 | 84 | 0 | 4 | 37 | 36 | 7 |
| 4 | گەرمیان | 14 | 14 | 0 | 0 | 8 | 5 | 1 |
|  | سەرجەم | 426 | 383 | 2 | 20 | 161 | 161 | 39 |

(وێنە سکان بکرێ)

## هەڵسەنگاندنی سەرپەرشتیارانی پسپۆری هەرێمی کوردستان بە ڕێژەی سەدی

| ژ | پارێزگە | ژمارەی سەرپەرشتیار | ژمارەی هەڵسەنگێنراو | لاواز | پەسەند | باش | زۆرباش | نایاب |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | هەولێر | 206 | 173 | 0.57% | 2.31% | 24.85 % | 54.91 % | 17.34 % |
| 2 | سلێمانی | 132 | 112 | 0.89% | 10.71 % | 65.17 % | 22.32 % | 0.89% |
| 3 | دهۆك | 84 | 84 | 0.00% | 4.76% | 44.04 % | 42.85 % | 8.33% |
| 4 | گەرمیان | 14 | 14 | 0.00% | 0.00% | 57.14 % | 35.71 % | 7.14% |
| | سەرجەم | 426 | 383 | 0.52% | 5.22% | 42.03 % | 42.03 % | 10.18 % |

(وێنە سکان بکرێ)

## پوختەی هەڵسەنگاندنی سەرپەرشتیارانی پسپۆری پارێزگەی (سلێمانی ) ساڵی ( 2007 – 2008 )

| ز | پسپۆری | ژمارەی سەرپەرشتیاران | ئاستی سەرپەرشتیاران | | | | | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | لاواز | پەسەند | باش | زۆرباش | نایاب | |
| 1 | سەرپەرشتیاری یەکەم | 8 | - | - | - | - | - | |
| 2 | بەرپرسی پسپوری | 12 | - | - | - | - | - | |
| 3 | کارگێڕی | 31 | - | 4 | 17 | 10 | - | |
| 4 | کوردی | 13 | 1 | 1 | 8 | 2 | 1 | |
| 5 | عەرەبی | 9 | - | 2 | 6 | 1 | - | |
| 6 | ئینگلیزی | 11 | - | 1 | 7 | 3 | - | |
| 7 | کۆمەڵایەتی | 9 | - | - | 6 | 3 | - | |
| 8 | بیرکاری | 11 | - | 1 | 7 | 3 | - | |
| 9 | زیندەوەرزانی | 10 | - | 2 | 7 | 1 | - | |
| 10 | کیمیا | 6 | - | - | 5 | 1 | - | |
| 11 | فیزیا | 5 | - | 1 | 4 | - | - | |
| 12 | هونەر | 2 | - | - | 2 | - | - | |
| 13 | وەرزش | 5 | - | - | 4 | 1 | - | |
| 14 | کۆمپیووتەر | - | - | - | - | - | - | |
| 15 | دەروون زانی | - | - | - | - | - | - | |
| 16 | پیشەیی | - | - | - | - | - | - | |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 17 | تورکمانی | - | - | - | - | - | - | |
| 18 | سریانی | - | - | - | - | - | - | |
| | کۆی گشتی | 132 | 1 | 12 | 73 | 25 | 1 | |

**سەرنج و تێبینی:-**

1ـ (8) سەرپەرشتیاری یەکەم بەبێ هۆ هەڵنەسەنگێنراون.
2ـ (12) بەرپرسی پسپۆری بەبێ هۆ هەڵنەسەنگێنراون.
3ـ (1) سەرپەرشتیاری کۆمپیووتەر هەڵنەسەنگێنراوە و ئاماژە بە هەبوونی نەکراوە.
4ـ تەنیا (1) سەرپەرشتیاری (ئاستی نایاب ) لە سنووری پارێزگە هەیە کە تازە دامەزراوە و بەشداری لە خولی شیاندنی سەرپەرشتیاران نەکردووە!!
5ـ ئاماژە بە سەرپەرشتیارانی پیشەیی نەکراوە سەرەڕای هەبوونیان لەمیلاکی سەرپەرشتیاری.

---

**کۆی گشتی: (21) سەرپەرشتیاری یەکەم و بەرپرسی پسپۆری هەڵنەسەنگێنراون.**

## پوختەی هەڵسەنگاندنی سەرپەرشتیارانی پسپۆری پارێزگەی ( دهۆك )
## ساڵی ( 2007 – 2008 )

| ز | پسپۆری | ژمارەی سەرپەرشتیاران | ئاستی سەرپەرشتیاران | | | | | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | لاواز | پەسەند | باش | زۆرباش | نایاب | |
| 1 | سەرپەرشتیاری یەکەم | 5 | - | - | 2 | 3 | - | |
| 2 | بەرپرسی | 13 | - | - | 3 | 4 | 6 | |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | پسپوری | | | | | | | |
| 3 | کارگێڕی | 15 | - | 2 | 4 | 9 | - | |
| 4 | کوردی | 4 | - | 1 | 1 | 2 | - | |
| 5 | عەرەبی | 4 | - | - | 2 | 2 | - | |
| 6 | ئینگلیزی | 7 | - | - | 7 | - | - | |
| 7 | کۆمەڵایەتی | 5 | - | - | 2 | 2 | 1 | |
| 8 | بیرکاری | 6 | - | - | 3 | 3 | - | |
| 9 | زیندەوەرزانی | 4 | - | - | 1 | 3 | - | |
| 10 | کیمیا | 7 | - | - | 6 | 1 | - | |
| 11 | فیزیا | 4 | - | 1 | 1 | 2 | - | |
| 12 | هونەر | 2 | - | - | 1 | 1 | - | |
| 13 | وەرزش | 5 | - | - | 3 | 2 | - | |
| 14 | کۆمپیووتەر | 3 | - | - | 1 | 2 | - | |
| 15 | دەروون زانی | - | - | - | - | - | - | |
| 16 | پیشەیی | - | - | - | - | - | - | |
| 17 | تورکمانی | - | - | - | - | - | - | |
| 18 | سریانی | - | - | - | - | - | - | |
| | کۆی گشتی | 84 | - | 4 | 37 | 36 | 7 | |

**سەرنج و تێبینی:**

هیچ تێبینی و سەرنجمان نییە لە بەر ئەوەی سەرجەم سەرپەرشتیاران بە ڕێژەی لە 100٪ لە هەموو ئاستەکانی سەرپەرشتاری (سەرپەرشتیارانی یەکەم / بەرپرسانی پسپۆری / سەرپەرشتیارانی پسپۆری قەزا ) بە شێوەیەکی ڕێك و پێك هەڵسەنگێنراون.

# پوختەی هەڵسەنگاندنی سەرپەرشتیارانی پسپۆری (گەرمیان)
# ساڵی ( 2007 – 2008)

| ز | پسپۆری | ژمارەی سەرپەرشتیاران | ئاستی سەرپەرشتیاران | | | | | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | لاواز | پەسەند | باش | زۆرباش | نایاب | |
| 1 | سەرپەرشتیاری یەکەم | - | - | - | - | - | - | |
| 2 | بەرپرسی پسپوری | - | - | - | - | - | - | |
| 3 | کارگێڕی | 3 | - | - | 2 | 1 | - | |
| 4 | کوردی | - | - | - | - | - | - | |
| 5 | عەرەبی | 2 | - | - | 1 | 1 | - | |
| 6 | ئینگلیزی | 2 | - | - | 1 | 1 | - | |
| 7 | کۆمەڵایەتی | 1 | - | - | - | 1 | - | |
| 8 | بیرکاری | 1 | - | - | 1 | - | - | |
| 9 | زیندەوەرزانی | 2 | - | - | 1 | - | 1 | |
| 10 | کیمیا | 2 | - | - | 1 | 1 | - | |
| 11 | فیزیا | - | - | - | - | - | - | |
| 12 | هونەر | - | - | - | - | - | - | |
| 13 | وەرزش | - | - | - | - | - | - | |
| 14 | کۆمپیووتەر | - | - | - | - | - | - | |
| 15 | دەروون زانی | - | - | - | - | - | - | |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 16 | پیشەیی | 1 | - | - | 1 | - | - | |
| 17 | تورکمانی | - | - | - | - | - | - | |
| 18 | سریانی | - | - | - | - | - | - | |
| | کۆی گشتی | 14 | - | - | 8 | 5 | 1 | |

**سەرنج و تێبینی:**

1ـ سەرجەم سەرپەرشتیارن بەرێژەی 100٪ هەڵسەنگێنراون.

2ـ بەرپرسی پسپۆری و سەرپەرشتیاری یکەم لە سنووری پەروەردەی گەرمیان نییە.

3ـ بەهۆی نەبوونی ئەم پسپۆرانیەوە نەتوانراوە سەردانی مامۆستایان بکرێن و رێنمایی مامۆستایان بکرێت ( کوردی , فیزیا , هونەر , وەرزش , کۆمپیووتەر).

***ب. سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی ئامادەیی و پیشەیی**

****ب.گ. سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی**

# پەروەردەی هونەری لە قۆناغی بنەڕەتی

**کەریم سابیر مستەفا***

**بەتایبەتی پۆلی ( 1 , 2 , 3 )**

یەك لە ئامانجە گرنگەکانی پەروەردەی هونەری لە قۆناغی سەرەتایی بە تایبەتی ( 1, 2, 3 ) ئاشنا بوونی قوتابییانە بەو شێوانەی کە لە ناو بابەتەکانی خوێندندا هەن بەگشتی, هەروەها پاڵپشتی وانەکانی دیکەی خوێندن بۆ چەسپاندنی زانیارییەکان بەشێوەی هونەری لەڕێی بەشداری کردنی چەندین هەستەوە (جووڵەو

بینین و بیستن)، (دەربڕین و شێوەو موزیك)كە بەهۆی بەكارهێنانی هۆیەكانی فێركردن بە سادەترین شێواز لە ڕێی پەروەردەی هونەرەوە دابین دەكرێت، و دابینكردنی لەلایەن مامۆستایان و قوتابیان وەك ئەو وێنانەی كە هەنگاوی دروستكردنیان لە ژمارە 1ـ 9 دیاری دەكات.

## هەنگاوەكانی دروستكردنی هۆیەكانی فێركردن

## بەسادەترین شێوەو پێداویستی سادە

1ـ ئەو كەلوپەلانەی پێویستن كە لەوێنەكە دیارە (كەتەر، مقەست، كاربۆن، كارتۆنی ڕەق، وێنەی دیاری كراو)




2ـ یەك لەوێنەكانی ناو كتێب دەست نیشان دەكەین



3ـ پارچە كارتۆنێكی ڕەق دەخەینە ژێر وێنەكە



4ـ كاربۆنێك لەسەر كارتۆنە ڕەقەكە دادەنێین لەژێر وێنەكە



5ـ بە قەڵەم ڕەساس بەسەر وێنەکەدا دەچینەوە




6ـ بەم شێوەیە وێنەکە لەسەر کارتۆنە ڕەقەکە دەردەچێت



7ـ بەهۆی مقەست یان کەتەر وێنەکە دەردەهێنین



8ـ وێنەکە بەم شێوەیە ئامادە دەبێت



9ـ شێوەكە دەتوانین بە سێ شێوازی هونەری سەردەم ئەنجام بدەین:
أ ـ نەخشسازی واتە چەندجارەكردنی یەك شێوە.



بیركاری



زمانی ئینگلیزی



زمانی كوردی و عەرەبی

ب ـ هونەری جووڵاو (فنون بصرية) واتە شێوەكە بە چەند ئاراستەیەك دووبارەی دەكەینەوە یان لە دەوری خۆی جووڵەی پێدەكەین.









بیرکاری



زمانی ئینگلیزی



زمانی کوردی و عەرەبی

جـ ـ هونەری دیزاین واتە شێوەکە بەچەندین قەوارەی جیاواز دیاری دەکەین.







**بیرکاری زمانی ئینگلیزی زمانی کوردی و عەرەبی**

لەم وێنەیە نەخشسازی واتە خاڵی (أ) ئەنجام دەدەین



یان لە بازاڕەکانی کوردستان دەست دەکەوێت یان دابین کردنی لە رێی دانانی بەرنامەیەکی پوخت بۆ قوتابخانەکانی پیشەیی لە ڕێی بەشەکانیەوە (سیرامیك ـ کانزاکان ـ دارتاشی).
لەم بەرنامەیەدا شێوەکانی ناو بابەتەکانی قۆناغی بنەڕەتی بەتایبەتی پۆلی (1، 2، 3):

**یەکەم :** زمانەوانی شێوەی پیتەکان لەخۆدەگرێت.
**دووەم:** بیرکاری شێوەی ژمارەو شێوە ئەندازەییەکان.
**سێیەم:** زانست و کۆمەڵایەتی ئەو شێوانەی لەناو کتێبەکەدا هەیە.

به بەرنامەیەکی دارێژراو بۆ هەر قوتابخانەیەکی پیشەیی چەندین شێوە دەستنیشان دەکەین لە پاشماوەی ئەو کەرەستانە بۆمان دروست بکەن کە کاری پێدەکەن، وەك قوڕ لەبەشی سیرامیك، کانزا لەبەشی کانزاکان، دار یان مەعاکس لەبەشی دارتاشی، چونکە شێوەکان بچووکن کەرەستەی زۆریان پێویست نییە.

ساڵانە ژمارەیەکی زۆر لەم شێوانە وەکو ئامرازی فێرکردن لە بنکەی هۆیەکانی فێرکردن کۆبکرێنەوە بەسەر قوتابخانەکانی هەرێمدا دابەش بکرێن، دەتوانین هەمان بەرنامە لەشارەکانی دیکە بۆ دابینکردنی پێداویستی گشت قوتابخانەکان جێبەجێ بکەین.

*پسپۆری بۆ بابەتەکانی خوێندن لە قۆناغی سەرەتایی دروست دەکرێت پاش بەشداریکردنیان لە خولی تایبەت بەو وانانەی کە لەم قۆناغەدا هەن.

*دەربارەی وانە وتنەوەی هونەر هەموو مامۆستایەك توانای دەبێت تەنیا بۆ ماوەی چەند رۆژێك لە خولی وانە وتنەوەی پەروەردەی هونەر بەشداری بکات ئەویش بەو شێوە تازەیەی کە ئامانجە گرنگەکەی دیاری کراون، چونکە ئادەمیزاد هەر لە سەرەتای فێربوونی نووسینەوە لە ڕێگەی هونەری شێوەکارییەوە وەك ئامرازی فێرکردن بەکاری هێناوە، ئێستاش ئێمە کاتێك داوای سستمی نوێ دەکەین لەڕووی فێرکردنەوە هەمان ئامراز بەکاردەهێنین.

بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە ڕۆڵی پەروەردەی هونەر بەتایبەتی (هونەری شێوەکاری) بۆ چەسپاندنی زانیارییەکان و جێگربوونیان لەهزری قوتابییاندا چەند گرنگە.

## کەمکردنەوەی وانەی هونەر

لەهەفتەیەکدا لە دوو وانە بۆ یەك وانەو جیاکردنەوەی وانەی سروود لە وانەی پەروەردەی هونەر کە تەنیا وێنەیان مەبەستە:

دەبێتە هۆی پاشکەوتنی پرۆسەی خوێندن بەڵکو نزمبوونی ئاستی خوێندن پتر لەوەی ئێستا بەدی دەکرێت، بۆیە پێشنیار دەکەم کە لەپۆلی (1, 2. 3) پتر گرنگی بەم وانانە بدرێت:

**1- پەروەردەی هونەر**

**2ـ پەروەردەی وەرزش**

**3ـ پەروەردەی ئایین**

**4ـ پەروەردەی مەدەنی و کۆمەڵایەتی**

لە شوێنی بەشە وانەی زمانی کوردی کەم بکرێتەوە, بەشە وانەی زمانی کوردی کە زمانی دایکە قوتابیان قسەی پێدەکەن تەنیا نووسین و ناسینەوەی پیتەکان پێویستە بزانن ڕۆژانە دوو وانەی یەك لە دوای یەك لە خشتەی ڕۆژانە کە دەبێتە هۆی بێزاری قوتابیان کاتێك کە زمانی ئینگلیزی دەخوێنرێت تەنیا سێ وانە لە هەفتەیەکدا دانراوە کەواتە ڕۆژێك نا ڕۆژێکە هەرچەندە زمانێکی بیانی و گرنگ و پێویستە فێربکرێن قسەی پێ بکەن و پیتەکان شارەزابن و بینووسن کە ئەم ئەرکەش لە ڕێی پەروەردەی هونەرەوە بەدی دەکرێت (خۆشنووسی و ڕەوانبێژی).

پێشنیارم بۆ بەشە وانەکانی پۆلی (**یەك, دوو, سێ**).

| | |
|---|---|
| **زمانی کوردی** | 3 |
| **پەروەردەی هونەر (وێنە و سروود)** | 3 |
| **زمانی ئینگلیزی** | 3 |
| **هروەردەی وەرزش** | 3 |
| **بیرکاری** | 4 |
| **پەروەردەی مەدەنی و کۆمەڵایەتی** | 2 |
| **زانست** | 3 |

بەشە وانەی هەفتانە بۆ گشت بابەتەکان 25 وانە دەبێت و دەکرێت لە هەفتەیەکدا دوو ڕۆژ پشوو بێت واتە ڕۆژانە 5 وانە هەبێت.

## خشتەی وانەکان

بۆ ئەوەی وانەکانی پەروەردەیی ڕۆڵی خۆیان لە پرۆسەی خوێندندا ببینن پێویستە خشتەی وانەکان بە ڕێسایەکی نەگۆڕ دابنرێت کە قوتابخانەکان پابەندبن وەك لە سەرەتای هەموو ساڵێکی خوێندنەوە یەك خشتە لەسەر مامۆستایان

دابەش بکرێت, ئەویش بەم شێوەیەی لە خوارەوە هاتووە بۆ بەرژەوەندی گشتی و سەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن.

پەروەردەی هونەر (وێنە + سروود)+ بەشێك لە وانەکانی زانستی و زمانەوانی.

پەروەردەی وەرزش+ بەشێك لە وانەکانی زانستی و زمانەوانی.

پەروەردەی ئایین + زمانی عەرەبی+ بەشێك لە وانەکانی زانستی و زمانەوانی.

پەروەردەی کۆمەڵایەتی ( مەدەنی+ ماف)+ بەشێك لە وانەکانی زانستی و زمانەوانی

*وانەکانی پەروەردەیی (6 وێنە ,4 سروود , 9 ئایین ,12 وەرزش , 7 کۆمەڵایەتی ,4مەدەنی , 1ماف)

* وانەکانی زانستی و زمانەوانی (47 کوردی , 36 بیرکاری ,22ئینگلیزی , 26 زانست)

*بۆ یەکسانکردنی بەشە وانەکانی هەفتە بەو وانانە بکرێت کە زانستین یان زمانەوانین ژمارەیان لە هەفتەیەکدا 12 وانە پتره.......... تاوەکو ئێستا بە پێچەوانەوە پەیرەو دەکرێت بۆ نمونە:

( 4 سروود بۆ 4 ماموستا 6 وینە بۆ 4 ماموستا , 12 وەرزش بۆ 6 ماموستا )

*بەم شێوەیە ئێستا بەشەوانەکانی هەفتە یەکسان دەکرێن، لە خشتەی وانەکان بۆ هەرمامۆستایەك 4 تا 5 بابەت دادەنرێت ئەمەیش دەبێتە هۆی بە فیڕۆدانی توانای مامۆستاکان.

*پێویستە هەر مامۆستایەك لەیەك بابەت تا دوو بابەت پتر لە بەشەوانەی هەفتانە لە خشتەی وانەکان دانەنرێت بۆ ئەوەی توانای مامۆستا لە کەمترین بابەتدا چڕ بکرێتەوە.

*دەکرێت بۆ بەرژەوەندی کشتی جیاوازی لە بەشە وانەی هەفتانە هەبێت.

*پسپۆری لە قۆناغی سەرەتای دروست دەکرێت بەم شێوەیە کە خشتەی وانەکان نەگۆڕ بێت سەرپەرشتیارانیش ڕۆڵی خۆیان لە ڕێنمایی کردن و پسپۆرکردنی مامۆستا دەبینن.

سەرپەرشتیارانیش وانەکانی زانستی و زمانەوانی ڕێنمایی بۆ گشت مامۆستایانی وانەکە بکەن, بۆهەڵسەنگاندنیان یەك یان دوو مامۆستا هەڵبسەنگێنن، ئەوانی دیکەیش بۆ سەرپەرشتیارانی وانەی پەروەردەیی جێ بهێڵن،

بەم شێوەیە ژمارەی مامۆستایان بۆ هەڵسەنگاندن لای سەرپەرشتیارانی هەموو بابەتەکان نزیك یەك دەبێت.

*هەروەها دەردەکەوێت کە ڕۆڵی پەروەردەی هونەرو وەرزش و ئایین و مەدەنی جەند گرنگن و لەسەر ئاستی پەروەردەکردن ئینجا فێرکردن چەند کاریگەرن.

## هەڵسەنگاندنی مامۆستایان لە بابەتەکانی خوێندن

ئەرکی سەرەکی مامۆستایان گەیاندنی زانیارییەکانی ناو بابەتەکانی خوێندنە. کاتێك هەڵسەنگاندن بۆ مامۆستا دەکرێت، واتە ئاستی سەرکەوتنی مامۆستایان لە گەیاندنی زانیارییەکان جیادەکاتەوە.

بۆیە پێویستە ژمارەی مامۆستایان بۆ هەڵسەنگاندن تا بکرێت لە نێوان سەرپەریشتیاران ڕێك بخرێت، بەتایبەتی بابەتەکانی زانستی و زمانەوانی لەگەڵ بابەتە پەروەردەییەکاندا، کە جیاوازییەکی زۆر لە بەشە وانەی هەفتانە هەیە.

بۆ نموونە:

زمانی کوردی لە قوتابخانەی 6 پۆلی 47 وانەی هەیە, هەر پۆلێك 1 هۆبەی بێت، واتە 2 مامۆستا پتری پێویستە.

لە قوتابخانەی 12 پۆلی 94 وانەی هەیە، هەر پۆلێك 2 هۆبەی بێت، واتە 4 مامۆستا پتری پێویستە.

لە قوتابخانەی 18 پۆلی 141 وانەی هەیە، هەر پۆلێك 3 هۆبەی بێت، واتە 6 مامۆستا پتری پێویستە.

ئەگەر قوتابخانەکانیش هەندێکیان دوو دەوام بن، واتە ئەو ژمارانە جارانی دوو دەکرێت. کاتێك کە تەنیا بەشە وانەیان زمانی کوردی بێت, ئەگەر بەشە وانەکانیان بە وانەی دیکە یەکسان کرابێت ئەوە ژمارەکان هێشتا پتر دەبێت.

بەم شێوەیە ئەگەر سەرپەریشتیاری زمانی کوردی 20 قوتابخانەی لە لا بێت (20 10x ) بەلای کەم 200 مامۆستای دەبێت بۆ هەڵسەنگاندن کە ئەم ژمارەیە بڕێکی زۆرەو, ئاستی هەڵسەنگاندنەکە لەو ئاستە نابێت کە پێویستە هەوڵی بۆ بدرێت.

پەروەردەی هونەر (وێنە +سرود) لە قوتابخانەی شەش پۆلی تەنیا 10 وانەیە واتە یەك مامۆستا پێویستە بەشەوانەی هەفتانەی بە وانەی دیکە پڕ بکاتەوە, لە قوتابخانەی 12 پۆلی 20 وانە بۆ یەك مامۆستا.

لە قوتابخانەی 18 پۆلی 30 وانە بۆ دوو مامۆستا.
ئەگەر قوتابخانەکانیش هەندێکیان دوو دەوام بن، واتە ئەم ژمارانە جارانی دوو دەکرێت. کاتێك کە تەنیا بەشە وانەیان پەروەردەی هونەر بێت لە زۆربەی قوتابخانەکان بەشە وانەی پەروەردەی هونەر بەتەنیا نییە ئەوە سێ مامۆستا بۆ هەر قوتابخانەیەك ئەگەر بەشە وانەکانیان تەنیا هونەر بێت یان دەرچووی (پ.هـ.ج)بن، ئەگەر بەشەوانەکانیان بەوانەی دیکە تەواوکرابێت ئەوە ژمارەی وانەکانی زانستی و زمانەوانییان لە وانە هونەرییەکان پتردەبێت, ئەو کات ناکرێت سەرپەریشتیاری پەروەردەی هونەر هەڵسەنگاندنی بۆ بکات, کەواتە ئەگەر سەرپەریشتیاری پەروەردەی هونەریش 20 قوتابخانەی هەبوو، بۆ هەر قوتابخانەیەکی دوو دەوامی سێ مامۆستا هەبوون، کە وانەی پەروەردەییان لە لابێت, ژمارەی مامۆستایانی هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکات(20 x 3)=60 مامۆستا دەبێت,
بۆئەوەی سەرپەرشتیاران وەکو یەك ڕۆڵی خۆیان لە هەڵسەنگاندندا ببینن، پێویستە بۆ هەر قوتابخانەیەك دوو تا سێ مامۆستا پتر دەستنیشان نەکرێت بۆ هەر بابەتێك لە پسپۆرییەکان,ئەوانی دیکەیش بۆ کارگێڕییەکان.

## هۆیەکانی فێرکردن

شێوازی تازەی خوێندن بۆ گشت بابەتەکان بەتایبەتی پۆلی (1-2-3) پێویستە بواری لە باریان بۆ بڕەخسێت بۆ چەسپاندن و جێگیربوونی زانیارییەکان و گەیاندنی بەشێوەیەکی ڕەخساو لە لایەن مامۆستایانەوە، پێویستە هەموو ئەو زانیارییانە شێوەی تایبەتی خۆیان بۆ دروست بکرێت بە ژمارەیەکی زۆر بۆ ئەوەی بکەونە بەردەست هەموو قووتابییەکان، واتە دابین بکرێن وەك چۆن کتێبەکان ئامادە دەکرێن و بەسەر قوتابیان دابەش دەکرێن.
بۆیە پێویستە ڕێگایەك بگرینە بەر کە ئەم پێداویستییانە بە ماوەیەکی کەم و تێچوونێکی کەم لە بڕی پارە دابین بکەین بۆیە پێشنیار دەکەم کە بەرنامەیەکی چڕ بۆ قوتابخانە پیشەییەکان و بەشی دارتاشی لە پەروەردەو بنکەی کارە دەستییەکان دابڕێژین. کاری تێدا بکەن و لەو پاشماوانە بەرهەمبهێنن کە لە بەشە جیاوازەکان (سیرامیك, کانزاکان, دارتاشی) دەمێننەوە (قوڕ- کانزا - دار) ئەویش بەقەوارەی

جیاواز، گەورەترین قەوارە 10سمx10سم پتر نەبێت و بچووکترینیشیان 3سمx3سم بێت.

لە چۆنیەتی دروست کردنی ئازاد بن بۆ ئەوەی بواری داهێنان خۆش بکەین و بوار بۆ ئەوانە بڕەخسێت توانای نوێکردنەوەو گۆڕانکاری بەردەوامیان هەیە.

**ئەو شێوانەی لە ناو بابەتەکانی خوێندنی پۆلی( 1-2-3 ) هەیە**

بۆ بیرکاری...........شێوەی ژمارەو شێوە ئەندازەییەکان

ژمارەکان (لە یەك تاکو نۆ)  بەجۆرەکانیەوە 

بۆ زمانەوانی........شێوەی پیتەکانی کوردی ـ عەرەبی ـ ئینگلیزی (کەپیتەڵ و سمۆڵ).

بۆ زانستەکان........ئەو شێوانەی کە لە ناو کتێبەکەدا هەن.

دابەشی سەر ئەم شوێنانە دەکەین بە شێوەیەکی دیاریکراو بە چەند قەوارەیەك کە دەستنیشانمان کرد.

1- ژمارە ..... لە (سفر تاکو نۆ). 2- پیتەکانی کوردی.

3- پیتەکانی عەرەبی. 4- شێوە ئەندازەییەکان.

5- پیتە سمۆڵەکانی ئینگلیزی. 6- پیتە کەپیتەڵەکانی ئینگلیزی.

*دانیشتنێك لەگەڵ سەرپەریشتیارانی پیشەیی بۆ دیاریکردنی چۆنیەتی جێبەجێکردنی بە شێوەیەکی ئازاد و ڕەخساندنی بواری لەبار بۆ داهێنان لەلایەن قوتابیانەوە.

ساڵانە بڕی ئەم شێوانە لەبنکەی هۆیەکانی فێرکردن بەپێی پێویست دابەشی سەر قوتابخانەکان بکرێت.

***سەرپەرشتیاری پەروەردەی بنەڕەتی/ هونەر**

# گۆران و ئافرەت

سادق ئەحمەد*

## پێشەکی

لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵمان داوە بەپێی توانا تێڕوانینی گۆران بۆ ئافرەت لە ڕوانگەی شیعرەکانییەوە شی بکەینەوە و بەدوای ئەوەدا گەڕاوین کە هەڵسوکەوتی گۆران بە پراکتیك لەگەڵ ئافرەتدا چۆن بووە بخەینەڕوو. هەرچەندە زۆر باس و لێکۆڵینەوە لەسەر گۆران ئەنجامدراون بەڵام ئەوەندەی وەدەست ئێمە کەوتوون خوێندوومانەتەوە لەڕوانگەی شیعرەکانییەوە باسکراون کە لەلایەن ڕەفیق حیلمی و کاکەی فەلاح و کەمال میراودەلی و حەمەی مام ئاوڕەحمانەوە نووسراون، پتر گۆران وەکو شاعیرێکی

جوانپەرست یان سێکسی دوور لەهەست و سۆزی مرۆڤانەوە باس دەکەن.

هەوڵمان داوە چ لەڕوانگەی شیعرەکانییەوە یان چاوپێکەوتنەکانییەوە کە لایەنی کۆمەڵایەتی و ئێش و ئازاری ئافرەتی کورد بەدەست کۆمەڵ لە شیعرەکانیدا دەربخەین و هەندێك لایەنی دیکەی ژیانی گۆرانمان بەدەرخستووە. لێکۆڵینەوەکە

**یەکەم:** لە پێشەکی و سێ بەش و ئەنجام پێکهاتووە: یەکەم بەش تایبەتە بە ژیانی گۆران و.

**دووەم:** ئافرەت لە ڕوانگەی شیعرەکانییەوە.

**سێیەم:** گۆران لەڕێگەی چاوپێکەوتن و دیدارەکانەوە لەکۆتاییدا هیوادارین کە توانیبێتمان مشتێك بخەینە سەر خەرمانی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی.

## بەشی یەکەم

## ژیانی گۆران

گۆران ناوی عەبدوڵڵا کوڕی سولێمان بەگی عەبدوڵڵا بەگە، لەساڵی (1904-1905) لە هەڵەبجە هاتووەتە دونیاوە. باوك و باپیری گۆران فارسیزان بوون و، بە کوردی و فارسی شیعریان هۆنیوەتەوە. ژیانی منداڵی لە هەڵەبجە بەسەربردووە، هەرلەوێ چووەتە قوتابخانە کە خوێندنی تێدا بە تورکی بووە[1].

لەساڵی (1919) باوکی گۆران کۆچی دوایی کردووە، لەساڵی (1921) لەلایەن محەمەد بەگی برایەوە نێرراوەتە کەرکووك بۆ خوێندن لەقوتابخانەی زانستی (مەدرەسەی علمیە) و لەهەمان ساڵدا برای دەکوژرێت[2].

بەم جۆرە گۆران هەر لەسەرەتای ژیانییەوە تووشی ژیانێکی سەخت و نالەبار دەبێت. لەگەڵ ئەو هەموو ژیانە سەختەشدا گۆران زۆر نەبەردانە هەڵسوکەوت لەگەڵ دەوروبەرو ڕووداوەکاندا دەکات، مل دەنێتە بەر ئەو بارە قورسەی دەکەوێتە سەرشانی چ بەرانبەر خێزان و چ لەبەرانبەر کۆمەڵگەو نیشتمان.

گۆران بە مامۆستایی و فەرمانبەری زۆر شوێنی کوردستان گەڕاوە، چەندین جار لەکار لادراوەو دەرکراوەو بە بیانووی جۆراوجۆر خراوەتە بەندیخانە. زۆربەی ئەو ناخۆشی و چەرمەسەرییەی کە هاتووەتە ڕێی گۆران لە ژیانیدا لەسەر مرۆڤپەروەری و

هەڵوێستی نیشتمانی بووە، بەرانبەر داگیرکەرو دوژمنان، بەم هەموو ئازاردان و گرفت و بۆنانەوەش لەلایەن دەسەڵات و کۆنەپەرستانەوە، گۆران نەرووخاو تا مردن لەرێگە لای نەدا، بگرە لەسەر درێژەدانی بە خەبـــات سوورتربوو.

گۆران هەر لەزووەوە هەستـــی بە ئازارو دەردەکانی کۆمەڵی کوردەواری کردووە، نازناوی گۆران بۆ ناوی ئەو هۆزە دەگەڕێتەوە کە لە دوژمنایەتیدا بوون لەگەڵ هۆزی جاف کە گۆران لەو هۆزەیە، مەبەستـــی گۆران لێرەدا ڕیشەکێش کردنی ئەم جۆرە دەردانەیە هەڵبەتە نازناوی (گۆران) لەلایەن (پیرەمێرد)ەوە بۆ شاعیر عەبدوڵلا گۆران هەڵبژێرراوە، کاتێك شیعرێکی لەرۆژنامەکەیدا بۆ بلاوکردووەتەوەو ئەو نازناوەی بۆ داناوە.

گۆران لە تەمەنی (12 تا 13) ساڵی دەستی بە نووسینی شیعر کردووە[3]. گۆران بە ڕابەری شیعری نوێی کوردی دادەنرێت.

سەرهەڵدانی فاشییەکان و نازییەکان زۆر کاری لە گۆران کردووەو، و لەدژیان جەنگاوە، لەساڵی (1942تا 1945) بەڕێوەبەری بەشی کوردی ئەو ڕادیۆیە بووە کە ئینگلیز لە یافای فەڵەستین دایان مەزراندبوو[4].

گۆران دووجار سەردانی یەکێتی سۆڤیەتی کردووە، یەکەمین جار لە پاییزی (1959) نوێنەری ئەنجوومەنی ئاشتی عێراق بووەو، و لەوێوەوە سەردانی چین و کۆریای کردووە، لەم گەشتەدا وەکو ئەندامی کارگێڕ لەئەنجوومەنی ئاشتـــــــی جیهان هەڵبژێرراوە.

دووەمین جار بۆ چارەسەری نەخۆشی لەساڵی (1962) چووەتە مۆسکۆ، پاش دوو مانگ گەڕاوەتەوە، لە ئۆکتۆبەری هەمان ساڵ بۆ دواجار ماڵئاوایی کردووە، لەگۆڕستانی سەیوان لەسلێمانی بەخاك سپێرراوە[5].

ڕاستە گۆران بە جەستە نەماو لەبەرچاو وون بوو، بەڵام بە بیروباوەڕە پێشکەوتووخوازەکەی و بەرهـــەم و داهێنانە ڕەنگینەکانی و خەبات و بەرخۆدانی تاهەتایە دەمێنێ و مایەی شانازی گەلەکەمانە بەگشتی و چەوساوەکانی بەتایبەتی، چونکە گۆران هەڵگری پەیامـــی کۆمەڵگەیەکی یەکسان و بێ چەوسانەوەو پڕ لەدادی کۆمەلایەتی بوو.

## دووەمین بەش

## ئافرەت لە شیعرەکانی گۆراندا

گۆران ئەو مرۆڤە بەرزو هەست ناسکە، هەر لەسەرەتای ژیانیدا تووشی کلۆڵی و کارەسات و چەرمەسەری بووە، کۆچی باوك، کوژرانی برا گەورە، دابڕان و دوورکەوتنـــــــەوە لەخێزان بەمەبەستی خوێندن.

هەموو ئەمانە کاریگەری زۆریان لەسەر بیرو مێشکی گۆران و ڕێڕەوی ژیانی هەبووە. یەکێك لەچیرۆکنووسە گەورەکانی جیهان سۆمەرست مۆم وای بۆ چووە، بلیمەتی تۆوێکە هەر لەزەوی و زاری مەینەتی و کلۆڵی و پەژارەدا سەوز دەبێت و پەرەدەسێنێت و پەل دەهاوێژێت(6).

بەڵێ ئەم بارە ناهەموارەی ژیان وای لێ کرد، کە لە ئاسۆیەکی قووڵ و بەرفرەوانەوە تەماشای ژیان بکات و خۆی ئامادە و تەیار بکات بۆئەوەی ڕۆڵی پێشڕەو لەناو کۆمەڵدا ببینێت.
گۆران مرۆڤێکی بەتواناو بەهرەداربووە، بەردەوام لەهەوڵ و خۆماندووکردندا بووە، توانیویەتی خۆی فێری چەند زمانێکی وەکو تورکی و عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی بکات، بەمەش پتر بواری خوێندنەوەو شارەزابوونی ئەدەبیاتی جیهانی بۆ ڕەخسا. ئەگەر تەماشای شیعرەکانی گۆران بکەین، ئەوە بەشێکی زۆر لەسەر پرسی ژن و ژن دانراون، دیارە ژن بووەتە سەرچاوەی ئیلهامی شیعرەکانی و چێژێکی زۆری لێ وەرگرتووە. شیعرەکانی گۆران لەبابەت ئافرەتەوە بەشێوەیەکی فرەوان و هەمە لایەنن، وەك دایك، کچ، یار، ئافرەتی چەوساوەی کورد.

گۆران کە ڕابەری شیعریی نوێی کوردییە، بۆ باسکردن لە ئافرەت گۆران لەشیعری نوێی کوردیدا شێوازێکی نوێی گرتەبەر، کە لەشیعـــــــری کلاسیکیدا ئافرەت لەجوانیـــــــــدا بەسروشت و کەرەستەکانی دەچوێنرا، بەڵام لێرەدا گۆران پرۆسەکەی پێچەوانە کردەوەو بەلای ئەو سروشت دابردی، بەم هەموو جوانییەی و بەم هەموو دیمەنە سیحراوی و دڵرفێنانەی بەبێ یارو دڵدار کە ئافرەت دەگەیەنێ، ئەو جوانییە نابەخشێ کە تاسەشکێن بێت.
ئەوەتا گۆران لە شیعری (ئافرەت و جوانی)دا دەڵێ:

**بەئاسمانەوە ئەستێرەم دیوە**
**لەباخچەی بەهار گوڵم چنیوە**
تا دەگاتە
**ئەمانە هەموو جوانن شیرینن**
**ڕۆشن کەرەوەی شەقامی ژینن**
**بەڵام تەبیعەت هەرگیزاو هەرگیز**
**بێ ڕووناکییە بێ بزەی ئازیز**(7)

ڕەفیق حیلمی لەبابەت ئەم شیعرەوە دەڵێ:

ئەمە نیگـــــای گۆرانە بەرانبەر تەبیعەت و جوانییەکانی، ئەو زیاد لەشاعیرانی دیکە مەفتوونی سروشتە و بە نیگایەکی قووڵتر تیێ ئەڕوانێ بەلآم لەلایەکی دیکەشەوە هەست بەوە دەکات، جوانی ئافرەت کانگەی هەموو جوانییەکانی تەبیعەتە بە ئیلهامی جوانی ئافرەت هەست بەوە ئەکرێ کە لەتەبیعەت جوانی هەیە(8).

لەم شیعــــــرەی گۆران بۆمان دەردەکەوێت کە ئافرەت سەرچاوەی جوانی و جوانی بەخشەو هەرچی جوانی دیکە هەیەو هەستی پێ دەکرێ کاردانەوەی جوانی ئەوە، واتا بە نەبوونی ئافرەت جوانی نامێنێ و وجودی نییە، لێرەدا ووشەی ئازیز ئەو بارە دەروونییە دەردەخات، کە لەو ساتەدا گۆرانی تێدا ژیاوە. وەکو بڵێی هەموو خۆشی و گەشبینیەکی لەسایەی ئەو یارە خۆشەویستەیە کە عاشق و عەوداڵیەتی، بەبێ ئەو ژیان جوانی تێدا نامێنێ، ئەگەر جوانیشی نەما ئەوە ژیان لە مردن ئەچێ، واتا ژیان بەلای گۆرانەوە جوانی و خۆشەویستی دەگەیەنێ، ئەو ژیانە بەژیان دانانرێت کە ڕازاوەو جــــــــوان نەبێت و خۆشەویستیش بەبێ جوانی شتێکی مەحاڵ و حەتمییە.

لەشیعری کلاسیکی کوردیدا زۆربەی شاعیران لەوەسفـــــــــــی یاردا، دووبارەکردنەوەو لێکچوونێك لەو وشەو زاراوانە لەناویاندا هەیە کە بۆ وەسفی جوانی ئافرەت بەپێوەر دادەنرێت و واتا وەسفی جوانی ئافرەت دەستوورو کەتەلۆکی هەیە و بە گشتی لەسەری دەڕۆن. بەلآم لە شیعری نوێدا چۆن لە فۆڕمدا گۆڕان هاتە کایە واتە خۆبەستنەوە بە کێش و سەرواوە ئەو گرنگییەی جاری جـــارانی نەما پتر گرنگی بە ناوەرۆك درا.

بێگومان لەناوەرۆکیشدا گۆران ڕووی داو شاعیر لێرەشدا بازی بەسەر ئەو پێوەرو دەستوورە کۆنانەدا کە بۆ جوانی ئافرەت دانرابوون و واتە مەرج نییە هەموو چاوێکی جوان ڕەش بێت، یان هەموو بەژنێکی جوان دەبێت باریك بێت و برۆ وەك هیلال بێت.

بۆنموونە ئەگەر تەماشای بەستەی دڵدار بکەین:

**نەباریکی نەگۆشتن**
**نەکچۆڵەی نەشاژن**
**نەزۆر چاو ڕەش**
**نەئیجگار گەش**
**بەلآم بە نیگای شیرین**

**نەمدی كەس**
**وەك تۆ بەتین**
**تۆیت و بەس**[9]

لێرەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە كە ئەو وەسفانەی لەشیعری كلاسیكدا پێوەری جوانین لای هەموو شاعیران گۆران لەم جـــــۆرە زاراوانە دووركەوتووەتەوە. بەجۆرێكی دیكە باس لە جــــــوانی ئافـــــــرەت دەكات و وەسفكردنەكە ئەوەندە بەرزە سەرنجی خوێنەر چاكتر ڕادەكێشێت و نرخی ئەم جوانییە چاكتر و باشتر دەردەكەوێت.

گۆران شاعیرێكی جوانپەرست بووەو لەژێر كاریگەری فەلسەفەی جوانناسی (ستاتیكا)دا بووە، واتا تێڕوانینی ئەو تێڕوانینێكی خودیانەیە نەك بابەتی واتە ئەو بە چاوی خۆی تەماشای شت دەكات و بڕیاری لەسەر دەدات نەك بە چاوی كۆمەڵ[10].

گۆران زۆر چەشەو خۆشی لە جوانی وەرگرتووە تەنانەت ئەگەر تەنیا بۆ ساتێكیش و بەڕێكەوت جوانێكی دیبێت ئەوە ئاسەواری دیتنی ئەو جوانییە لە دڵ و دەروونیدا تۆمار بووەو كاری زۆر تێكردووە. وەكو فۆتۆگرافێك وێنەی هەندێك لەو جوانانەی گرتووەو لە ئەرشیفی یادگارییەكانیدا تۆماری كردووەو پاراستوویەتی.

ئەوەتە لە شیعری جوانێكی بێناو باسی كچێك دەكات تەنانەت ناوی نازانێت، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە تەنانەت گۆران نەشی دواندووە، ئەنجا سەرنجی ڕاكێشاوەو سەرسامی كردووەو كانیاوی شیعری هێناوەتە جۆش و خرۆش لێرەدا هیچ هاندەرێكی دیكە نییە بۆئەوەی گۆران شیعر بۆ ئەو جوانە بنووسێت، جگە لە جوانپەرستی و پاكی و بێگەردی نەبێت.

**قژ كاڵی لێوئاڵی پرشنگی نیگاكاڵ**
**ئەی كچە جوانەكەی سەر گۆنا نەختێ تاڵ**
تا

**ڕاستە من ڕێبوارم سەرپێیی ئەڕوانم**
**بەڵام وا جوانی تۆ كاری كرد لە گیانم**

لێرەدا گۆران بە دیتنێكی ڕێ و بار سەرســـــــــام بووەو ئەو جوانییە بەشێوەیەكی ئەوتۆ كاری تێكردووە كە ماوەیەكی دوورو درێژە لەگەڵی ژیاوە.

گۆران لەچەند شیعرێكیدا زۆر بە وردی باس لەژنی لادێی كوردەواری دەكات، كاتێك كە خۆی بە جلی ڕەنگین و ڕەسەنی نەتەوەیـــــــــــی و خۆماڵی دەڕازێنێتەوە، زۆر بە جوانی

باس لەو جل و بەرگانە دەکات کە ژنانی کورد لە لادێ لەبەری دەکەن و ئەو خشڵانەی کە خۆی پێ دەڕازێنێنەوە، لەکاتی خوێندەواری ئەم شیعرانە ئەوە یەکسەر مرۆڤ بۆ لادێیەکانی و چەم و دۆڵ و کەژو کێو شیو کانیاوەکانی کوردەواری دەگێڕنەوە کە بێ پایان دڵڕفێن و دڵخۆشکەرن.

گۆران بە شیعری (جـــــوانی لادێ)دا دەڵێ:

**سەرجادە موعە طڵە ر کە بەبۆی خونچەو مێخەك**

**بەو لەنجەیە بەستە بلێت ورشەیی خامەك**

**هاڕەی کەمەرەو پلپڵەو گوارەو کرمەك**

**ئێوارەیە وا هەڵگرە ساگۆزەی تازە[10]**

لەم شیعرە باس لەو بۆن و بەرامانە دەکات کە کچانی کورد بەکاری دێنن کە ناسکترین و بۆنخۆشترین بۆنی ساکارن بەبێ دەسکاری، وێنەیەکی جوان و سیحراوی ئەو شۆخ و نازدارانە دەگرێت کە خۆیان و گۆزەی سەرشانیان ڕوو لەکانیاوەکانی لادێ دەکەن.

لە شیعری (جوانی لە لادێ)دا دەڵێت:

**کراس کەتانی کەوا سەوزی بەژن و باڵا بەرز**

**بە شان و گۆزەوە چەن جوانی ئەی پەری سەر ئەرز**

تاکو دەگاتە

**هەموو بە عەزرەتەوەن گوڵ فرێ دەنە بەرپێت**

**خوایە ئاخۆ گوڵی کێ بەدڵتەوە ئەلکێت.[11]**

گۆران پاش وەسفی جوانی ڕازانەوەی کچە لادێ و ڕێگەی کانی، کە شوێنی چاوبازی و دڵداری و گفتوگۆی دڵدارانە باس لەو پێشبڕکێیە دەکات کە لەنێوان ئەو کوڕانە دەکرێت لەسەر ئەو کچە جوانەی کە بەڕێگەی کانیەوەیە ئاخۆ کامیان دەتوانێت شوێنی خۆی لە دڵیدا بکاتەوە لەئەنجامدا پێی شاد بێ.

ئایا دڵداری لە شیعری گۆران چییەو چی دەگەیەنێت؟

دڵداری لەشیعری گۆراندا نموونەی خۆڕاگرتـــــــــن و فیداکارییە نەك دڵدارییەکی بە درۆو ساختە، ئەمەش وێنەی واقیعی کۆمەڵی کوردەواری سادەو پاك و بێگەردی ئەو سەردەمە دەخاتەڕوو، لەهەمانکاتدا گۆران وەك مامۆستایەك ڕێنوێنی لاوەکان دەکات و هانیان دەدات کە پێویستە لەدڵداریدا ڕاستگۆو بە وەفابن و ئامادەی ئەوپەڕی فیداکاری بن لەپێناو خۆشەویستییە پاکەکەیانداو بەکرداری دا بیسەلمێنن.

لەشیعری (گوڵی خوێناوی)دا دەڵێ:

**کوڕ بڕوانە شاییە چۆپییە لەوماڵە**

**گوێ بگرە زووڕنایە دەهۆڵە شمشاڵە[12]**

کوڕ لەم گفتوگۆیەدا داوا لەدڵدارو یارەکەی دەکات کە بە جووتە بەشداری لەو ئاهەنگ و شاییە بکەن بەڵام کچ

پەڵپ و بیانووی پێدەگرێت و لە وەرزی وەرینی گوڵ و دەست نەکەوتنی گوڵ و دەست نەکەوتنی گوڵدا داوای گوڵ دەکات تا لەسەری بدات.

**گوڵ نەبێ بۆسەرم ئاڵ چەپکێ زەرد چەپکێ**
**نایەم و بۆ زەماوەن نایەم بۆ هەڵپەڕکێ**(13)

بێگومان ئەم بیانوو پێگرتنە وەکو نازو تاقیکردنەوەشە بۆئەوەی کچ لە ڕاستـــــی و ڕادەی خۆشەویستەکەی تێبگات، ئایا کوڕ تا چ پلەیەك ئامادەی جێبەجێکردنی ئەم داواکارییە سەختانەیە لەپێناوی دڵداریدا.

کوڕ لەپێناوی جێبەجێکردنـــــــی داواکاری یاردا ئامادەی گەورەترین و سامناکترین فیداکارییە چونکە لەم وەرزەدا تەنیا لەباغی پاشا گوڵ دەست دەکەوێت، بۆیە مل لێ دەنێت و بۆ هێنانی گوڵ ڕوو دەکاتە باغی پاشا، تا بیانووی ئازیزەکەی ببڕێت بۆئەوەی بە جووتە بەشداری ڕەشبەڵەك و هەڵپەڕکێ بن بەڵام داخی گران پاسەوانی باغی پاشا تەقەی لێ ئەکاو ئەیپێکێ و زامداری دەکات و بە برینـــــــەوە دەگەڕێتەوە لای دۆستە ئازیزەکەی.

**کوڕ : یەخەی مراخانی ترازان**
**ناتەوێ ئەم زامی سەر دڵەم لەباتی**(14)

ئیتر یارەکەی کە دەیبینێت کار گەیشتە ئەم ئاستە زۆری پێ ناخۆش دەبێت و پەشیمـــــان دەبێتەوە، بەڵام پەشیمانی کەڵکی نییەو داد نادات، چونکە تازە کار لەکارا ترازاوە.

گۆران شاعیرێکی مرۆڤ دۆست و پێشکەوتووخواز بووە، بە حوکمـــــی ئەوەی بە مامۆستایی زۆر لە لادێکانی کوردستان گەڕاوە، زۆر چاك لە واقیعی کۆمەڵی کوردەواری و ژینی لادێ و مل ملانێی چینەکان تێگەیشتووە.

گۆران لەناخەوە هەستی بە ستەم و چەوسانەوەی مرۆڤ کردووە، بەردەوام و بێ پسانەوە بە قەڵەمە ڕەنگینەکەی لە خەبات و کۆششدا بوو بۆ گۆڕینی ئەم واقیعە تاڵەی کوردەواری جا ئەم چەوسانەوەیە چ نەتەوەیی یان چینایەتی یان چەوسانەوەی ئافرەت بووبێت.

گۆران لە شیعری بووکێکی ناکام بەسەرهاتێك دەگێڕێتەوە کە زۆر واقیعییەو زۆر نموونەی لەو بابەتە لەلادێکانـــــی کوردەواریدا ڕوویانداوە، بەسەرهاتەکە باس لەپێوەندی کوڕە شوانێك و کچە جوتیارێك دەکات. کە یەکدیان خۆش دەوێت، هەردووکیان بە دڵێکی پڕ هیواو ئاواتەوە بۆ دوارۆژ تێدەکۆشن.

بەرێکەوت ئاغایەکی زۆردار چاوی بە کچە جووتیار دەکەوێت و تەماعی تێدەچێت، بێگومان جووتیاری کورد لەدەست هەندێك ئاغای ستەمگەر نەك هەر بەری رەنجـــــی دەخورا، بگرە هەندێکیان زۆر ئاسایی دەستیان بەسەر شەرەفی ژن و منداڵیشیاندا دەگرتن، بێ ئـــــەوەی کەس بتوانێت بەرانبەریان بوەستێت، ئەوەی بەرانبەریان بوەستێت ئەوە چارەنووسی باش نەدەبوو.

بەم جۆرە کچە جووتیار بە زەبرو زۆرداری بۆ ئاغا دەبرێت، کوڕە شوان لە دژی ئاغا چەند کارێك ئەنجام دەدات بەڵام لەئەنجامدا لەلایەن نۆکەرانی ئاغاوە دەکوژرێت، بەم جۆرە باس لە چارەنووسی ئافرەتی کورد دەکات لەدەست ئاغا و ستەمگەران.

گۆران لەیەکێك لەشیعرەکانیـــــدا بەناوی (گوڵی کەم خایەن) کە باسی جوانێکی سیل کوشتوو دەکات، وەك مرۆڤێکی وشیارو زرنگ باس لە نەخۆشییە سەختەکانی کۆمەڵ دەکات کە بوونەتە مایەی دواکەوتوویی کۆمەڵ. کە بریتیـــــن لە نەخۆشی نەخوێندەواری و هەژاری.

گۆران لەناخەوە هەست بەم دەردو ئازارانە دەکات و خەمیان بۆ دەخوات و ئەو لێرەدا دەیەوێ بەم پارچە شیعرە هەم تۆزێك ئازاری خۆی کەم کاتەوەو، لەهەمانکاتدا هەوڵ دەدات تلانەوەی مرۆڤی کورد لەتەمەنی لاویدا بەم جۆرە نەخۆشییانەوە بخاتە ڕوو.

بێگومان ئەم نەخۆشی و دەردانە پتر تووشی خەڵکی هەژارو کەم دەرامەت دێن و ناتوانن خۆیان چارەسەری بکەن، لەناو ئەوانیشدا ئافرەت بەتایبەتی لە لادی کە بە پلە دوو دەهاتە ژماردن ئەوە کەمتر جێی بایەخ بووەو ئەوەندە گرنگی پێ نەدراوە.

لە لادێکانی کوردەواری بە دەیان مرۆڤ لەئەنجامی ئەم جۆرە نەخۆشیانە و هەندێك شتی دیکەی کتوپڕ وەکو لە شاخ کەوتنە خوارو مار پێوەدان دەمرن، بێ ئەوەی دکتۆرو خەستەخانە بەچاو ببینن. وا دیارە گۆران لێرەدا باسی ئافرەت بەتایبەتی و مرۆڤی کورد بە گشتی دەکات کە لە چ ژیانێکی ناهەمواردا دەژین لەبەر پاشکەوتنی کۆمەڵ و گرنگی نەدانی میری بە باری لەش ساغی و تەندروستی مرۆڤ.

سەرچاوەی ئیلهامی هەمــــــوو شیعرەکانی گۆران، بۆ سروشت و ئافرەت دەگەڕێتەوە.

لە (گەشتی هەورامان) کە گەشتێکی دوورو درێژە، لەسەریەکە یەکەی ئەو

دیمەن و شتانەی دیچنە بەرچاوی کۆپلە شیعری نووسیون. هەر لەسەرەتای دەستپێکردنی ڕێگە تا ڕێگەی ناو باخ و دێ و ژیانی دیوەخان و مەلای دێ و بەیان و مزگەوت ئەنجا لە دوو کۆپلە شیعر باس لە ژن و کانی ژنان دەکات.

گۆران باس لە هەر شتێك بکات ئەوە کەم و زۆر پێوەندی بە ئافرەتەوە هەیە، جا باسی جوانی بێت یان دەردە کۆمەڵایەتییەکان بێت یان هەر شتێکی دیکە.

لەم گەشتەدا کە باسی کانی ژنان دەکات لە لادێ، ئەوە شوێنی کانی ژنان لە لادێ ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەری هەیە، هەرچەندە ئەگەر بە ڕواڵەت کانی ژنان بۆ نوێژکردن و کۆڵکردنە، بەڵام لەهەمانکاتدا تاقە شوێنە کە لەلادێ هەموو ژنان بەیەك دەگەیەنێت، ئاڵوگۆڕی قسەو باسی تێدا بکەن و تێیدا باسی هەموو ئەو شتانە بکەن کە لەناخیاندا پەنگی خواردووەتەوەو شوێنێکە جێگەی زۆر باس و خواستی لادێیان دەگرێتەوە.

لەو شیعری کە بەناوی (ژن)ە بە وردی وەسفێکی جوانی ژنە هەورامیان دەکات، هەر لە باڵاوە تا جلوبەرگ و بۆن و بەرامە تا جوانی و نەرمی لەش و لار، باس لە شێوازی نەرمی گفتوگۆی خۆشی ژنە هەورامیان دەکات.

گۆران لەو کاتەی لە خێزان و دایك دوور دەکەوێتەوە بۆ خوێندن دەچێتە کەرکووك، لەوێ سۆزی غەریبی و دوورکەوتنەوە دەبجووڵێنێت، چونکە دابڕانی گۆران لە خێزان لەو تەمەنەدا تووشی نارەحەتی دەکات، هەست بە بۆشاییەك دەکات لەدەوروبەری، دابڕان لە گشت ئەو کەسانەی کە هۆگریان بووە زۆر کاری تێدەکات، بە شیعرێك بە شێوازی نامە بۆ دایکی دەنێرێت و سکاڵای خۆی لەم غوربەتییە دەکات.

وادیارە لەم کاتەدا گۆران نزیکترین کەس لە ڕەگەزی مێینە لەخۆی هەر دایکی دەبینێت لەبەرئەوە ڕوو لە ئەو دەکات و دەڵێت:

**ئەی دایە ئەگەر ئەپرسی حاڵم**
**ئێ تۆش وەکو باقی بێ ڕەحم نیت**
**تۆزقاڵێ کەمێ ڕەحم ئەزانیت**
**ڕاستی شەو ڕۆژ هەر ئەناڵم**
**دەگریم و دەسووتێم هەر وەکو مۆم**
**ئاهم ئەگاتە کۆشی گەردوون**
**مات و کزو مەلوول و مەحزوون**
**بۆ حاڵی غەریب و بێ کەسی خۆم**

لێرە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە گۆران بەشێوەیەکی جوان هەستی خۆی بەرانبەر دایکی دەردەبڕێت و گلەیی

لەهەندێك کەسانی دیکە دەکات کە لەگەڵیدا بێ وەفا دەرچوون، لێرەدا نرخی دایك وەکو ئافرەت دوور لەشتی دیکە لەلای گۆران دەردەکەوێت.

ئەگەر ئاوڕێك لەچۆنیەتـــی ژیانی گەنجی گۆران و ژن هێنانی بدەینەوە، لەم بارەیەوە کەمال میراودەلی دەڵێت: دەبێت ئەو ڕاستییە فەرامۆش نەکەین، کە گـــــــــۆران ژنـــــــی یەکەمی لەخۆشەویستیەوە نەهێناوە، خزمی خۆی بووە، دایکی بۆی هێناوە، لەبەرئەوە ئەو ژن هێنانە گەرچی گۆران بەڕواڵەت بەسەر خۆی نەهێناوە، بەڵام لەدەروونا ڕۆحی ئەوی ڕازی نەکردووە... ئەمەش وای لێکرد ژن بێنێتەوە... جگە لەمەش وەك لە زاری مامۆستا ئەژی گۆران وەرمان گرتووە گۆران پێش ئەو ژن هێنانەی کچێکی خۆش ویستووە زۆر عاشقی بووەو بەتەمابووە ببێتە هاوسەری... بەڵام لەبەر هەندێك هۆ بۆی نەبووە، بێگومان دەبێت ئەمەش کارێکی گەورەی لەژیانی گۆران کردبێ(15).

ئەم دیاردە تاڵ و ناخۆشانە تا ئێستاش یەخەی کۆمەڵی کوردەواری بەرنەداوە، ئەنجامەکەشی دەبێتە هۆی تێکدانی دەروونی مرۆڤ و شێواندن و ئاڵۆزاندنی پێوەندی هاوسەری و، ژیانی هاوسەری بەرەو جیابوونەوە دەبێتت، یان تووشی لادان (انحراف) دەبێت بە چەمکی خەڵکی ڕۆژهەڵات، بێگومان ژن هێنانی گۆران بەم شێوەیە کاردانەوەیەکی سلبی لەسەر ژیانی هاوسەری گۆران و بازدان بۆ ژن هێنانێکی دیکە و ئارەزووی بۆ ژنی دیکە هەبوو، هەرچەندە لەوانەیە کە بەلای گۆرانەوە ئەم جۆرە تێڕوانین و هەڵسوکەوتە لەگەڵ ئافرەت ئاسایی بووبێت، چونکە گۆران لەژێر کاریگەری ئەدەب و ڕۆشنبیری ئەوروپادا بوو، لەوانەیە وەکو ئەورووپاییەك تەماشای پرسەکەی کردبێت و ئەگەر بەم شێوەیە تەماشای باری هاوسەری گۆران بکەین ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە گۆران لەڕووی دەروونییەوە هەست بە شتێکی ون بوو دەکات و بووەتە هۆی نائارامی و ناجێگیری دەروونی گۆران و بەدوای دۆزینەوەیدا دەگەڕێت.

عەتا قەرەداغـــــــی لەبابـــــەت شیکردنەوەی ئەو شیعرەی گۆران کە لەکەرکووکەوە بەشێوەی نامەیەك بۆ دایکی دەنووسێت بە وردی لێی دەکۆڵێتەوە، باسی باری دەروونی ئەوکاتەی گۆران دەکات، بۆ ئەو بۆشاییەی دەگێڕێتەوە کە لەژیانی

گۆراندا هەیەو بۆی پڕ نەکراوەتەوە و دەڵێت:

ژنی یەکەمی گۆران وەکو لاشە نەیتوانیوە ببێتە پانتاییەك کە سنووری بەرزەفتکردن (دیسپلین) کردن بشکێنێ و، لەشێوەیەکی سروشتی ئازاددا بێ هیچ کۆت و پێوەندێکی فیزیکی بێ هیچ گرێ و بەربەستێك بەو لاشەیە بگات و لەگەڵیدا بگاتە ئاستی لووتکەی چێژ وەرگرتنی جەستەیی ئەم حاڵەتی هەستکردن بە نەگەیشتن بە لاشەی ڕەگەزی بەرانبەر، لای گۆران سەرچاوەی ئەو دەیان دەلالەتـــە سێکسییە چەپێندراوەیە کە لەشیعری گۆراندایە، لێرەشەوە گۆران کەوتووەتە حاڵەتێکی ناجێگیری دەروونی کە ئەویش ئەوەیە داخۆ خەون و خەیاڵە قوڵەکانی گۆران بۆ لاشەی ئافرەت هەروا بەسادەیی تەواو بوو و ئەو پرۆسیسە بی بایەخە بوو کە نەیتوانی بیگەیەنێتە (نشوەی) جەسەدی (16).

گۆران هەر لەســــــەرەتای ژیانی منداڵییەوە تووشی گرێی دەروونی و هەست بە کەمی کردن بووە، کە نەمانی باوك لە ژیانی گۆران بۆشاییەك دروست دەکات، گۆران لە هەوڵی بەردەوامدایە بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە، ئەگەر تەماشای شیعرەکانی گۆران بکەین کە لەسەرەتادا بە غەزەل دەست پێدەکەن تا دوا شیعری کە لەسەر ئافرەتی نووسیوە ناوە ناوە شیعری لەو بابەتەی تێدایە کە پتر بە پرسەی (جەستـــــــەی ئافرەت)ەوە پێوەنددارن. حەمەی مام ئاوڕەحمان لەبابەت گۆران دەڵێت:

68٪ شیعرەکانی گۆران پێوەندییان بە مێبازی و سێکسەوە هەیە لەسەر ڕۆشنایی هۆنراوەکانی ئەڵێم گۆران مرۆڤێکی شەهوانییەو نەفس پۆخڵە، چونکە وەك مرۆڤێکی بەرەڵڵا ئارەزووی ئافرەتی ئەم لاو ئەولای کردووە، بەڵگە لەگەڵێك لەهۆنراوەکانیدا لەژن دواوە و دیارە کە وترا ژن واتا خاوەنی مێرد.

کەسێك خەریکی ژنی مێرداربێ و بیەوێ ئارەزوو و تاسەی پێ بشکێنێ بەتایبەتی کەسێك کە ژنی هەبێت کارێکی نامرۆڤانەیە (17).

کەمال میراودەلـــــی لەبابـــــەت شەهوانییەتەوە دەڵێت:

مرۆڤی شەهوانی نرخی ئافرەت تەنیا وەك لەزەت دەزانێت ئافرەت وەك ژەمە خواردنێك سەیر دەکات کە تێری لێ خوارد توورِی هەڵداو بیر لەژەمێکی تر یان ئافرەتێکی تر دەکاتەوە (18).

گۆران شاعیری نوێخواز لەزۆربەی شیعرەکانیدا باسی ئافرەت دەکات، بەڵام ئەگەر سەرنجیان لێ بدەین ئەوە گۆران تەنیا لەڕوانگەی جەستەو سێکسەوە تەماشای ئافرەتی نەکردووە، هەرچەندە ئەم لایەنە لەشیعرەکانی ژیانی ئاشکراو دیارە، بەڵام بەشێکی زۆریش لەشیعرەکانی باس لە سەرجەم لایەنەکانی دیکەی ئافرەتی کوردەواری دەکات، چ وەك جوانی و چەوسانەوەو دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە.

ئایا گۆران لە هیچ کات و ساتێك دەست بەرداری ئافرەت بووەو لێی جیابووەتەوە، ئایا لەهەموو تەمەنیدا کە لەزۆربەی ژیانی شاعیر بووەو بە بەردەوامی شیعری نووسیوە لە ئافرەت دوورکەوتووەتەوە، ئافـــــــرەت بۆ شاعیرییەتی گۆران وەکو ئاووهەوا بووە. چونکە بێ ئافرەت باخی پڕ بەرهەمی گـــــــۆران وشك و زەرد هەڵدەگەڕێت و کۆتایی دێت.

هەرچەندە گۆران وەك هەر مرۆڤێکی ئاسایی مافی خۆیەتی کە چێژ و لەزەت لە جەستەی ئافرەت وەرگرێت. بەڵام ئایا گۆران هەتا چەند توانیویە ئەو یاسا کۆمەڵایەتییانە بشکێنێت، پاشان تا چەند ڕێزی لێ گرتوون.

## بەشی سێیەم
## چاوپێکەوتن

**لەڕۆژی 1997/3/8 چاوپێکەوتنێکمان لەگەڵ بەڕێز ڕزگار ئەژی گۆران کە نەوەی گـــــۆرانە ســــــازکردو چەند پرسیارێکمـــــان لەبابەت گۆرانـــــەوە ئاراستە کرد.**

**پرسیار:** ئایا بێبەش بوونی گۆران لەباوك و کوژرانی برا گەورە کاریگەری چی بووە لەسەر گۆران؟

**وەڵام:** ناسینی من بۆ گۆران، وەك هەر مرۆڤێکـــــــــی دیکە لەڕێگەی شیعرەکانیەوەیە، چونکە من لەگەڵ گۆران نەژیاوم، لەوانەیە کە نەوەی گۆرانم کاریگەرییەکی هەبێت لەوەی پتر لەخەڵکی دیکە گۆران بناسم.

بێگومان لەدەست چوونی باوك و براو خوشك کاریگەری زۆر بووە لەسەر گۆران، چونکە لە شیوەنی گوڵاڵەکە کچی بووەو لە تەمەنی دوو سێ ساڵی مردووە، دەڵێ ئەو هێزەی مەرگی بەدەستە لەدەوری هەڵچنیم مەیتی خوشك و برا، دیارە جێگەی غەمباری بووەو زۆر کاری لێ کردووە.

لەگەڵ دایکیشی پێوەندی خۆش بووە ئەمە لەو شیعرەدا دەردەکەوێت، کە

کاتێك خەریکی خوێندن بووە لەشێوەی نامەیەك بۆ دایکی دەنێرێت، ئەمە نیشانەی گرنگیدانی گۆرانە بە دایکی کە نامەی بە شیعر بۆ دایکی ناردووە.

**پرسیار:** ئایا گۆران چەند ژنی هێناوە؟ ناویان چی بووە؟ ئاستی ڕۆشنبیرییان چـــــەند بووە؟ لەژیانی هاوسەری بەختەوەر بووە؟

**وەڵام:** گۆران دوو ژنی هێناوە، هەردووکیان ناویان (سەبری) بووە، هی یەکەمیان نەخوێندەوار بووەو خزمی دایکی بووەو ئەو بۆی هێناوە کە دایکی هیوا و گوڵاڵە و هۆگر و ئەژی بووە، هی دووەمیان خوێندەوار بووەو (پەرستار) بووە لە نەخۆشخانەکە دایکی شاهۆ و هەڵۆ و فەرهاد و هێرۆ و فەیرۆز بووە، ئەگەر لە ژیانـــــی هاوسەری بەختەوەربوایە ئەوە دوو ژنی نەدەهێنا.

**پرسیار:** ئایا گۆران بە پراکتیك ئافرەتی بە یەکسانی پیاو داناوە، بەپێی ئەوەی گـــــۆران پیاوێکی پێشکەوتووخوازو ڕۆشنبیر بووە ئەمە تا چ ڕادەیەك ڕاستە کە گۆران تەنیا لەڕووی (سێکسەوە) تەماشای ئافرەتی کردووە؟

**وەڵام:** ئەگەر لەو ڕوانگەشـــــــەوە تەماشای ئافرەتی کردبێت ئەوە مافی خۆیەتی، بەڵام بە قەناعەتی من وا نییە، چونکە تێڕوانینی گۆران لە شیعرەکانی کە بۆ ئافرەتی نووسیوون جێی سەرنج و لێکۆڵینەوەن.

بۆنموونە لاپەڕە (9) دیوانەکەی بەشی بەهەشتی دڵ لە شیعری ئافرەت و جوانی، لەپێشدا باســـــــی جوانی سروشتمان بۆ دەکات (بەئاسمانەوە ئەستێرەم دیوە) تا دوایی کە لەهەموو ســـــروشت دەدوێ، بەڵام ئەم هەموو جوانییەی سروشت بەبێ بزەی ئازیز تاریك دەبێت.

کە ئازیز ڕەگەزەکەی دیکەیە لای گۆران تەواوکەری سروشت و هەموو ڕەگەزەکانی سروشت بە گۆرانەوە بەڵام بەبێ ئافرەت هاوکێشەکە تێکچووە. لە شیعری ڕەوتێکی جوان باس لە لارو لەنجە دەکات و لەدوا دێڕدا دەڵێت:

**پێی ناز ئەنێ بەسەر ئەرزا**
**جوانی لەبەژنێکی بەرزا**

پاش خوڕەی ئاو، لەرەی پرشنگ، شیعری تازە، پۆڕ و کەروێشك و قاز و مراوی و کەوی هێناوەتە بەرچاو کە هەموویان جوان ڕەوتن بەڵام ڕەوتی یارەکەی لەهەموویان جوانترە.

لە شیعری حوزنی پەچەدا:

گۆران هەڵوەستەیەك دەکـــات، بەمانای خەمی ئەو پەچەیەی لەو دیویەوە، دیلێك هەیە سکاڵای لا دەکات لەو دیالۆگەی لەنێوانیان هەیە، گۆران لێرەش وەسفی جوانییەکەی کردووە. وای کردووە عەوداڵییەك دروست ببێت. بەڵام شاعیر هەست بە کێشەیەکی قووڵی کۆمەڵایەتی دەکات گەورەترە لە پرسە خودییەکە گۆران ئەویش شاردنەوەی گوڵێکی ئاوریشمە لەسووچێکی گێرفان جا بوون و نەبوونی چییە؟ جیاوازی زیخ و گەوهەر لە بنی گۆمدا نییە تا نەهێنرێتە دەرەوە. واتا بە قەناعەتی گۆران بەستنەوەی گرێ خۆ دەرکەوتن پتر خۆش دەکات.

لە شیعری جوانی سەرەڕێ لەدوا دێڕدا دەڵێت:

**تۆیش لەگەڵ هەر جوانێك ئەبینم**
**تا ئەمرم ئەبیتە مرواری بۆ ملوانکەی شیعرم**

جوانی هەموو شۆخەکانی لای گۆران بیری ڕاگوزاری و یادگـــاری دروست دەکات. وەکو ئەوەی گۆران ئەلبومێك بێت و ئەو وێنەو یادانە لای خۆی کۆبکاتەوە.

بەڵام گرنگتر لەوانە گۆران عاشقی جوانییەو بەس هەستێکـــی یەکجار ڕاستگۆیانەیە.

**سڵ مەکە لەمەیلی بەگەرمی ڕوانینم**
**پیاوێکم جوانییە قیبلەگای ئایینم**
**سەرنجێك من ئەیدەم لەو بەژن و باڵایە**
**لەسینەی پاکەوە بۆ جوانیش تەنیایە**

جـــا هەر جا هەر جوانێکی بینیبێت سەرسامییەکی بەرانبەر بەو جوانییە دەربڕیوە، بەڵام سەرچاوەی هەستەکە هەمان سەرچاوەیە ئەوەتا دەڵێت:

**نەمدی کەس**
**وەك تۆ جوان بێ**
**تۆیت و بەس**

زۆربەی هۆنراوەکانی دیکە لەم بابەتەن بەڵام زمانێکـــی تایبەتن. وەسفێکی جوان و تایبەتمەندییەکی دیکەو وشەکارییەکی جوانە.

بەڵام بەشێوەیەکی گشتی سەرنج دەدەیە هەموو ئەو شیعرانەی گۆران، کە لەسەر ئافرەت نووسیوونی، ئەو هەموو ئافرەتە جوانانەی باسیان لێوە دەکات، چەند سیفەتێکی لەیەکچوو لەنێوانیان دەبینرێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە گۆران لای خۆی ئافرەتێکی ڕەسم کردووە هەر ئافرەتێك دەبینێت هەندێك لە سیفەتەکانی کۆپییە ڕەسەنەکەی ئافرەتەکەی گۆرانی پێوەیەو پشکۆی عەشق و جوانپەرستی گەش دەبێتەوەو گەرمایی تازە دەخزێنە ناو خوێنییەوە.

لە شیعری نیاندا دەڵێت:

**لە پاش سەردەمێك**

**سەردەمێکی دوور و درێژ**

**تا دەگاتە**

**لەو ڕۆژەوە دیومە**

**سیحری زەردەخەنەی تۆ**

واتا بەدیتنی سیحری زەردەخەنەی ژنێکی شۆخەوە باڵندەو بولبولی دنیا دەکەونەوە گۆ.

لە بووکێکی ناکامدا لە لووتکەی شیعرەکەیدا وەفای کچە جووتیاری هێشتووەتەوە، پاش ئەو هەموو جەورو ستەمەو نەمانی دڵدارەکەی کە شوانەکەیە، ئەوەندە بەوەفایە واتا ئافرەت لای گۆران سومبلی وەفایە.

لە بەشی لاساییکردنەوەی ئەدەبی عوسمانی لە شیعری بەناوی ژن کۆپلەی (3).

**بە سیحری خاریقی ژن پڕ قەریحەمە ئیلهام**

سەرچاوەی شیعرەکەی خاریقی ژنە لە کۆپلەی چوارەمدا.

**لەکونجی خاطیرەما تا ژنێکی شۆخ نەکا**

**پەری صیفەت بە پەل و پۆی جەمالەوە جیلوە**

**لە کوێ لە سەطحی زەمینا، لە سینەی فەلەکا**

**ئەبێتە مەنبەعی شیعرم بە دایعی ئەشیا؟**

واتا ئەگەر ئافرەت بەم شێوەیە نەبێت من ناتوانم شیعر بنووسم.

ئافرەت لای گۆران بەشێوەیەکی موجەڕەد ئافرەت نییەو بەس، بەڵکو لەڕوانگەیەکی تەواوی ئینسانییەوە تەماشای ئافرەتی کردووە. وەك جوانێکی ئیلهام بەخش و خەمخۆری نەناس و نیوەکەی دیکەی کۆمەڵ و چۆنیەتی گوزەرانیان لە کۆمەڵە دواکەوتووەکەی گۆران.

تەنانەت لە زمانێکی کچێکەوە دێتەگۆ کە لەسەر گۆڕەکەی نووسراوە، لە هۆنراوەی بەردەنووسێك تەنانەت ئەوپەڕی ئینسانیانە لەکێشەکە دواوە.

یان کە شیعرنامە بۆ دایکی دەنووسێت، یان لە کاتی مردنی کچەکەی گوڵاڵە کە شیوەنی بۆ دەکات، کە چۆن شیوەنێکی بۆ دەکات، چونکە تا ئێستاش لە کۆمەڵی کوردەواری خەڵکی وا هەن، ئەگەرچی بمرێت پێی عەیبە باسی بکات.

بەڵام گۆران شیوەنێکی وای بۆ گوڵاڵە نووسیوەو کردووە ئەوەندە بەرزە کەشان بەشانی ئەو شیوەنەیە کە بۆ هیوای کردووە، هیچی لەوە کەمتر نییە، من کاتێك ئەو شیوەنە دەخوێنمەوە گریان دەمگرێت.

یان کە گۆران لە جیلوەی شانۆ باسی ئافرەتێکی سەماکەر دەکات، مومکن نییە بە مرۆڤ ئاسایی بەو شێوەیە

وەسفی بکات. چونکە ئێمە بە چاوێکی (سێکسەوە) سەیری سەماکارەکان دەکەین، بەڵام ئەو وەکو پرسەیەکی هونەری سەیری دەکات. پێم وایە ئەوە بەرپەرچی ئەوە دەداتەوە کە گۆران تەنیا لەڕووی سێکسەوە سەیری ئافرەتی کردبێت، ئەو سەماکاری بینیوە بەشێوەیەکی هونەری سەیری دەکات.

کەواتە سەیرکردن و تێڕوانینی گۆران بۆ ئافرەت، زۆر لەوە قووڵترو تیژترو پڕ ماناترە کە باسی لێ دەکەن، و ئەمەش زۆر هەڵدەگرێت ئەگەر لەسەری بدوێین، بەڵکو پێویستی بە لێکدانەوەی یەکە یەکەی شیعرەکانی گۆران و بگرە وشە بە وشەی هەیە، بۆئەوەی درزێکمان دەست کەوێت تا لەو دەروازەیەی کە گۆران لێوەی تەماشـــــای ئافرەتی کردووە.

بۆئەوەی لەو جیهانە سیحراویە تێ بگەین ئافرەت لای ئەو زۆر بە بەهاو بە نرخ بووە، زۆر پیرۆز بووە، تەواوکەری نیوەکەی دیکەی کۆمەڵ بووە.

مافی خۆیەتـــــی کە لە (روئیای) هەندێك لەشیعرەکانـــــــی لەڕووی سێکسەوە تەماشا بکات.

چونکە گۆران مرۆڤ بووەو ئێسقان و خوێن و گۆشتە پاشان لەشیعرەکانیدا باسی یەکسانــــــی ئافرەت و پیاوی کردووە.

ڕاستــــــە لەشیعرەکانیدا زۆر باسی جوانی دەکات بەڵام لەپڕ لەناو جوانییەکە باس لەشتی دیکە دەکات و تووشی شتی دیکە بووە.

**لەڕۆژی 1997/3/8 لەماڵی بەڕێز مامۆستا مەلا تاهیر لە گەڕەکی شۆڕش لە هەولێر لەبابەت مامۆستا گۆرانەوە پرسیارێکمان لەبەڕێزی کرد، چونکە بەڕێزی لەگەڵ گۆران ناسیاوی هەبوو هەندێك زانیاری لەبابەت گۆران ئاگادار بوو.**

ڕوومان کردە بەڕێزی ئایا هۆی دەرکردنی بەڕێز مامۆستا گۆران کاتێك کە فەرمانبەر بوو لە فەرمانگەی ئەشغال لە هەولێر بۆچی دەگەڕێتەوە؟ تا چ ڕادەیەك ڕاستە کە دەڵێن لەسەر دزی کردن لە دائیرە دەرکراوە.

هاتە وەڵام و گوتی:

لەساڵی 1946 کە باوکم کۆچی دوایی کرد، من لێپرسراوەتی خێزانم کەوتە ئەستۆ، منیش هەوڵم دا کە لەڕێگەی خزمەکانمەوە کە کار بەدەست بوون ئیشێکم بۆ بدۆزنەوە، بەڵام

هەوڵەکەم بێ ئەنجام بوو، هیچیان بۆ نەکردم.

ئیتر بڕیارمدا بچم لە ئەشغال بە کرێکار دابمەزرێم کە لەو کاتە جادەیان بۆ کۆیە دەبرد، من یاتاغم دانایە سەرشانم و کەوتمە ڕێگە، لەڕێگە لەلای دوکانەکەی مامۆستا گیوی چاوی پێ کەوتم و ناسیاوم بوو، پرسیاری لێ کردم بۆ کوێ دەچی؟ منیش وتم بەتەمام بچم بە کرێکار لە ئەشغال دابمەزرێم.

مامۆستا گیوی پێی وتم بگەڕێوە بۆ ماڵ ئەمڕۆ مەچوو من بەیانی لەگەڵت دێم بۆ فەرمانگە بۆ لای مامۆستا گۆران لەوێ کاربەدەستە تا یارمەتیت بدات، چونکە مراقب بە (400) فلس و کرێکار بە (200) فلس دادەمەزرێنن، بەڵکو تۆ بە (300) فلس دابمەزرێنێت، منیش گەڕامەوە ماڵ و ڕۆژی دوایی لەگەڵ مامۆستا گیوی چووین بۆ ئەشغال بۆ لای مامۆستا گۆران و بۆ یەکەم جار بوو گۆران ببینم.

زۆر بەڕێزەوە بەخێرهاتنی کردین، تا بڵێی پیاوێکی ڕووخۆش و قسە بەتام بوو، ئیتر مەوزوعەکە باس کرا ئەویش ڕازی بوو لەسەر دامەزراندنم ڕۆژی بە (300) فلس، منیش داوام لێ کرد بە مراق دامبمەزرێنێ ئەویش لەوەڵامدا گوتی جارێ بڕۆ بەم جۆرە ئیش بکە، ئەسپی چاك بۆ خۆی ئالیك بۆ خۆی زیاد دەکات.

منی ڕەوانەی دێگەڵە کرد، کە چوومە دێگەڵە ئەندازیارێکی لێ بوو بەناوی (صەبری ولیەم)، پێیان گووت ئەوە مامۆستا گۆران ڕەوانەی ئێرەی کردووە. ئەویش ڕەوانەی تۆبزاوەی کردم کە بنکەی ئەشغال بوو، ئەندازیارێکی لێ بەناوی (ئەحمەد ڕەشید) لەگەڵ چوار چاودێر، تا ماوەیەك لەوێ کارم کرد.

سەری مانگان لیستی مووچە و مووچە دەهاتە ئەوێ دابەش دەکرا. بەڵام لەهەموو ناوچەکان دزییەکی زۆر هەبوو ناوی وەهمی بە کرێکار نووسرابوون تەنیا سەری مانگان دەهاتن بۆ مووچە وەرگرتن، ئەمانەش خەڵکی لابەلا بوون دەیان هێنان لە جیاتی ئەو ناوانەی بە کرێکار نووسرابوون مووچەیان پێ وەردەگرتن.

ئیتر لەوەوە بەدواوە بڕیار دەرچوو کە پێویستە لێرە بەدواوە هەر کەسەی بۆ خۆی بچێ لە هەولێر مووچەکەی وەرگرێ، بەم جۆرە مامۆستا گۆران دزییەکەی کەشف کردو گرتی، ئیتر بوو بە ناخۆشییان لەگەڵ ئەندازیار و چاودێرەکان، یەکێك لە چاودێرەکان بە منی گوت مامۆستا گۆران دزییەکەی

گرتووە، ئیتر چاودێرەکە سجلەکەی دایە من و گوتی لێرە بەدواوە ئەوەی لێرە نەبێ ناوی مەنووسە. جەژنی بەسەردا هات و هەمووومان گەڕاینەوە بۆ هەولێرو منیش چووم بۆ لای مامۆستا گۆران، ئەویش گوتی بەڵێ کارەکە بەم جۆرەیەو دزی زۆری لێکراوە، ئیتر ئیشی نەماو تێکچوو.

چونکە زۆربەی پارەکە دزرابوو و خورابوو، لەدوای ئەوە مامۆستا گۆران لە فەرمانگە دەرکراو بە گرتن درا. چونکە پیاو خراپ و دز بالاّ دەست بوون، و پیاوێك کە بە جدی و بە ڕاستی ئیشی بکردبا ئیشی نەدەڕۆیشت و تێ دەکەوت.

**لەڕۆژی 1977/4/8 لەکۆلێژی ئاداب بەشی کوردی لەگەڵ بەڕێز دکتۆر مارف خەزنەدار چاوپێکەوتنێکمان سازکردو، چەند پرسیارێکمان لە بابەت مامۆستا گۆرانەوە لەبەڕێزی کرد.**

**پرسیار:** چۆن و کەی گۆرانت ناسی؟ پێوەندی و هات و چۆتان چۆن بوو؟

**وەلاّم:** لە تەمووزی ساڵی 1949 کە لەبەندیخانە ئازاد کرام، کە لەسەر کاری سیاسی و خۆپیشاندانەکانی (وپبە) لە بەغدا گیرابووم. کە گەڕامەوە هەولێر زانیم کە گۆران لەفەرمانگە دەستی لە کار کێشراوەتەوە (سحب الید) کراوە، واتا بە نیوە مەعاش لەماڵـــــەوە دانیشتووەو چاوەڕێی هاتنی ڕۆژی مەحکەمە دەکات.

گۆران لەو وەختەدا ماڵی لە گەڕەکی تەیراوە بوو، کـــــرێ نشین بوو لەخانوویەکی دوو ژووری و ئێستاش دەتوانم دەستنیشانی خانووەکە بکەم و دەی ناسمەوە.

باری دەروونی باش نەبوو، ئاسوودە نەبوو. زۆر کەم لەماڵەوە دەهاتە دەرێ، ئەگەر بهاتبایە دەرەوە ئەوە ڕووی لە دوو شوێن دەکرد، یان پیاسەی بۆ شوێنی چۆڵ دەکرد، یان دەچووە لای مامۆستا گیوی موکریانی کە ئەو کاتە دوکانی وێنەگری هەبوو.

من ئەوکاتە لەکار دەرکرابووم و تازە لەبەندیخانە دەرچووبووم، هەموو ڕۆژێ سەردانی مامۆستا گۆرانم دەکرد.

یەکەم ئینتیباعم لەسەر گۆران ئەوەبوو کە بایەخی بە ئەدەبی مەهجەر دەدا شاعیرە عەرەبە لوبنانییەکان، گرنگی و بایەخـــــی بە ئەدەبی ڕۆمانتیکی و ئەورووپـــــی دەداو دەیخوێندەوە بەتایبەتی کتێبەکانی بایرۆن و شیلی.

هەر لەو ماوەیەدا واتا ساڵی 1949 هەردوو قەسیدەی بووکێکی ناکام و شەوێك لە عەبدوڵڵای نووسی.

لەو ماوەیەدا دیوانی یەکەمی (بەهەشت و یادگار) بۆ چاپ نارده بەغدا، کە من بۆم پاکنووس کرد، مامۆستا عەلائەدین سەجادی بۆی بڵاوکردەوە، نووسراوە لەسەر ئەرکی سەجادی چاپکراوە.

بەڵام لەڕاستیدا لەسەر ئەرکی ڕەشید عارف کە کوردێکی دەوڵەمەندی دانیشتووی بەغدایە چاپکراوە.

**پرسیار:** ڕۆڵی گۆران لە پێشخستنی بزووتنەوەی ئەدەبی لەهەولێر چی بوو؟ پێوەندی لەگەڵ نووسەر و ئەدیبانی هەولێر چۆن بوو؟

**وەڵام:** ئەتوانم بڵێم گۆران هیچ ڕۆڵی نەدیوەو هیچ کاریگەری بەسەر ئەدەب و پێشخستنی ئەدەب نەبوو، چونکە ئەوکاتە لە هەولێر وشکاییەك لەئەدەب و ژیانی ئەدەبی لە هەولێر باڵی کێشابوو. واتا وەستانێك بە مانای (الركود الادبی) لە هەولێر هەبوو، هیچ بزوتنەوەیەکی ئەدەبی لە هەولێر نەبوو. ئەتوانم بەبێ دوو دڵی بڵێم کە جگە لەبەڕێز گیوی موکریانی و جەبار ئاغا (کانی) هیچ ئەدیبێکی دیکە لە هەولێر نەبوو، هەر لەبەر ئەوەش بوو کە گۆران بەزۆری هاتوچۆی مامۆستا گیوی موکریانی دەکرد.

بەڵام لەگەڵ کانی هاتوچۆیان کەم بوو، نێوانیان ئەوەندە خۆش نەبوو، میزاجیان لەیەك دووربوو، من بۆ خۆم لە جەبار ئاغام بیستووە کە دەیگوت (بەخوای کاکی خۆم من هیچ زەوق لە شیعرەکانی گۆران وەرناگرم).

بەڵام دوای ئەوەی گۆران لە مووسڵ بەندکرا لە کۆتایی ساڵی 1950 و سەرەتای ساڵی 1951 ڕۆژنامەی هەولێر دەرچوو، کە لەلایەن کۆمەڵەی مامۆستایانەوە دەردەکرا. کە ئەوکات هێشتا نەبووبوو بە نەقابەی مامۆستایان.

**پرسیار:** گۆران بیرو باوەڕی کۆمۆنیستی بۆچی و بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟

**وەڵام:** شووعییەتی گۆران دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتەی کە بەندکرا لەبەندیخانەی مووسڵ، بە تەئکید بەر لەوکاتە شووعی نەبوو، بەڵام بەندیخانەی مووسڵ خەڵکی شووعی و چەپی زۆر تێدا بوو، ئیتر لەبەندیخانە بوو بە شووعی، مەبەستی داپۆشینی ئەو کارەبوو کە لەسەری بەندکرابوو.

**پرسیار:** ئایا گـــــۆران لەڕووی کۆمەڵایەتی چۆن بوو و خووڕەوشتی چۆن بوو؟

وەڵام: گۆران لەژێر کاریگەری ئەدەبـــــی و ڕۆشنبیری ئەوروپی بوو، و موتەئەسیر بوو بە شاعیر و نووسەرە ئەوروپییەکان و موتەئەسیر بوو بە پێوەندی نێوان نێر و مێ لە ئەوروپا لایەنی مێبازی زاڵ بوو لەڕەوشتی گۆران و لەمەیا (صدقی) هەبوو وەنەی شاردووەتەوە.

**پرسیار:** گۆران وەکو ئەدیب و شاعیر چۆن دەبینی و ڕۆڵی لە ئەدەب و شیعری کوردی چۆن هەڵدەسەنگێنیت.

**وەڵام:** بەکورتی گۆران لەپەنجا گەیشتە لووتکە بەڵام لەپەنجا بەدواوە بەرەو داکشان و دابەزین هات.

## ئەنجام

بێگومان هەر کارێك ئامانج و ئەنجامی خۆی هەیە و ئێمەش لەم لێکۆڵینەوەیە گەیشتینـــــە چەند ئەنجامێك کە لە خوارەوە دەستنیشانیان دەکەین.

1ـ ژیانی تاڵ و سوێری گۆران و ژن هێنانی بەو ڕێگە تەقلیدیە بووەتە هۆی تێکدانی باری دەروونی و دروستبوونی بۆشاییەك لە ناخی گۆران بەرانبەر بە ئافرەت و بەختەوەر نەبوونی ژیانی هاوسەریدا، کە ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەیە چ لە شیعرەکانی و چ لەژیانی گۆران بەرانبەر ئافرەت.

2ـ گۆران سەرەڕای ئەوەی شاعیرێکی هەست ناسك و جوان پەرست بووە لەهەمانکاتدا لە زۆر لەشیعرەکانی وێنەیەکی واقیعی ئافرەتی کورد لە کۆمەڵی دواکەوتووی کـــــوردەواری دەخاتەڕوو، کە ئافرەتی کورد تا چەند تیچدا چەوساوەو بەش خوراوە.

3ـ گۆران لەژێر کاریگەری ئەدەب و ڕۆشنبیری ئەوروپا بووەو باوەڕی بەو جۆرە پێوەندییەی نێوان نێرو مێی ئەوروپی هەبووە.

4ـ گۆران لەژیانیدا زۆرجار تووشی ئەزیەت و ئازاردان بووەو ناوناتۆری ناشیرینی خراوەتە پاڵ ئەمـــــەش لەبەرئەوەی کە گـــــۆران مرۆڤێکی پێشکەوتووخوازو مرۆڤ پەروەر بووە.

(1) ڕەفیق حیلمی: شیعرو ئەدەبیاتی کوردی، بەرگی دووەم چاپخانەی خوێندنی باڵا، هەولێر، 1988،ل147.

(2) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل.

(3) ڕەفیق حیلمی: شیعرو ئەدەبیاتی کوردی، بەرگی یەکەم چاپخانەی خوێندنی باڵا، هەولێر، 1988،ل150.

(4) حسين علي شنوف، شعر الشاعر الكردي المعاصر عبدالله گۆران، ت: شكور مستەفا، مطبعة دار جاحظ، بغداد 1975، ل12.

(5) سەرچاوەی پێشوو، ل17.

(6) کاکەی فەلاح: کاروانی شیعری نوێی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپخانـــــەی حسام، بەغدا،1980،ل15.

(7) محەمەدی مەلا کەریم: دیوانی گۆران، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، 1980 ل9.

(8) ڕەفیق حیلمی: شیعرو ئەدەبیاتی کوردی، بەرگی دووەم، چاپخانەی خوێندنی باڵا، هەولێر، 1988، ل161.

(9) محەمەدی مەلا کەریم: دیوانی گۆران، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا،1980 ل28.

(10) محەمەدی مەلا کەریم: دیوانی گۆران، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا،1980 ل45.

(11) محەمەدی مەلا کەریم: دیوانی گۆران، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا،1980 ل45.

(12) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(13) محەمەدی مەلا کەریم: دیوانی گۆران، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا،1980 ل16.

(14) محەمەدی مەلا کەریم: دیوانی گۆران، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا،1980 ل16.

(15) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(16) کەمال میراودەلی: ئافرەت و جوانی لەشیعری گۆران، نووسەری کورد، ژمارە 1، گۆڤاری یەکێتی نووسەران، چاپخانەی شەفیق، بەغدا، 1979.

(17) عەتا قەرەداغی: بە ئەلتەرناتیف بوونی سروشت بۆ وێنەی باوك و ئافرەت لای گۆران، برایەتی، 72، هەولێر، 1996.

(18) حەمەی مام ئاوڕەحمان: پرۆژەی ڕەخنە و لێکۆڵینەوە، چاپی یەکەم، بەغدا، 1979 ل 305

[19]کەمال میراودەلی: ئافرەت و جوانی لەشیعری گۆران، نووسەری کورد، ژمارە 1، گۆڤاری یەکێتی نووسەران، چاپخانەی شەفیق، بەغدا، 1979.

## سەرچاوەکان


### سەرچاوە کوردییەکان:

1ـ حەمەی مام ئاورەحمان: بەشی یەکەم و دووەم لەپڕۆژەی ڕەخنەو لێکۆڵینەوە، 1979.

2ـ کاکە فەلاح: کاروانی شیعری نوێی کوردی، چاپخانەی حسام، بەغدا، 1980.

3ـ محەمەدی مەلا کەریم: دیوانی گۆران، چاپخانەی کۆرشی زانیاری عێراق، بەغدا، 1980.

4ـ ڕەفیق حیلمی: شیعرو ئەدەبیاتی کوردی، چاپخانەی خوێندنی باڵا، هەولێر،1988.

### سەرچاوە عەرەبییەکان:

حسين علي شانون: ترجمة شكور مصطفى، شعر الشاعر الكردي المعاصر منشورات المثقف الجديد، مطبعة دار جاحظ، بغداد،1975.

### گۆڤارو ڕۆژنامە:

1ـ کەمال میراودەلی: ئافرەت و جوانی لە شیعری گۆران، نووسەری کورد، گۆڤاری یەکێتی نووسەران، خولی دووەم، ژمارە (1)، چاپخانەی شەفیق، بەغدا، 1981.

2ـ کەمال میراودەلی: بۆ هیوای کوڕم، نووسەری کورد، گۆڤاری یەکێتی نووسەران، خولی دووەم، ژمارە (6)، چاپخانەی الحوادپ، بەغدا، 1981.

3ـ د.عیزەددین مستەفا ڕەسوڵ: شیعری تازە، ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (105)، چاپخانەی دار الحريە، بەغدا، 1985.

4ـ ئومێد ئاشنا: ڕەفیق حیلمی و سەرەتای ڕەخنەی زانستی لەئەدەبی کوردی، ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (108)، چاپخانەی دار الحريە، بەغدا، 1985.

5ـ عەتا قەرەداغی: بە ئەلتەرناتیڤ بوونی سروشت بۆ وێنەی باوك و

ئافرەت لای گۆران، برایەتی، ژمارە (72)، هەولێر، 1996.

**چاوپێکەوتن:**

1ـ ڕزگار ئەژی گـــۆران: کاسێتی تەسجیل، ماڵی مەلا تایەر، گەڕەکی شۆڕش، 1997/3/8، کاتژمێر چواری ئێوارە.

2ـ مەلا تایەر: کاسێتی تەسجیل، ماڵی مەلا تایەر، گەڕەکی شۆڕش، 1997/3/8 کاتژمێر چواری ئێوارە.

3ـ د.مارف خەزنەدار: چاوپێکەوتن بە نووسین، کۆلێژی ئاداب بەشی کوردی، 1997/4/8، کاتژمێر 10ی بەیانی.

# بەڕێوەبەری سەرکەوتووی قوتابخانەو خوێندنگە


**ن: حوسێن عەلی حەمدانی**

**و: پەروەردەو فێرکردن**


پەروەردەی نوێ پێویست دەکات کەسێك بۆ هەمـــــوو کارمەندانی قوتابخانەو خوێندنگە تەرخان بکرێت بۆ ئەوەی ئاراستەو ڕێنوێنییان بکات و

کارەکانیان ڕێك بخات و بەدواچوونیان بۆ بکات، پێویستە بەرپرسانی پەروەردەی نوێ کەسێکی ئەوتۆ بۆ قوتابخانەو خوێندنگە تەرخان بکەن کارە هونەرییەکان لەنێوان مامۆستایاندا دابەش بکات، هەر یەکەو لەبواری پسپۆری خۆیدا، هەروەها کارمەندانی کارگێڕیش هەر یەکە بە پێی کاری خۆی و، پرۆگرامی پەروەردەیی و ڕۆشنبیری بۆ خوێندکاران و قوتابی و خوێندکاران دابنێت و بەوردی چاودێری کارمەندانی قوتابخانەو خوێندنگە بکات و بەدواچوون بۆ هەر کارێك بکات کە پێویست بە بەدواچوون بکات، بۆ ئەوەی قوتابخانەو خوێندنگە بە هێوری بەڕێوەبچێت، بۆیە بەڕێوەبەری قوتابخانەو خوێندنگە بە کۆڵەکەی نێوان ژینگەی دەوروبەری قوتابخانەو خوێندنگە کە خۆی لەدایك و باوك و کەس و کاری قوتابی و خوێندکاراندا دەنوێنێت و لەنێوان بەڕێوەبەرانی فێرکردن و مەڵبەندی ڕۆشنبیری و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و قوتابخانەو خوێندنگە نموونەییەکان، لەلایەك و لەنێوان قوتابخانەو خوێندنگە لە لایەکی دیکەوە، وێڕای کاری سەرەکی خۆی لەناو قوتابخانەو خوێندنگەدا.

ئەمە جگە لە گرنگی لە کاتی چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لە قوتابخانەو خوێندنگەدا جاروبار لە نێوان خودی قوتابی و خوێندکاران و جاروبار لە نێوان مامۆستایان و فێرخوازن و جاروباری دیکە لە نێوان خودی مامۆستایان و لەنێوان مامۆستایان و کارمەندانی کارگێڕی ڕوو دەدەن، بە تایبەتی لەسەرەتای ساڵی خوێندندا لەکاتی دانانی خشتەی هەفتانەو چاودێری ئامادەبوون و ئامادەنەبوونی بەیانیان، بۆیە لێرەوە دەشێت بگوترێت کە بەڕێوەبەری قوتابخانەو خوێندنگە بایەخێکی گەورەی بۆ بەدیهێنانی سستم و ڕێك و پێکی ناو قوتابخانەو خوێندنگەو جێبەجێکردنی پرۆگرامە پەروەردەیی و فێرکارییەکان هەیە.

بۆیە بەڕێوەبەری قوتابخانەو خوێندنگە پێویستی بە شارەزایی و مەشقی پرەکتیکی لەبورای فێرکردن و هونەرەکانی فێرکردندا هەیە، لەگەڵ ئەو خوێندنەی کە قوتابخانەو خوێندنگە پێویستی پێ هەیە، خوێندن و لێکۆڵینەوەیەکی پسپۆرییە لەبواری پەروەردەو فێرکردن و ئەو بڕوانامەیەی کە پێویستە بەدەستی بهێنێت

بڕوانامەیەکی پەروەردەیی بێت، جگە لەپێویستی و مەرجی دیکەی سەرەکی لەکەسایەتی بەڕێوەبەرداو ئاگەداری بەردەوام و فرەوان و لەئەستۆگرتنی بەرپرسیاریەتی و کەسایەتی بەهێزو زانینی چارەسەرکردنی کێشەکان بە شێوەیەکی خێراو توند، هەروەها پێویستە توند بێت بـــۆ ئەوەی زێدەڕۆیی بکات و نەرم بێت بۆ ئەوەی لاوازی بنوێنێت و بیرتیژو گۆساغ بێت، هەروەها نەرم و هوشمەندو پلاندارێژ بێت، دەرك بەشتەکان بکات و سستمی خۆی بە پێی بنەمایەکی زانستیانەی لێکۆڵراوەوە دابنێت لەگەڵ سستمە نوێیەکانی پەروەردەدا بگـــونجێت، بەسنگی فرەوانەوە ڕەخنەی بنیاتنەر پەسەنـــــد بکات و لەقوتابخانەو خوێندنگەو لە ناو کۆمەڵدا ئاکاری بەرز بنوێنێت و بەناوبانگ بێت، لەپاڵ ئەوەیشدا بڕوای بەو کارە هەبێت کەئەنجامی دەدات.

چونکە بەڕێوەبردنـــــی قوتابخانەو خوێندنگە چاودێری و ئاراستەکردنە. ئەوەی هیچ لەبارەی وانەگوتنەوە نەزانێت و لە ژیانـــــی خۆیدا مامۆستایەتی نەکردبێت زۆر دژوارە بتوانێت بەشێوەیەکی کاریگـــــەرو تەواوەتی قوتابخانەو خوێندنگەیەك بەڕێوە ببات، ئەگەر بەڕێوەیشی ببات ئەوە لەوەوە نزیکترە بەڕێوەبەری نووسینگە بێت لەوەی بەڕێوەبـــــەری قوتابخانەو خوێندنگە بێت.

لێرەدا گرنگترین خەسڵەت و ئەرك و بەرپرسیاریەتی بەڕێوەبەری قوتابخانەو خوێندنگە و کارامەییە بنەڕەتییەکانی دەخەینە ڕوو کە پێویستە هەیبێت.

گرنگترین خەسڵەتەکانی بەڕێوەبەری سەرکەوتووی قوتابخانەو خوێندنگـــەو گرنگترین ئەرك و بەرپرسیارییەکانی ئەمانەی خوارەوەن:

مۆرکی کاری بەڕێوەبەری قوتابخانەو خوێندنگە وای لێ پێویست دەکات لە قوتابخانەو خوێندنگەی خۆیدا ڕۆڵی سەرکردەیی ببینێت و هەر چاوەڕێی ئەوەیشی لێ دەکـــرێت ئەو ڕۆڵە سەرکـــــردەییە ببینێت. چونکـــە سەرکردەکان لە پلەو پایە بەرزەکانی کارگێڕیداو مامۆستایان لە قوتابخانەو خوێندنگەو هەروەها کرێکـــاران و قوتابی و خوێندکاران و باوکان و بگرە کۆمەڵی گەورە هەر هەموویان وا تەماشای بەڕێوەبـــەری قوتابخانەو خوێندنگە دەکەن کە ســـەرکردەیەو پێویستە ئەو ڕۆڵە سەرکردەییەی خۆی بەڕێوە ببات.

ئــــــەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە بەڕێوەبەری قوتابخانـــــەو خوێندنگە بەدروستی ڕۆڵی سەرکردەیی خۆی بنوێنێت کە لە هۆشمەندی خۆی لەمەڕ کارەکەی و شێوازەکانی و پەرەپێدان و جێبەجێکردنی ئەو کـــــارەو توانای هەڵس و کەوتـــــی دروست لەگەڵ کارمەندەکاندا هەڵقولاَبێت.

گرنگترین ئەو خەسڵەتانەیش ئەمانەن:

ـ لەو ڕووەوە داوا لە بەڕێوەبەری قوتابخانەو خـــــوێندنگە دەکرێت سەرکردەیەکی پەروەردەیی بێت ڕۆڵی کاریگەری لە پرۆسەی پەروەردەییدا هەبێت ئەویش بەم شێوەی خوارەوە:

ـ چوست و چالاك و کارامە بێت و بەپێی هەلویستەکان ڕۆڵی جۆراوجۆری کارکردن بنوێنێت.

ـ بزانێت کە هۆکـــــارەکان بە مەبەستەکانەوە بەندو پەیوەستن.

ـ بتوانێت سیاسەتی پەروەردەیی دابڕێژێت و جێبەجێ بکات.

ـ بتوانێت کارەکەی پەرە پێ بدات و نوێی بکاتەوە.

ـ کەسایەتییەکی ئەوتۆی هەبێت کار لە فەرماندەیی کردنی هۆشمەندانەی دەزگە یان سستمەکانی بکات.

## ئەمانەی خوارەوەیش ئەو خەسڵەتانەن کە پێویستە لە بەڕێوەبەری سەرکەوتوودا هەبن

بـــەڕێوەبـــەری قوتابخـــــانە بە سەرکردەیەکی پەروەردەیی گرنگ لە دەزگەی پەروەردەیـــــی (قوتابخانەو خوێندنگە) دادەنرێت، جا بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی دروست ئەرکەکانی خۆی بەڕێوە ببات پێویستــــــە چەند خەسڵەتێکی جیاکاری تێدا بێت، لەوانەیش ئەمانەی خوارەوە:

ـ لە دیمەن و ڕواڵەت و هەڵس و کەوت و ڕەفتارو پێگەیشتوویيدا نموونە بێت.

ـ مەرجی مرۆیی تێدا بێت و ڕێز لە کاتەکانی قوتابخانەو خوێندنگەبگرێت و هەست بەلێپرساویەتی بکات و لەڕاپەڕاندنی کارەکەیدا دڵسۆز بێت و لە بەڕێوەبردنی قوتابخانەو خوێندنگەیدا دادوەری بنوێنێت.

ـ توندی و ســــۆزو خۆشەویستی لەخۆیدا کۆبکاتەوەو ڕەفتار بەرز بێت و بەردەوام وریاو هۆشمەند بێت و لە بیرکردنەوە ڕەفتارو هەڵس و کەوتدا دیمەکراسیانە ڕەفتار بکات.

ـ بایەخ بە ناوەرۆکی کارەکان بدات و خۆی بە کاری ڕۆتینییەوە سەرقاڵ نەکات و خێـــــرا بڕیار لەبارەی کارەکانەوە بدات بە تایبەتی لە هەڵویستە پێویستەکاندا بێ ئەوەی دوو دڵی یان سستی بنوێنێت و بتوانێت چی لە دڵـــــدایە بە ڕوونی و وردی بە نووسین و بە قسەکردن دەربببڕێت.

ـ کەسایەتییەکی بەتوانای هەبێت و بتوانێت کار لە کەسانی دیکە بکات چونکە ئەوە لە کارەکەیدا سەرکەوتنی بۆ مسۆگەر دەکات. هەروەها نەرم بێت و لە ڕوو بە ڕووبوونەوەی کێشەو کارەکاندا وشك نەبێت و، تەواو ئاگەداری هەموو لایەن و مەوداکان کارەکە بێت.

هەروەها دەشێت بگوترێت کە گرنگترین بنەماکانی بەڕێوەبەری قوتابخانەو خوێندنگە ئەوەیە ئەم خەسڵەتە سەرکردەیی کردنانە لە بەڕێوەبەری قوتابخانەو خوێندنگەدا هەبن:

ـ نموونەی ڕەوشت بەرزی: لەڕووی پابەندبوون بە ئایین و بە بڕوای خۆی و شانازی پێوە کردنیان و لە ڕووی ڕواڵەت و دیمەن و ڕەفتارو سەربوردەو لە ڕووی باوکایەتی و برایەتی لەگەڵ مامۆستایانی قوتابخانەو خوێندنگەو فەرمانبەران و قوتابی و خوێندکاران و کرێکاران و باوك و دایکانی قوتابی و خوێندکاراندا.

ـ بڕوا بە یەك کردن: بەهۆی پسپۆری خۆی لە هەموو بوارو چالاکییەکدا ئەوە بڕوا پێ بوونی مامۆستایان و فەرمانبەران و کرێکاران و قوتابی و خوێندکاران ســــەبـــــارەت بە بەڕێوەبەرەکەیان یەکەمین کۆڵەکەی سەرکەوتنــــــــی کارگێڕی قوتابخانەو خوێندنگەیە.

ـ هێنانە کایەوەی کەش و هەوای دروست لەسەر بنەمای سەقامگیری و دڵنیایــــــــی و باش لێکگەیشتن و خۆدووره‌پەرێزگرتن لە توندو تیژی و ناکۆکی و ڕق لێبوونەوەو سووربوون لەسەر سۆز نواندن و هاریکاری و دۆستایەتی و هوشیاری و وریایی بەردەوام.

ـ ناسینی کارمەندان ئەویش بە هۆی زانینی تواناو بەهرەو ئامادەبوون و لێهاتوویی و ڕاسپاردنیان بە ئەنجام دانی کاری گونجاوو بۆ هەر یەکەیان لەگەڵ ئاراستەکردن و ڕێنوێنی کردنیان بەقســــــــەی شیرین وێــــــڕای دەستنیشانکردنی لێهاتووەکانیان و هاندانیان و ئامۆژگاری کردنی کەتەرخەمان و بەرەوپێشەوە بردنیان.

- دابەشکردنی پسپۆڕییەکان: ڕاسپاردنی کارمەندان لەلایەن بەڕێوەبەری قەتابخانەو خوێندنگەوە کە هەندێك پسپۆری و بەرپرسیاریەتی و پابەندبوونیان پی ببەخشێت و هاوکات هەموو دەستەڵاتێکیان پێبدات و بەهەر مامۆستایەك ڕابگەیەنێت کە قوتابخانەکەو مولکی ئەوەو ئەویش بەخۆی بەشێکە لەو قوتابخانەو وا باشترە سەرکردەی قوتابخانەو خوێندنگە کاتی خۆی بۆ سیاسەتی گشتی و کاری بنەڕەتی لە قوتابخانەو خوێندنگەکەدا تەرخان بکات و ئەو کارانەی لەخواری ئەوەوە بە سەرۆك بەشەکان و یاریدەدەرەکانی بسپێرێت.

- شێوازی سەرکردەییکردنی باش: لەسەر بنەمای دیموکراسی و خۆبەڕێوەبردن و سەرکردەییکردنی بەکۆمەڵ و سەنتەریەتی پلاندانان ڕادەوەستێت نەك سەنتەریەتی جێبەجێکردن و دوورەپەرێزی لەجۆری ئۆتۆکراتی یان ئاراستەی بیرۆکراتی (نووسینگەیی).

کۆمەڵێك کارامەیی کە پێویستە بیانزانێت بۆ ئەوەی قوتابخانەو فێرگە لێهاتوویانە ئامانجەکانی خۆی بەدی بهێنێت:

- کارامەیی تەکنیکی: خۆی لە تێگەیشتنی سستم و ڕێنوێنی فێرکردن و یاساکانی فێرکردندا دەنوێنێت و دەرك کردنی بەڕێوەبەر بە ماف و پسپۆری و بەرپرسیارییەتەکانی تا بڕیارێك دەرنەکات مافی ئەو نەبێت ئەو بڕیارە دەربکات، هەروەها تا لە دەرکردنی بڕیارێك درێغی نەکات کە دەکەێتە ناو چوارچێوەی پسپۆری و بەرپرسیاریەتی ئەوەوەو، ئەم کارامەییەیش بە شارەزایی دوورو درێژی ئەنجامدانی پیشەی پەروەردەیی و لەچوارچێوەی پرۆگرامەکانی مەشقی پیشەیی لەکاتی کارکردن و چەندین جۆرە مەشقی پیشەیی پسپۆرییەوە وەردەگیرێت.

- کارامەیی دەرك کردن: ئەمەیش خۆی لە فرەوانبوونی ڕوانگەی دیتنی بەڕێوەبەرو توانای دیتنی سەرتاپاگیریانەی بابەت و کێشەو گیروگرفتەکانەوە خۆی دەنوێنێت کە دەخرێنە بەردەم بەڕێوەبەر، ئەویش لەڕووی پێوەندییان بە پرۆگرام و چالاکی پەروەردەیی و ئامانجەکانی قوتابخانەو سوودی ئەندامانی خێزانی قوتابخانەو خوێندنگەو گونجاویان لەگەڵ سیاسەتی فێرکردن و ئامانجە باڵاکانی کۆمەڵدا ...تاد.

ئەم توانایەی تێگەیشتنی کارەکانی لەمەڕ بابەتی پەروەردەیی و کێشەکانی قوتابخانەو خوێندنگە پشت بە دوو فاکتەری بنەڕەتی دەبەستن کە بریتین لە شارەزایە پێشترو زیرەکی چونکە بەڕێوەبەری سەرکەوتوو دەتوانێت بڕیاری دروست لە کاتی گونجاوو بە خێراییەکی پێویست و بە لێهاتووییەکی پیویست وەربگرێت لەگەڵ ڕەچاوکردنی هەموو گۆڕانەکاندا.

- کارامەیی کۆمەڵایەتی: ئەوەیە کە پێوەندی بە ڕاستگۆیانە لەخۆتێگەیشتن و لە کەسانی دیکە گەیشتن و داواکاری و پێویستییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانیانەوە هەیە لەگەڵ توانای مامەڵەو ڕەفتارکردن لەگەڵ کەسانی دیکە بە شێوەیەك کارێکی وا بکات ئەوانەی لە قوتابخانەو خوێندنگەو کارگێڕی قوتابخانەو خوێندنگە کار دەکەن کارەکانی خۆیان خۆش بوێت و هەلی ڕادەربڕینی ئازادانەو باسکردنی کێشەو گرفتەکانیان بۆ دەستەبەر بکات و لە بڕیاروەرگرتندا بەشدارییان پێ بکات.

## گرنگترین ئەرك و بەرپرسیاریەتییەکانی بەڕێوەبەری قوتابخانەو خوێندنگە

بەڕێوەبەری قوتابخانەو خوێندنگە چەند ئەرکێکی پەروەردەیی لە ئەستۆیە لەوانەیش بەڕێوەبردن و تەکنیکی و هەر هەمووشیان تێکەڵ بە یەك دی دەبن و پێویستە بەڕێوەبەری قوتابخانەو خوێندنگە بەشێوەیەکی چالاك و کاریگەرانە ئەنجامیان بدات لەوانەیش:

- پلاندانان: پلاندانان بەو پرۆسە هۆشمەندییە پێناسە دەکرێت کە بەهۆیەوە باشترین ڕێگە یان ڕێڕەو بۆ ڕەفتارو هەڵسو کەت هەڵدەبژێررێت بەو چەشنەی ئامانجێکی دیاریکراو بەدی بهێنرێت.

بەڕێوەبەری قوتابخانەو خوێندنگە دەتوانێت بە هاریکاری کارمەنەندانی قوتابخانەو خوێندنگە پرۆگرامی

كاركردنـــــــی سەتاســــــەری بەم شێوانە دانێت:

ـ خۆئامادەكردن بۆ ساڵـــی نوێی خوێندن و پێكهێنانی لیژنەی پسپۆر.

ـ ئامادەكردنی پرۆگرامێكـــــــی كاركردن بۆ ئەوەی بە درێژایـــی ساڵ جێبەجێ بكرێت كە بە هۆكارەكانی جێبەجێكردن پشت ئەستوور كرابێت.

ـ ئامادەكردنـــــــــی پلانێك بۆ چارەسەركردنی پاشكەوتووانی لە ڕووی خوێندنـــــــەوەو چاودێریكردنـــــی بەهرەمەندەكان.

ـ دانانی پلانێك بۆ خزمەتگوزای قوتابی و خوێندكـــــــاران لە ڕووی تەندروستی و كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و هونەرەوە.

داهێنانی پلانێك بۆ پێشخستنـــــــــی قوتابخانـــــەو خوێندنگــــــەو پتر بەرەوپێشەوەبردنـــــــی لە هەموو ڕوویەكەوە.

ـ بەشداریكردنـــــــی دیارترین مامۆستایان لە دانانــــی پلانێكی ئەزموونكاری بۆ جێبەجێكردنـــــــی هەندێك لە ئاراستە نوێیەكانی بواری سیاسەتی نوێی فێركردن.

ـ پتەوكردنی پێوەندی قوتابخانەو خوێندنگە بە دەرچووان و بە قوتابخانەو خوێندنگەكانی دەوروبەری و كاركردن بۆ سەركەوتنی پرۆژی ڕۆژی والا.

ـ دانانی پلانێكی تەواو بۆ پرۆژەكانی چالاكی قوتابخانە لەسەر ئاستی پۆلەكان و لەسەر ئاستی قوتابخانەو خوێندنگـــــــە لە ڕووی پێوەندی بە خزمەتكردنی پرۆگرامەكان و دواتر پەرەپێدانی بەهرەو شارەزایی و توانای قوتابی و خوێندكاران.

ـ هۆكاری زانستی بۆ پشتیوانی لێ كردنی خوێندن و ڕێك و پێكی لە ماوەی دوا دوایی ساڵـــــی خوێندندا لەگەڵ خۆئامادەكردن بۆ تاقیكردنەوەی كۆتایی ســـــاڵ بەپێی پلانێك لێی كۆڵرابێتەوە.

## ڕێكخستن

ئەركی بەڕێوەبەری قوتابخانـــــــەو خوێندنگە ئەوەیە كە كار ڕێك بخات و ئەویش بە دابەشكردنی كار بەسەر كارمەندان و دەسەڵاتی پێویستیان پێ بدات بۆ ئەوەی كارەكان جێبجێ بكەن ئەویش لەو پێناوەدا ئەو مەبەست و

ئامانجانە بەدی بێن لەو کارە خواستراوە.

ئەوەیش دەشێت بەم شێوەی خوارەوە ئەنجام بگرێت:

- مەزەندەکردنی قەوارەی پێویست بۆ بەدیهێنانی پەیامی قوتابخانە لە بواری خوێندن و چالاکی و سەرپەرشتی و پێشەنگی و ئەنجوومەنەکانی قوتابخانەو کاروباری کـــــارگێڕی و دارایی و مەزەندەکردنی ئەو کارمەندانەی کە پێویستن.

- دیاریکردنی ئەو بەرپرسیاریەتییەی بە هەر بەش یان دەزگەیەك لە بەش و دەزگەکانی قوتابخانــــەو خوێندنگە دەبەخشرێت و ڕاسپاردنی کارمەندانی قوتابخانەو خوێندنگە بەو کارانەی لەگەڵ تواناکانیاندا دەگونجێن.

- ئامادەکردنی خشتــــەی گشتی قوتابخانەو خوێندنگـــــــتە لەگەڵ ڕەچاوکردنی بنەماو مەرجی گونجاو بۆ هەر یەکە لە قوتابی و خوێندکارو مامۆستایان و پەیـــوەست بوونی بابەتەکان و کاتی وانەکانی خوێندن و پەروەردەی وەرزشی و وانەی پرەکتیکی و ... تاد.

- ڕێکخستنی گرووپەکانی چالاکی لە ڕووی هەڵبژاردنی سەرپەشتیاران و ئەندامەکانی لە قوتابی و خوێنکاران بەپێی ئارەزوو و ئامادەییان لەگەڵ دیاریکردنی کات و شـــــوێن و دابینکردنی کەرەستەو پێداویستییەکان بۆ ئەنجامدانی ئەو چالاکییانە.

- ئامادەکردنی خشتەی کاتی کۆبوونەوەکانـــــــی مامۆستایان و ئەنجوومەنی کــــــارگێڕی قوتابخانەو خوێندنگەو ئەنجوومەنـــــی باوکان و دایکـــــان و ئەنجوومەنەکانـــــــی چالاکییەکانی دیکە ..تاد.

- دانانی پلانێك بۆ ڕێکخستنــــــی دۆسیەو تۆمارو تێنووسی دارایی و کارت و تاقیکردنەوەکان بۆ ئەوەی بەدواداچوونیـــان ئاســـــان بێت و بەشێوەیەکی ئاسان ببینرێن.

## ئاراستەو سەرپەرشتی تەکنیکی

ئەویش بەهـــــــۆی سازدانی کۆڕو کۆبوونەوەو دیدارو سەردانی پۆلەکان ئەنجام دەگرێت، بەپێی پرۆگرامێکی مەشق پێکردنی تایبەت کە لەگەڵ پلانی گشتی قوتابخانەدا بگونجێت.

گرنگترین ئامانجـــــــی پرۆسەی ئاراستەکردن و سەرپەرشتی تەکنیکی پەرەپێدان و نوێکردنـــەوەی کاری پەروەردەییە، لەگەڵ بەرزکردنـــەوەی لێهاتوویی کارمەنداندا.

ئاراستـــــەی دروستیـــــش بە گـــــیانێکـــی مرۆییانـــــــەی شکۆمەندانــــــەوە ئەنجام دەگرێت بە شێوەیەك لایەنە باشەکان دەخاتە ڕوو پاشان لەسەرخۆو وردە وردەو دانایانە خاڵە لاوازەکان چارەسەر دەکات.

**سەرچاوە:**

abooba.maktoobblog.com

# گیروگرفتی نەخوێندەواری چەمکەکەی، هۆکارەکانی سەرهەڵدانی، ڕێگاکانی نەهێشتنی

**ئا : نووری عەلی ئەمین**

**و:کەمال غەمبار**

**ئەم نووسینە یەکێکە لەو توێژینەوانەی کە لە لیژنەی ئامادەکردنی یەکەم کۆڕی لێکۆڵینەوە لەبارەی کتێبی قوتابخانەوە بە زمانی کوردی لە ڕۆژانی 25 و 26 و 27ی تەمووزی ساڵی 1973 لەشەقلاوە سازدرا و، کۆڕەکە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی خوێندنی کوردییەوە بەڕێوەچوو.**

**بەرایی**

هەرچەندە کە پەتای نەخوێندەواری لەدووچاربوونی مرۆڤایەتی کۆنە، بەڵام رووبەڕووبوونەوەی بۆ نەهێشتنی لە وڵاتە گەشە سەندووەکان، کارێکی نوێی هاوچەرخە، لێرەوە هەر شتێك لەبارەی ئەم پەتایەو دانانی وتار بۆ نەهێشتنی هێشتا لەدەوری ئەزموون و بێنەو بەردەدایە.

ئەم ڕاستییە تۆژینەوەکەی منی ئاراستەی پرۆگرام و ئامانجەکانی کردو، نەمویست کە تەنیا خۆم بە ئەزموونەکانی خۆمان، ئێمەی رۆشنبیرانی کورد ببەستمەوە لەسەیرکردنی گیروگرفتی نەخوێندەواری، بەڵکو هەموو پەنجەرەکانم کردەوە بۆئەوەی لەڕێگەی ئەوانەوە سەیری ئەزموونەکانی گەلان بکەم و چۆنیەتی ڕوانینی ئەم گیروگرفتانە نمایش بکەم، بەم پێیە پرۆگرامی تۆژینەوەکەی من مێژوویی نمایشکارییە، دۆزەکان بە هەموو ڕووەکانیانەوە نمایش دەکات، ئینجا رووە ڕاستەکە بە نەرم و نۆڵی بێ زۆر لەخۆ کردن هەڵدەبژێرم، بۆئەوەی دەرگەی (ئیجتیهاد) واڵا بێ و ، ئەم پرۆگرامە ئامانجی تۆژینەوەکەی وا کێشاوە کە پوختەکەی وروژاندنی نەهێشتنی نەخوێندەوارییە، لەسەر ئەو بنەمایەی کە کتێبخانەی کوردی پێویستی ئەو درێژدادرییە هەیە، بەمەبەستی هەڵبژاردن لە ڕێگەی ئەزموونە تایبەتییەکانەوە کە تێیاندا بەشدارم بەو پێیەی کە لەفێربوون و دانان لەم مەیدانەدا کارم کردووە، هەر چۆنێك بێت، ئەم تۆژینەوەی من بەری خوێندنەوەی ئەو سەرچاوەو ژێدەرانەیە کە لەکۆتایی تۆژینەوەکەو شارەزاییە تایبەتەکانی خۆمدا تۆمارکردوون و ناونیشانێکی سەرەکیم بۆ هەڵبژاردوون کە (گیروگرفتی نەخوێندەواری چەمکەکەی، هۆکارەکانی سەرهەڵدانی، ڕێگەکانی نەهێشتنی) و ئەم ناونیشانە ئەم ناونیشانەی خوارەوەیان لێ بووەتەوە:

**یەکەم: گێروگرفتی نەخوێندەواری**

ڕەگەکانی گێروگرفتی نەخوێندەواری

هۆکارەکانی سەرهەڵدانی نەخوێندەواری

ڕەهەندەکانی ئەرکی نەهێشتنی نەخوێندەواری

**دووەم: ئەو قۆناغانەی کە چەمکی نەخوێندەواری بڕیونی**

قۆناغی یەکەم

قۆناغی دووەم

قۆناغی سێیەم

قۆناغی چوارەم

**سێیەم: نەهێشتنی وەزیفیی نەخوێندەواری**

خاسییەتمەندەکانی چەمکی وەزیفی نەهێشتنی نەخوێندەواری

**چوارەم: نەخشەکێشان بۆ کارکردنی نەهێشتنی نەخوێندەواری**

تێگەیاندنی ڕای گشتی

مەشقکاری کارمەندان

دانانی پرۆگرام

یاسادانان

بەگشتیکردنی فێربوونی سەرەتایی

ئامادەکردنی کەرەستەی فێرکاری

پلانی خوێندن لەفێربوونی گەوران و قۆناغەکانی

قۆناغی دامەزراندن

قۆناغی بەدواداچوون

**شەشەم: بنچینەکانی دانانی کتێبی خوێندنەوە و نووسین بۆ گەوران**

**1ـ فەلسەفەی بنەڕەتی**

چەمکی خوێندنەوە

ئامانج لەخوێندنەوەدا

قۆناغەکانی فێربوونی خوێندنەوە

**2ـ کتێب و کەرەستە فێرکارییەکان**

کتێبە بنەڕەتییەکان

کتێبەکانی خوێندنەوە

کتێبەکانی مەشقکاری

کتێبە ڕابەرییەکان

کتێبە سەربارەکان

کتێبە بەدوواداچووەکان

کارتەکان

تاقیکردنەوەکان

تابلۆی شارەزاییەکان

**3ـ بابەت و شێوازی نمایشکردن**

**4ـ شێواز:**

أ ـ شێوازی ئاوێتەیی

شێوازی ئەبجەدی

شێوازی دەنگی

شێوازی بڕگەیی

ب ـ شێوازی شیکاری

شێوازی پەیڤ

شێوازی ڕستە

شێوازی چیرۆك

**5ـ دەرهێنان**

یەکـــەم: گیروگــرفتی نەخوێنــدەواری چـــــــەمکەکەی، هۆکارەکـــــــانی سەرهەڵدانی، ڕێگاکانی نەهێشتنی.

## چەمکی نەخوێندەواری

ئەوانـــــەی لـــــەبواری نەهێـــشتنی نەخوێندەواریــدا کاردەکــەن، لــەبارەی دیاریکردنی واتــای نەخوێندەوارییــەوە جیاوازییان هەیــە، هەیــە وای پێناســە دەکات کە (نەخوێندەوار) ئەو کەسـەیە نازانێــت بخوێنێتــەوە یــان خوێندنــەوەو نووسین هەردووك نازانێـت، هەشـە وای پێناسە دەکات کە ئەو کەسـەیە چـوار ســاڵی خوێنــدنی تــەواو نــەکردووەو، تەنانــەت ئەوانــەی لــەبارەی پێناســەی فێرکردنـــەوە کـــۆکن کـــە زانیـــاریی خوێندنـــــەوەو نووســــینە لـــــەبارەی دیـــاریکردنی پلـــەی ئـــەم زانیارییـــەوە جیاوازییـــان هەیـــە هـــەر بـــە ســـەر لێدەرچوون دەوەستێت و، هەشە سوورە لەسەر گەیشتن بە ئاستێکی وەزیفی کە ئــەو ئاســتە کــە کەســەکە دەتوانێــت بەشدارییەکی کاریگەر لەچالاکییەکانی خوێندنەوەو نووسین بکات کە کەسـانی ڕۆشنبیر لەو کۆمەڵگەی کە تێیدا دەژی دەینوێنن.

هەرچـــەند وەکـــو لـــەم پێناســـانەدا جیـــاوازی دەردەکـــەوێت، لەنێوانیانــدا ڕەگەزی هاوبەش هەنە کـە بکـرێن بـە بنەمایــەك بــۆ دیــاریکردنی چــەمکی نەخوێنــدەواری و پێناســـەکردنی کـــە نەخوێنــدەواری نــەزانینی خوێندنــەوەو نووسینە لەساکارترین ئاستەکانیدا.

## ڕەگەکانی گیروگرفتی نەخوێندەواری

گیروگرفتی نەخوێندەواری گـەورەترین گیروگرفتە کە وڵاتە گەشـە کردووەکـان ڕووبــەڕووی دەبنــەوە، چارەســەرکردنی پارەوپوول و کاتێکی درێژو تەقەلایەکی بـــەردەوامی گەرەکـــەو گیروگـــرفتی نەخوێندەواری هەر گیروگرفتێکی قەبـە نییــە بــەڵکو هەروەســا گیروگرفتێکــی ئاڵۆزەو، ئاڵۆزییەکەی بۆ وابەستەبوونی بە زۆر گیروگرفتی تر دەگەڕێتــەوە کــە ئەم وڵاتانە دووچـاری بـوون، یەکـەمین پێوەنــدی بــە گیروگــرفتی فێربـــوونی منداڵانـــەوە هەیـــە، کـــە لێکۆڵینـــەوە مێژوویەکانی هەندێك دەوڵەت ئەوەیە کــە هەرچــەندە ڕێــژەی ئەوانــەی لــەو قوتابخانەدا تۆمار کراون بــەرز ببێتــەوە ئـــەوە ڕێـــژەی نەخوێنـــدەواری لـــەناو گەورانــدا کــەم دەبێتــەوەو، هەرچــەندە

ڕێژەی تۆمارکراوان لەو قوتابخانانە کەم بوونەوە ئەوە ڕێژەی نەخوێندەواران لەنێوان گەوراندا بەرز دەبێتەوە، لەوەدا دەردەکەوێت کە بە گشتیکردنی فێربوونی سەرەتایی و چاککردنی چاکترین شێوازی ڕیشە دەرهێنانی نەخوێدەوارییە لەهەر وڵاتێك لەو وڵاتانەی دووچاری ئەم دەردە بوونە، بەڵام بە گشتیکردنی فێربوونی سەرەتایی بەندە بە گیروگرفتی ئابووری کە لێکۆڵینەوەی بەراوردکاریی دەوڵەتە هەمەجۆرەکان لەم کاتەدا نیشانەی ئەوەیە کە ڕێژەی فێربوون لەو وڵاتانەی گەیشتوونەتە پلەیەکی گەورەی پیشەسازی بەرزەوە، لەو وڵاتانەی کە جووتیاری و کشتوکاڵییان تێدا سەروەرە، نزمە. هەروەها گیروگرفتی نەخوێندەواری بەگیروگرفتی تەندروستییەوە بەندە کە فێرکردنی نەخوێندەواران پێویستی بە پارەو پوول هەیە، پارەو پوولیش بێ پترکردنی بەرهەم ناکەوێتە دەست، بەڵام پتربوونی بەرهەم نایەتە ئاراوە ئەگەر کارمەندی خاوەن تەندروست و عەقڵ دروست لەئارادا نەبێت. ئەمەش دووپاتی دەکاتەوە کە نەخوێندەواری تەنیا بەفێرکردنی چارەسەر ناکرێت. بەڵکو دەبێت فێرکردنی کارێکی تر لەمەیدانی تەندروستی و ئابووری بکێش بکات، پوختەی قسە ئەوەیە کە گیروگرفتی نەخوێندەواری ترسناکترین گیروگرفتە کە وڵاتانی گەشەکردوو ڕووبەڕووی دەبنەوە کە گیروگرفتێکە چەند هۆکارێك بوونەتە سەرهەڵدانی.

## هۆکارەکانی سەرهەڵدانی نەخوێندەواری

### 1ـ هۆکاری مێژوویی:

وڵاتی ئێمە لەسەدەکانی ڕابردوودا، لەمێژووە دوورودرێژەکەی تووشی داگیرکاری زۆر و فەرمانڕەوایی بیانی و فەرمانڕەوایی کەوتنە ژێر ڕکێفی ئیمپریالیست بوو، کە هۆیەك بوون لەدواکەوتنی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و، بیانییەکان و ئەو حکوومەتانەی کەوتبوونە ژێر ڕکێفی تەنیا بایەخیان بە وەرگرتنی باج و ئەوەی کە دەکرا لەبەروبووم و خێروبێری ئەم وڵاتەدا دەستیان بکەوێت دەدا.

ئەم بارودۆخە مێژووییە پێوەندییان بە غەزووکەران و داگیرکەرانی بیانی و فەرمانڕەوایی ژێر ڕکێفی

ئیمپریالیستەوە هەبوو، بوونە هۆی پشتگوێ خستنی فێرکردن و، قوتابخانەکان بۆ فێرکردنی هەموو ڕۆڵەکانی گەل نەکرانەوە و، ئامرازی وا نەخرانە بەردەم بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری لەناو خەڵکداو، ئەنجامی سروشتیی ئەمە بوونی ئەو ژمارە قەبەی نەخوێندەواران بوون لە وڵاتانداو ئاڵۆزبوونی گیروگرفتەکەیان بوو، بەجۆرێك هۆیە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیان لەگەڵدا تێکەڵ بوو.

**2ـ هۆکاری ئابووری:**

هۆکاری ئابووری گەورەترین هۆکاری کاریگەرە لەتەشەنەکردنی نەخوێندەواری لەوڵاتانداو لەو ڕاستییانەی کە زانراون ئەوەی کە ئاستی بژێوی لەم وڵاتەدا زۆر نزمەو زۆربەی هەرە زۆری دانیشتووان دەرامەتیان دیاری کراوە، زۆربەیان تەقەلاو کاتیان لەڕێگەی پەیداکردنی نان بەخت دەکەن و لەژیانیاندا کاتێك یان تەقەلاییەك نییە کە ئاراستەی فێرکردنی بکەن و، بەشی گەورەی دەرامەتی نەتەوەیی بێ نەخشە دانانی زانستی و سوود بە گەل گەیاندن خەرج دەکرێت.

**3ـ هۆکاری سیاسی**

ئەم هۆکارە پێوەندی بە هۆکاری پێشووەوە هەیە واتە هۆکاری ئابووری، توێژینەوەکان دەیسەلمێنن ئەو سامانەی کە موڵکی گەلە بەشێوەیەکی دادوەرانە دابەش ناکرێت. تاقمێکی کەم خۆشی لەزۆربەی خێروبێری زەوی و بازرگانی و پیشەسازی دەبینن، لەوکاتەی کە زۆربەی هەرە زۆری ڕۆڵەکانی گەل دووچاری هەژاری و برسییەتی و نەخۆشی بوون، ئەوەیان لەدەست نییە کە پێی بژین، بۆیە زۆربەی هەژار، کەمایەتیی دەوڵەمەند دەیانچەوساندنەوەو، لەبەرژەوەندی ئەم کەمایەتییە دەوڵەمەندە نییە کە زۆربەی هەژار خوێندەوار بن، چونکە ئەوە دەبێتە مایەی مەترسی لەسەر بەرژەوەندییە ئابووری و دەسەڵاتە سیاسییەکە.

## هۆکاری کۆمەڵایەتی

ئەم هۆکارە پشتبەستنی زۆربەی دانیشتووانی وڵاتەکەمانە لەژیانیاندا بە کشتوکاڵ و شوانکارەیی، ژیانی شوانکارەیی کە بەندە بە گواستنەوەو کۆچەری و بەسەر خاوەنەکانیدا دەسەپێنێت کە خەریکی داخوازییە مادد‌ییەکان بن و بواری فێربوونیان پێ نادات بەڵام لەژیانی کشتوکاڵیدا

هەرچەند بە سەقامگیرییەوە بەندە بەڵام لەدەسکەوتنی خێروبێرەکانی پشت بە ڕەفتارو لاساییکردنەوە دەبەستێت پتر لەوەی پشت بە ڕۆشنبیری (خوێندنەوەو نووسین) ببەستێت، هەروەها دەبینین ڕێژەی نەخوێندەواری لەنێوان کۆچەرو جووتیاراندا بەرزترە لەهی نێوان دانیشتووانی شارو مەڵبەندە بازرگانی و پیشەسازییەکان، هەروەها دەبینین حەزکردن لەفێربوون لەژینگەکانی یەکەمدا کەمترە لەژینگەکانی دووەمدا.

## ڕەهەندەکانی ئەرکی نەهێشتنی نەخوێندەواری

دووای ئەو باسکردنە مێژووییەی نەخوێندەواری پێویستە بڵێین کە لەڕابردوودا وا سەیر دەکرا خەوشێکە دەبێت لێی دەرباز بین، بەڵام ئەمڕۆکە بووەتە ڕێگری پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی.

لەو ئەزموونانەی کە لەجیهانی ڕۆژئاوا داواکراون سەلمێنراوە کە دەستی خوێندەوار بەرهەمی لەدەستی نەزان پترە، لەبەر ئەوە ئەرکی نەهێشتنی نەخوێندەواری یەکەمین و گەورەترین ئەرکە کە بەرانبەر چەندین دەوڵەتانی گەشە سەندوو قوت دەبێتەوە کە ڕێگەی بەرەو پێشقەچوون و تێکۆشانیان لەپێناو نەهێشتنی نەخوێندەواری و بڵاوکردنەوەی زانیاری لەنێو جەماوەردا گرتووەتە بەرو زاڵبوون بەسەر شتی پڕوپووچی نەتەوەیی و بژێوی کە ڕێگە لەهەراشەکان دەگرێت بچنە بەر خوێندن، بەتایبەتی ئافرەتان، بەتایبەتی لەو وڵاتانەی کە تا هێشتا لەڕەوشێکی ماددیی خراپ پەلە کوتێ دەکەن.

دۆزی پاڵنانی دانیشتووان بۆ فێربوون و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیرییان تەقەلای سەرجەمی گەلی کارمەندی گەرەکەو، هاڕینی نەخوێندەواری سەبارەت بەئێمەی گەلانی گەشەسەندوو بە گەورەترین جەنگی بەرەی بیناکردنی ژیانی نوێ لەقەڵەم دەدرێت و پێویستە ئەم دروشمەی بۆ بەرزبکەینەوە (ئەی ڕۆشنبیر، نەخوێندەوار فێربکە).

پرسی نەهێشتنی نەخوێندەواری، پرسێکی ڕۆشنبیریی ڕووت نییە. بەڵکو پرسێکی سیاسییە پێوەندی بە تێکۆشانی چینایەتییەوە هەیە، یەکەمین سەرکەوتنەکانی هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە ئەنجامی

ململانێیەکی بێ شومار لەگەڵ ئەو دوژمنانەی هەوڵی تەگەرە تێخستنی کار دەدەن ئەنجام دەدرێت.

ئەو بەرگرییە هاروهاجەی کە دەرەبەگ و کۆنەپەرست دەیکەن، کارێکی ڕوون و ئاشکرایە، چونکە دەزانن کە زاڵبوون بەسەر نەخوێندەواری و هۆشیاریی گەل بەرز دەکاتەوەو یاریدەی بیناکردنی ژیانێکی باشترو نەهێشتنی ئەو بنەمایانەی بەندن بە خۆشگوزەرانی چینە مشەخۆرەکانەوە کە لەسەر زۆرداری و وەسوورهێنانی بەدی زەحمەتکێشان دامەزراون.

نەتەوەکانی جیهان دەرکیان بە مەترسیی مانەوەی پتر لە 45٪ ی ڕەگەزی مرۆیی کرد کە نەخوێندەوارن و، بایەخێکی تایبەتیان بە بابەتەکە دا، بەرلەوەی دووەمین جەنگی جیهانی کۆتایی بێت، بیست و شەش دەوڵەتی هاوپەیمان ساڵی 1944 گۆنگرەیەکی فێرکاری نێودەوڵەتییان بەست، کە تێیدا گیروگرفتی نەخوێندەوارییان باسکرد، بەو پێیەی کە یەکێکە لەو گیروگرفتانەی کە جیهان دووچاری بووەو وا وەسفی دەکەن کە هۆیەکە لە هۆیەکانی شەڕو کلۆلی مرۆڤایەتی و، چەند کۆنگرەو لێکۆڵینەوەی زۆری بەدواداهات کە دەکرێ ئەوانەی خوارەوەیان لێ پوختە بکرێتەوە:

1. زانیاری و فێربوون مافی هەموو هاووڵاتییەکە بەرانبەر مافی ژیان و ئازادییە.

2. نەهێشتنی نەخوێندەواری مانای ئەوەیە کە ئەم کەمترین برە ڕۆشنبیرییە وادەکات بتوانێت کە شان بە شانی نایابترین بەرهەمەکانی سەردەممان بڕوات.

3.زانینی خوێندنەوەو نووسین دیوارەکانی نێوان تاکەکان پڕ دەکاتەوەو ڕێگەی بەیەکگەیشتنیان دەڕەخسێنێت.

4. پێویستە بەرنامەکانی نەخوێندەواری پێوەندی ڕاستەوخۆیان بە پرۆژەکانی گەشەپێدانی پیشەسازی و ئابووری و بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە هەبێت تاکو نەخوێندەواران بکێش بکەن و بۆ حەزکردن لە فێربوون پاڵیان بنێن.

5. پێویستە نەخشەکێشانی بەرنامەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری نێوان گەوران و ڕێکخستنیان بەشێك بێت لەهەر نەخشەکێشانێکی پەروەردەی نیشتمانی جیا نەبێتەوە.

6. هەرچەندە بەرپرسی سەرەکی لەدژایەتیکردنی نەخوێندەواری دەکەوێتە سەر ئەو وڵاتەی تووشی بووە، بەڵام پشتیوانیکردنی سەرجەمی دەستە نێودەوڵەتییەکان بۆ مسۆگەرکردنی سەرکەوتنی ئەم پرۆژەیە پێویستە.

7. لەبەر پایەی یۆنسکۆو لەبەر چالاکییەکانی ڕابردوو و ئێستای، پێویستە کە ڕۆڵێکی زیندەگی لە ململانێی جیهانیدا دژی نەخوێندەواری و تەلاقدانی پێویست بۆ نەهێشتنی ببینێت.

8. پێویستە بەر لەدەستپێکردنی جێبەجێکردنی بەرنامەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری، شیکارییەکی قووڵی ژینگەی کۆمەڵایەتی و ئاستی ئابووری و ڕۆشنبیریی وڵاتەکە بکرێت.

9. لەبەرئەوەی کە نەخوێندەواری تەگەرە دەخاتە پێش گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و پێشڤەچوونی ڕۆشنبیری و لەبەر ئەوەی کە نەهێشتنی نەخوێندەواری لەیەك کاتدا پێویست بە دوو پرۆسەی تەواوکاری پاڵپشت دەکات، کە بڵاوکردنەوەی فێرکردنی سەرەتاییە لەناو مێردمنداڵان و لەناوبردنی نەخوێندەوارییە لەنێوان هەراشاندا بەشێوەیەکی نەخشە کێشراو، لەبەرئەوە پێویستە:

أ ـ کە فێرکردنی گەوران ئەو بایەخەی لەنەخشەکێشانی پەروەردەی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا هەیە پێ بدرێت، بۆئەوەی فێرکردنی گەوران لەگەڵ پێگەیاندنی پێگەیشتووە لەپلانێکی تەواوکاردا ڕەو بکات.

ب ـ کە هەر دەوڵەتێك لەچوارچێوەی بەرنامە نەخشەکارییە پەروەردەییەکانیدا بودجەیەك تەرخان بکات.

2ـ کە دەزگەو ڕێکخراوە ئەهلییەکان لەپرۆژەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواریدا بەشداری بکەن و یاریدەدانی پێویستی پێ بدەن، بەو پێیەی هەرچی کە لەڕێگەی نەهێشتنی نەخوێندەوارییەوە خەرجی دەکەن، بەسوود بۆ هەمووان بگەڕێتەوەو ئابووری نیشتمانی گەشە پێ بکات.

## دووەم: ئەو قۆناغانەی کە چەمکی نەهێشتنی نەخوێندەوارییان پێیدا تێپەڕیوە

لەسەردەمی ئێمەدا دەوڵەتان بایەخ بەوە دەدەن کە ڕۆڵەکانی کۆمەڵگەکانمان ژیانی باشتریان دەستکەوێت بۆ بیناکردنی نیشتمانێکی بەهێزترو نەتەوەیەکی بەرگەگرتر، کە ئاشتییەکانی خۆیان بە زانست و

خۆشەویستی بینا بکەن، لەوانە ئەو دەوڵەتە گەشەسەندووانەی کە لەشەڕێکی دادوەرانەدا تێهەڵچوون لەپێناو گەشەسەندن، کە بە زانستییانە سەلمێنراوە کە پتربوونی بەرهەمی نەتەوەیی دەبێتە هۆی پتربوونی دەرامەت و دەرامەت پتربوون دەبێتە مایەی بەرزبوونەوەی ئاستی ژیان و، بوونی ژمارەیەکی زۆر لەنەخوێندەواران لەناو کۆمەڵگەیەکدا، دەبێتە تەگەرەیەك لەڕێگەی گەشەسەندندا.

ئاشکرایە کە گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی جمکەن ناکرێت لێکیان دابڕین، چونکە ناکرێت گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی بێ گەشەسەندنی ئابووری ببێت و، ڕاست نییە بگوترێت یەکێکیان لەوی دووەم باشترە، چونکە هەردووکیان بەیەك بەستراونەتەوە، مرۆڤ ئامرازی گەشەسەندنەو مەبەستەکەیەتی، بە مرۆڤ دەکرێت و لەپێناو ئەوداو، پێداویستییەکانی گەشەسەندن پێویست بە دروستکردنی ڕەگەزی مرۆیی هۆشمەند دەکات و، ئەو ژمارە قەبەی جەماوەری نەخوێندەواران لەدەستدانێکی مەترسیداری هێزە مرۆییەکانە.

فێربوون بۆ مرۆڤ کلیلی هەموو گەشەسەندن و بەرەو پێشڤەچوونی لەناوبردنی نەخوێندەوارییە، مرۆڤی هۆشمەندو بە ئیدراکی دۆزەکانی دەیەوێت لەڕێگە مەعریفەوە، مەعریفەی بەڕاستی لەڕێگەی وشەی خوێندراوە بەر لەبیستراو دیمەنی بینراو بێت بۆئەوەی بتوانن شان بە شانی بەرەوپێشڤەچوونەکانی بە کردەوە تەکەلۆژی هەنگاو هەڵێنێت.

بایەخدانی سەرپەرشتیارانی پیشەسازی بۆنموونە بە زۆر بەرەو چاککردنی ئامێرەکان و بۆ پترکردنی بەرهەم و هێنانەدی گەورەترین قازانج و، کرێکار لەلایەن خاوەن کارەکانەوە بایەخی پێنەدرێت وەك چۆن بایەخ بە ئامێرەکانی دەدرا، ئەگەر کرێکار هەڵەی کرد یان ماندوویی شەکەتی کرد، یان بەهۆی گۆڕینی ئەو ئامێرەی کە کاری لەسەر دەکات نەیتوانی کاربکات، یان ئاڵۆزبوونی یان سستی کارکردن لەبەر هەر هۆیەك بێت، خێرا بە هی دیکە دەیانگۆڕێت تاکو ئامێرەکان لەکاردا بێ پەککەوتن و بێ بیرکردنەوە لە پێویستی فێربوونی کرێکار بەردەوامبن ، ئەو فێربوونەی کە وای لێدەکات شیاوی ئەوەبێت کە بەشێوەیەکی ویستراو کاری لەسەر

بكات و لەئاكامدا بایەخدان بە ڕەگەزی مرۆیی.

بەڵام ئەم ڕێبازە بەرەو كرێكار لە گۆڕین بەرەو پیاوانی خاوەن كار لەكارگەكاندا دەزانن كە ئامێرە لەیەكچووەكان بەزۆری بەرهەمی لەیەكچوو بەرهەم ناهێنن و ئەم جیاوازییانە لەبەرهەمدا بۆ جیاوازییەكانی كارامەیی كرێكارەكان دەگەڕێتەوە كە ئەو ئامێرانە هەڵدەسووڕێنن، لەئەنجامدا فەناعەتییان هێنا بەڵكو ڕەگەزی هێزە مرۆییەكان ڕەگەزی بنەڕەتی بەرهەمەو چەندی و چۆنی و بەرهەم تاڕادەیەكی زۆر لەسەر كارامەیی ئەو كرێكارەی ئامێرەكە هەڵدەسووڕێنێت و لەسەر ڕادەی فێربوون و مەشقكاری لەشارەزابوون لەكارەكەی دەوەستێت.

لەم چەرخەماندا، چەرخی زیادبوونی پێوەندیبوون لەنێوان سەرمایەی ماددی و سەرمایەی مرۆیی. گرنگی لقێك لە لقەكانی فێربوون دەركەوت كە پێشتر ئەو شیاوی و ئەو گرنگیدانەی وەرنەگرتووە كە فێربوونی گەورانەو بایەخدان بەم لایەنەی فێركردن ئامانجی تێكەڵاوكردنی ژمارەی گەورەی مرۆییە لەژیانی ئابووری و كۆمەڵایەتیدا.

نەخوێندەواری تەگەرەیەكە لەڕێگەی گەشەسەندنی ئابووری و كۆمەڵایەتی ئەو وڵاتانەی هەوڵی پێشكەوتن دەدەن و ڕێگرە لەبەردەم گەشەسەندنی مرۆڤ لەهەموو لایەكەوە، نەبوونی سەرچاوەیەكی بەردەوام بۆ نەخوێندەواری كە لەژمارەی ئەو بچووكانەی لەفێربوونی تەوژمی بێ بەشكراون یان لەخوێندن دەردێن بێ ئەوەی كارامەیی خوێندنەوەو نووسین بزانن، گیروگرفتەكە ئاڵۆزتر دەكات، نەهێشتنی چەمكی نەخوێندەواری تووشی چەند جۆرێك گۆڕان و بەرەوپێشچوون بووەو بە چوار قۆناغی چوونە ناویەكی بەدوای یەكدا تێپەڕیوە:

یەكەم هەنگاوەكانی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە نەهێشتنی نەخوێندەواری هیجائیدا خۆی دەنوێنێت كە لەسەر زانینی كارامەییە بنچینەییەكانی خوێندنەوەو نووسین دەوەستێت.

تێبینی كورتی هێنانی ئەم چەمكە كراوە لەهێنانەدی مەبەستەكە لە نەهێشتنی نەخوێندەواری لەئەنجامی ترازانی بەرنامەكانی لەهەر چالاكییەكی پەروەردەیی و كۆمەڵایەتی و ئابووری، جگە لە بەتاڵبوونی لەو

ناوەڕۆکەی کە لەگەڵ ژیانی گەوران و پێویستییەکانیاندا دەگونجـــــــــێت، لەبەرئەوە چەمکی دووەم دامەزرا، ئەویش گەیشتنـــــــــــی نەخوێندەوارە کەمترین ئاستی فێربوون کە لەگەڵ فەلسەفەی پەروەردەی بنچینەیی بڕوات و ئەم چەمکە چاکەی لەسەر ئەوی پێشوو نییە پتر لەوەی بیکاتە بەرنامەی نەهێشتنی نەخوێندەواری کە بەکەمی پێوەندییەکی توندو تۆڵی تیۆری بەگیروگرفتە بە کردەوەکانـــــی تاکەوە هەبێت، ئەگەرچی ئەم ڕێبازە لە واقیعدا بووەتە تەنیا ئەوەی ماددەی (زانیارییە گشتییەکان) بخرێنە سەر کارامییە بنچینەکانـــــی خوێندنەوەو نووسین و ژمێریاری.

قۆناغی سێیەم لەبەرەو پێشڤەبردنی چەمکی نەهێشتنـــــی نەخوێندەواری لەئەنجامی ئەو خەوشانەی لەســــــەر هەردوو قۆناغی پێشوودا تێبینیکراون کە گرنگترینیان وەستانــــە لەسەر بەکارهێنانی وانەبێژان بۆ خوێندنەوەو نووسین لەچەند مەبەستێکـــــی زۆر ساکاردا کە دەبنە هۆی لەبیرچوونەوەی ئەوەی فێربوونەو ئەوەی دەستیــــــان کەوتبوو لەدەستیان دا کە نەیانتوانی بە تەنیا بەدوای فێربووندا بچن. ئاستی وەزیفی خوێندنەوەو نووسین چارەسەری ئەم خــــــەوشانەو بەرەوپێشڤەچوونی چەمکەکە بوو کە بووە هۆی ئەوەی بەرنامەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری کار بۆ ئەوە بکەن قوتابی زانیاری و کارامەیی و توانایی وەربگرێت و بتوانێت بەشداربوونێکی کاریگەرانە لە چالاکییەکانی خوێندنەوەو نووسین دا بکات کە لەکۆمەڵگەکەیدا هەن. ئەوەش نایەتەدی لەڕێگەی ئەوە نەبێت کە قوتابی بگەیەنرێتە ئاستی توانای زانینی وشەکان، زانینێکی دروست و گۆکردنێکی ڕاست و توانـــــــای تێگەیشتنی ئەوەی دەیخوێنێتەوە بە خێرایی و ڕەوانی و بەر توانـــــــای نووسینی ڕاست کە ئەوەی لە دڵیدایە بە ڕوونی دەربدەبڕێت بێ ڕێنماییکردنی لەلایەن هی دیکەوە کە ئەوەش وای لێدەکات کە پێداویستییەکانـــــــــی بێنێتەدی.

دوای ئەو سێ قۆناغە کە چەمکی نەهێشتنـــــــــی نەخـــــوێندەواری و بەرنامەکانیان تێپەڕیـــــــان کرد، مرۆڤایەتی گەیشتە قۆناغێك تێیـــــدا بڕیاری دا کە کار بۆ دەرباز بوون و لەکەی نەخوێندەواری و بەوپــــــەڕی خێرایی بکات، بەڵام بینی کە ئەمە هەرگیز لەماوەیەکی کورتدا نایەتەدی بەتایبەتی لە سنووری تواناکانی ئەو

دەوڵەتـــــە نەشونماکارانـــــەی کە گیروگرفتەکە یان تێدا چەقی بەستووە، لەبەرئەوە بیری لەبەکارهێنانـــــی پرۆگرامی (نەخشەکێشـــان و جەخت کردن بێ بڵاوکردنەوە) کردەوە لە هەڵمەتەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری لەسەر بنچینەی بەستنەوەی بە بەرهەم و پیگەکانی کارکردن. لێرەدا دوا قۆناغ دەستی پێکرد، کە چەمکی نەهێشتنی نەخوێندەواری وەزیفی تێدا لەدایکبوو، ئەویش کار بۆ پتربوونی کارامەیی بەرهەمهێنانی تاك و پێشخستنـــــی ژیانەکەی دەکات وەك مرۆڤێك و وەك کارمەندێك و وەك خاوەن خێزان و وەك هاوولاتـــی. هەروەهـــــا کار بۆ بەرەوپێشڤەچوونـــی کۆمەڵگـــــەو گـــەشەپێدانـــــی ئابـــووری و کۆمەڵایەتییەکەی دەکات و فێربوونی خوێندنەوەو نووسین و بیرکـــــاری و مەشقکاری پیشەیـــــی و زانیارییە گشتییەکان و هۆیەکانـــــی بۆ هێنانـــەدی ئـــەم مەبەستانـــــە بەکاردەهێنێت و، هێشتـــاش ئەم چەمکە لەتۆژینەوەو ئەزموونگەریدایە بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو دژوارانەی کە پێوەندییان بە پرۆگرام و ماددەکانی فێرکاری و هەڵبژاردنی مامۆستایان و شتی لەو بابەتەوە هەیە.

## سێیەم: نەهێشتنی وەزیفی نەخوێندەواری

بیرۆکەی نەهێشتنـــــی وەزیفـــی نەخوێندەواری لە کۆبوونەوەی لیژنەی نێودەوڵەتی شارەزایانی یۆنسکۆ هاتە کایەوە کە لە 1ـ10ی نیسانی 1964 لە پاریس بەسترا و ئەم چەمکە بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و بەرزکردنەوەی کیفایەتی بەرهەمهێنان چەند ئامانجێك دادەنێت و ناونراوە وەزیفی چونکە تەواوکەری پرۆســـەی گەشەسەندنە، بەرنامەکانی لەسەر بنچینـــــەی تەواوکاری لەگەڵ بەرنامەکانـــــی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئابووری دادەمەزرێن و، چاوەڕوان دەکرێت کە نەهێشتنی وەزیفی نەخوێندەواری ڕۆڵێکی کاریگەر لە نەهێشتنی کەمیی کارامەیی ئیشکـــــەرو ئەو داب و نەریتانەی کە لەگەڵ گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا لەڕێگەی بەستنەوەی مەعریفە بەکارەوە ناڕوات و بەخشینی قوتابی بە کارامەیی هونەرکاری و زانیارییە پێویستییەکان لەخوێندنەوەو نووسینـــــدا کـــــە

ناوەرۆکەکیـــــان تێدایە پێوەنـــدی بەکارەکەی و کۆمەڵگەکەیەوە هەیەو، پێویستە لە پرۆسەی فێربوونی خوێندنەوەو نووسیندا خۆیان بکەینە دەرفەتێك بۆ دەستکەوتنی ئەو زانیارییانەی کە دەکرێت ڕاستەوخۆ لەچاککردنی ئاستەکانی ژیان و مەشقکاری لەسەر کارو زۆرکردنی بەرهەم و بەشداریکردن بە بەشێکی پتر لەژیانی مەدەنی و تێگەیشتنێکی باشتر لەو جیهانەی دەوروبەری تاك بەکاربهێنرێن.

خاسیەتەکانی چەمکـــــی نەهێشتنی وەزیفی نەخوێندەواری:

1ـ هەڵبژاردن و جەخت کردن بێ بڵاوبوونەوە، پەیڕەوی سستمی هەڵمەتە سەرانسەرییەکان ناکات و تەقەلاکانی لەنێوان هەموو نەخوێندەواری بێ جیاوازی ناکات، بەڵکو پێگە بەرهەمهێنەرەکان وەك کارگە و پرۆژەی کشتوکاڵی و دەزگە گشتییەکان لە کەرتی بەرهەمهێنان هەڵدەبژێرێت و جەخت لەسەر چاککردنی نەخوێندەواری لەکارکەوتوو دەکاتەوە لەسەر بنەمای ئەوەی کە ئەم پێگەیانە زۆرتر پێگەی هەستیارن بە گۆڕین و پێویستبوون بەفێربوون و، بە بژاردنی ئەم توێژانەو جەخت لەســـــەرکردنیان فێربوون وەزیفەکەی خــــۆی لەبەرزکردنەوەی کفایەتی بەرهەمهێنانیـــــان پیادە دەکات.

2ـ وەزیفەی فێربوون هەر کارامەیی خوێندنەوەو نووسین و ژمێریاری نییە بە نەخوێندەواری بەڵکو وەزیفەکەی بەرزکردنەوەی کفایەتی بەرهەمهێنانی نەخوێندەوارانە لەکارگەو وایان لێ بکرێت بەشداری کاریگەر لەدۆزەکانی نەتەوەکەیاندا بکەن.

3ـ پرۆگرامەکانی خوێندن لەم چەمکەدا لەگەڵ ئەوەی سروشتی ئەو کارەی نەخوێندەواران کە گەرەکە نەخوێندەوارییەکەیان نەمـــــێنێت، دەگونجێن، هەڵبژاردن سەلماندی کە مرۆڤی بالق بەسانایی زانین وەردەگرێت ئەگەر بەرنامەکانی فێرکاری بەندبوون بەو زانیارییانەی پێوەندییان بە پیشەکەی و جۆری چالاکی ڕۆژانەیەوە هەیە، چونکە عەقڵەکـــــەی بۆ تێگەیشتنی وشەکان و نووسینیان خێراترو بەتواناترە لە داکرنـــــــی لەمێشکیدا.

4ـ قۆناغەکانی نەهێشتنی وەزیفی (پیشەیی) نەخوێندەواری گشتین و پارچـــــە پارچـــــە نابن، لەگەڵ دەستپێکردنی نەخوێندەوار بەفێربوون دەستپێدەکات و کۆتایی نایەت بە چاك

فێربوونی فێرخـــــواز نەبێت بە کارامییەکانی پێوەنـــــدی و بەوەوە قۆناغی بەدواداچوون دەبێتە قۆناغێکی بنەڕەتیی قۆناغەکانی فێربـــــوونی وەزیفی.

هەرچەندە کە بیرۆکەی نەهێشتنی وەزیفی نەخوێندەواری سەرەتای ڕێگەی ڕاست لەچارەسەرکردنی گیروگرفتی نەخوێنـــــدەواری دەنوێنێت، بەلاّم پیادەکردنەکەی هەندێك دژواری دێتە پێش وەك دژواری دانانی پرۆگرام و ئەنجامدانی و ئامادەکردنی کتێب و ماددەکانی فێرکاری و چۆنییەتی دەستنیشانکردنی جـــۆرەکانیان و دەرکردنیان و بەکارهێنانیان و، لێرەدا مامۆستا و چۆنییەتی هەڵبژاردنی و مەشقکارییەکەی هەیەو لێـــــرەدا نرخاندنی کارو گشتکردنی هەیەو، شتێکی گران نییە کە ئەم دژوارانە بە نەخشەکێشانی زانستی و پیادەکردنی هۆشمەندانەو سووربوونـــــی بەڕاستی تەخت بکرێن.

## نەخشەکێشان بۆ کار

## لە نەهێشتنی نەخوێندەواری

کۆمەڵگەی نـوێ ئەمرۆ لەبەرەو پێشڤەچوونی ژیانـــــی خۆی پشت بە بەکارهێنانی پرۆگرامی نەخشەکێشان دەبەستێـــــت و، ئەگەر دەوڵەتە پێشکەوتووەکان پەیڕەوی بکەن، ئەوە پێویستە دەوڵەتە گەشە سەندووەکان پشت بەم پرۆگرامە ببەستـــــن و، نەخشەکێشان لەسەردەمی ئێمـــــەدا بووەتە شێوازێکی بنچینەیـــــی بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی مرۆیی و ماددی کە بەر لەهەموو شتێك پشت بە پرۆگرامەکانی تۆژینەوە دەبەستێت کە بیرکردنەوەیەکە پێش کارکردنەو گرنگترین فاکتـــــەری لەناوبردنی گیروگرفتی نەخوێندەوارییە، چونکە بەهەموو ڕەگەزەکان دەزانێـــــت و ئامانجەکان دادەنێت و سنـــــوور بۆ قۆناغەکانی کار دادەنێت و هۆکارەکان دیاری دەکات و سەرەتایەکان ڕێك دەخات و چاوەڕێی دژوارەکان دەکات و چارەسەرەکان هەڵدەبژێرێت و بە پوختی عەقلّییەتی پیادەکـــــردنە بەچاوێکی تەواوکار سەیری گیروگرفتەکە دەکات و، دەبێت دانی پێدا بنێن کە زۆر هەڵمەتی فێربوونی نەخوێندەواران، سەرکەوتنیان وەدەست نەهێنـــــاو ئەنجامی نائومێدییان بەخشـــــی، هەرچەندە بە گەرموگوڕییەکـــــی گەورەکران بەداهاتی گرنگ دەرخوارد نران چونکە ســـــەنگێکیان بۆ نەخشەکێشـــــان دانەنـــــاو، لە چارەسەرکردنـــــی گیروگرفتەکـــــەو

داخوازییە زۆرەکانی شێوازی هونەری و زانستییان تێدا نەبوو. وڵاتە گەشەسەندووەکان و یۆنسکۆ نەخشـــــەی شێوازێکی نوێیان بۆ چارەسەرکردنی گێروگرفتەکە کێشا، کە شێـــوازی نەهێشتنـــی وەزیفی نەخوێندەوارییە (بژاردەییە)، پرۆژەیەك وەك پرۆژەی نەهێشتنی نەخوێندەواری هەر لەڕێگەی نیازی پاك و بڕواکردن پێك نایەت بەڵکو دەبێت پلانێکی هۆشمەندانەی دروست دەرك پێکراوی ئامانجەکانی هەبێت، چونکە ناکـــرێت لەپێناو کارگێڕییەکی نوێی پرۆژە زلەکاندا واز لە نەخشەکێشان بهێنرێت و لەناویاندا پرۆژەی نەهێشتنی نەخوێندەواری و، ئەو ئیشانەی پێویستییان پێدەکات نەهێشتنی وەزیفی نەخوێندەوارییە:ـ

## 1ـ تێگەیاندنی ڕای گشتی

ناکرێت فێرکردنـــی نەخوێندەواران سەرکەوتنی خوازیاری دەست کەوێت ئەگەر بێتو ڕای گشتی لە پێویست بوونەکەی نەگات، لەبەر ئەوە پێویستە لەو وڵاتەی دووچاری ئەم دەردە بووە کاریگەری نەخوێندەواران و چاکناسینی بارودۆخی پرۆسەیەك بورووژێنن کە سرووشتبەخشی بایەخدانە بە بابەتەکە بەشێوەیەکی ڕاستـــەوخۆ لەهەموو قۆناغەکانیداو، شتێکی گـــرانە کە هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری ئەنجامی کاریگەر ببەخشێت ئەگەر پێویستی بە تەقەلای دەزگەیەك یان چەند دەزگەیەکی دەوڵەت یان تەقەلای هەندێك دەستە هەبێت.

## 2ـ مەشقکاریی کارمەندان

گێروگرفتێك وەك گێروگرفتـــــی نەخوێندەواری کە ئاوا زلەو مەترسی و ئاڵۆزی پێوە دیارە، دەبێت کادیری وای هەبێت کە ئاگـــــەداری نوێترین گۆڕانکارییەکان بێت لە بواری زانیاری و چەمکەکانی پەروەردەو هەمەجۆری چەمکەکانی پەروەردەو شێـــــوازی وانەگوتنەوە بۆئـــــەوەی بتوانێـــت هۆشمەندانەو دەرك پێکردنە ڕۆڵی خۆی بنوێنێت و، ئەم کادیـــرە دەبێت مەشقکاری بکات بۆ بەرزکردنەوەی کارامەیی پەروەردەیی و پیشەییەکەی، چونکە پیشەی فێربوون پێویستی بە زیادبوونێکی بەردەوام لەپێزانین و تۆژینەوە هەیە، تەنانەت گوتراوە مامۆستا قوتابییە لە بێشکەوە تا بەردی ئەلحەدو، ئەو مامۆستایەی کە فێرنەبێت ناشتوانێت فێربکات. گۆڕان لە شێوازی ئاساییەوە لەوانەگوتنەوەی خوێندنەوەو نووسین کە بەندە بە

پێگوتنی بنەماکانیان، بۆ نەهێشتنی وەزیفی نەخوێندەواری، چەند بنچینەیەکی گەرەکە بۆ هەڵبژاردنی مامۆستایان مەشق پێ کردنیان و سەلمێنرا ئەوانەی بەرپرسیی مەشقپێکردنی پیشەیی و وەزیفییان دەکەوێتە سەرشان، کارامەترین کەسن بۆ ڕاپەڕاندنی نەهێشتنی پیشەیی نەخوێندەواری و، هەندێك کەس وازەن دەکەن کە فێرکردنی نەخوێندەوارە گەورەکان کارێکی سانایە و هەر کەسێکی فێرخواز دەتوانێت خەڵکی فێربکات و تێیدا سەربکەوێت.

پرۆسەی فێرکردن بەو ساکارییە نییە کە ئەو خەڵکەی وازەن دەکەین کە خۆیان دەیبینن فێرکردنی نەخوێندەوار بەم شێوەیە. هەندێك پێناچێت کە جارێکی تر دەیگەڕێنێتەوە سەر نەخوێندەواری و هەوڵ و تەقەلا و کات و پارەوپوول بەفیڕۆ دەچن. بگرە تەنانەت ئەو مامۆستایانەی کە بۆ فێرکردنی بچووکان ئامادە باشییەکی پەروەردەیی کراون پێویستییان بە ئامادەکردنێکی تایبەت هەیە بۆئەوەی بتوانن گەوران فێربکەن.

بێ گومان ئەو هەڵبژاردنە دروستەو مەشقکارییە گونجاوە لە بواری فێرکردندا لەگرنگترین فاکتەرەکانی سەرکەوتنی بەرنامەکانی نەهێشتنی نەخوێندەوارین، چونکە ئەوان بە کاکڵی حەقیقەتی کارەکەو سەرکەوتنی لە قەڵەم دەدەن.

## 3ـ ئامادەکردنی پرۆگرامەکان:

پێویستە ماددەی فێرکردن لەدەروونی فێرخوازدا مانای هەبێت و، پێوەندی بە پێویستییەکانی وانەخوازو گیروگرفتەکانیان ژیانی پیشەییان و بزاڤی کۆمەڵگەو ئەو ڕووداوانەوە هەبێت تێیدا ڕوودەدەن لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانە کە لەڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە ڕوو دەدەن، کارامەیی و زانیاری وایان پێدەبەخشن کە وایان لێ دەکەن کە کارامەییان لەکارو بەرهەمهێناندا زۆربێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوییان وەك تاك و کۆمەڵ، لەبەر ئەوە دەبینین ئەم چەمکەی نەهێشتنی نەخوێندەواری، گەرەکییەتی لەوانەی کار لەدانانی پرۆگرامەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری دەکەن کە ڕەچاوی سروشتی گۆڕەپانی تاکە فێرخوازەکان وەك کشتکار یان کرێکار، یان پیشەوەر، یان کرێکارانی خزمەتگوزاری...تاد بکەن.

لەواقیعدا بەستنەوەی نێوان ناوەرۆکی پرۆگرام و نێوان پسپۆریی پیشەیی بە بناغەیەکی پێداویستی سەرکەوتنی نەهێشتنی نەخوێندەواری لەقەڵەم دەدرێت، چونکە ئەم بەستنەوەیە کە هەڵوێستی فێرکاری دەکاتە بەڵگەو واتا لای تاکی فێرخواز، وێڕای ئەوەی کە بە شەرەفمەندیی کۆمەڵایەتی و بەرپرسیی پیشەیی بەهێز دەکات، ئەوەش یاریدەی زوو فێربوونی فێرخوازو باشی ئیداکردنی و لەبیرنەچوونی زانیارییەکان دەدات. بیناکردنی ئەم پرۆگرامانەو وانەگوتنەوەیان و هەمەجۆرییان لەسەر بناغەیەکی زانستی هەڵدەچنرێن کە پێویستییان بە دیاریکردنی ئامانجەکان و نەخشەکێشان هەیە بۆ بەدیهێنانیان و بڕواکردن بە بەهای ئەزموون و تێبینی زانستی لەدامەزراندنی بنکەکانی گەیشتنی بەوەوە مەبەستە خوازیارییەکان و وەفادارییەکەی بە بەرپرسییەکانی لەکۆمەڵگەی نوێدا، بۆئەوەی بتوانێت ژیانی خۆی دروست بکات و باڵاو پێشکەوتوو بێت.

ئامادەکردنی ئەم پرۆگرامانەی خوێندن بۆ نەهێشتنی پیشەیی نەخوێندەواری کە تێیدا داخوازییە پیشەییەکان لەگەڵ کارامەییەکانی پێوەندیکردن و ئامادەکردنی ماددەکانی فێرکاری و ئامادەکردنی پلان و لێکۆڵینەوە و تۆژینەوەی هەمەجۆر کامڵ دەبن، پێویستی بە ئامادەکردن و پێکهێنانی چوارچێوەی هونەریی پسپۆری هەیە، هەروەها پێویست بە پەنابردنە بەر شارەزاییەکانی پسپۆران لەبابەتەکان و تەرخانکردنە زانستییەکان و ماددە هەمەجۆرەکانی لێکۆڵینەوە بەشارەزایی پسپۆران لەنووسین بۆ گەوراندا دەکات. هەروەها لەمەیدانەکانی فێرکردنی گەوراندا بە پەنابردنە بەر شارەزایی ئابووریزان و نەخشەڕێژو توێژەران هەیە.

## 4ـ یاسادانانەکان:

ئەو پرسانەی کە پێویستییان بە جێبەجێکردنی بەرنامەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری هەیە، بوونی یاسادانانێکە کەوانە خوازەکان و خاوەن کارەکان بە فێربوونەوە پابەند دەکات، ئەویش بە ساناکردنی ئەوە بۆیان و بەشداریکردن لە پارەوپوول دان بە پرۆژەکان.

گیروگرفتی نەخوێندەواری لە عێراق یەکجار گرنگی هەیەو حکوومەتی عێراق هەر لەوەتەی دامەزراوە، واتە

لەساڵی (1921)ەوە لەسەر ئاستی ڕەسمی و میللی تەقەلای داوە بۆئەوەی لێی دەرباز بێت و، ئەو تەقەلایانە بەرانبەر ئەم پەتایە بەقەبارەیەکی گەورە و چەند ڕەهەندێکی بەرفرەوان و ئاڵۆزبوونی سەیرو سەمەرە جیاکرایەوە، ئەمەیش لەئەنجامی ئەو بارودۆخەی کە وڵاتی عێراق دووچاری هاتبوو، لەماوەی حوکمی عوسمانی و ئیمپریالیزمی بەریتانی. عێراق هەناسەی نەدا تا نەکەوتە زۆرانبازی لەگەڵ ئەم پەتایەدا هەر لەسەردەمی عوسمانییەوە، جارێك لەسەر ئاستی میللی و جارێکی دیکە لەسەر ئاستی فەرمی، هەموو ئەوەش بێ سوود بوو، چونکە نەخشەدانان نەبوو و، لەبەرئەوەی کارەکە تەنیا بەندبوو بە کردنەوەی مەڵبەندی نەخوێندەواری لە هەموو لایەکانی عێراقداو، کەمترین شت کە وەسف بکرێت ئەو مەڵبەندانە بوون کە بواری مشەخۆری بوون ئەو سوودانەی دەست دەکەوتن بەرانبەر چارەکی ئەوە نەبوون کە لێیان خەرج دەکران.

ساڵی 1957 پرسەکە هەندێك جیدییەتی وەرگرت کە نەخشەدانان بەشێوەیەکی سەرەتایی دەستی پێکرد و ئەم لایەنانە یارمەتییان لە هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواریدا کە وەزارەتەکانی زانیاری (مەعاریف) و بەرەڤان و کاروباری کۆمەڵایەتی و ناوخۆ بوون. بەپشتگیریکردن و هاوکارییان نەیانتوانی لەساڵێکدا پتر لە پەنجا هەزار کەس بکەن بە خوێندەوار، ئەمەش مانای ئەوەیە کە لەم ڕێگەوە ناتوانرێت نییە نەخوێندەواری بنبڕ بکرێت. لەم ڕوانگەیەوە وەزارەتی پەروەردەی عێراق دەستی بە کارکردنێکی جیدیانە کرد بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتی نەخوێندەواری، بەدیدێکی جیددی سەیری کرد کە لەم گیروگرفتە ئاڵۆزەدا گەیشت و، ئامانجی لەگۆڕنانی نەخوێندەواری بوو هەر لەبێشکەوەو ئەمەش نایەتەدی ئەگەر تواناکان بۆ بەخۆگرتنی هەموو منداڵان لە تەمەنێکی یاساییدا ئامادە نەکرێن. وەزارەتی پەروەردە سستمی نەهێشتنی نەخوێندەواری ژمارە (3)ی ساڵی 1973ی دانا کە ئامانجی نەهێشتنی نەخوێندەواری بوو لەناو گەوراندا بۆ ئەوەی ببنە هاووڵاتی ڕووناکبیری بەتوانا لەبەشداریکردنی بەرەوپێشڤەچوونی کۆمەڵگەکەکەیان لەڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیەوەو، بەم پێیە:

1ـ پلانێکی گشتی بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری و خەملاندنـــــــــی خەرجییەکان بۆ جێبەجێکردنـــــــی دادەنرێت.

2ـ پرۆژەکانی نەهێشتنـــــــــــی نەخوێندەواری بەپرۆژەکانی گەشەکردنی ئابـــــــووری و کۆمەلایەتییـــــەوە دەبەسترێنەوە.

3ـ تەقەلاکـــــــان لەنێوان لایەنە هەمەجۆرەکاندا بۆ نەهێشتنــــــــــی نەخوێندەواری لەهەردوو کەرتی تایبەت و گشتی ڕێك دەخرێن.

4ـ تەقەلایەکان لەگەڵ دەستـــــــــە هاوشێوەکان لەدەوڵەتانی عەرەبی و ڕێکخراوو ئاژانسەکانی نێو دەوڵەتی ڕێك دەخرێن.

5ـ پەسندکردنی پرۆگرام و کتێبی تایبەت بە نەهێشتنی نەخوێندەواری.

6ـ دانانی چەند بنەمایەك بۆ هەڵبژاردن و مەشق پێکـــــــــردنی مامۆستایان بۆ نەهێشتنـــــــــــی نەخوێندەواری.

7ـ پیادەکردنی ئەزموون و تۆژینەوەی پێویست بۆ بەرەوپێشڤەبردنی کار لە نەهێشتنی نەخوێندەواریدا.

8ـ پەسەندکردنی خەملاندنـــــــــی بەخشینەکانی پارەوپوولی تایبەت بە پرۆژە.

9ـ جاڕدانی دەستپێکردنی هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری لەکەرتێك یان پتر لەهەر پارێزگەیەکدا.

## بەگشتیکردنی فێرکردنی سەرەتایی

فێرکردنی سەرەتایی لەم کاتەدا بە بەردی بناغەی سیاسەتی فێرکاریی دەوڵەتان لەقەڵەم دەدرێت و ئێمەش بەشێوەیەکی تایبەتـــــی، ئامرازێکی کاریگەرین لەهێنانەدیی پێشکەوتنی کۆمەلایەتی و ئابووری و سیاسیی و ولات، وەزارەتی پەروەردە لەسایەی هەنگاونانی بەرەو نەخشە دانانێکی زانستییانەو توێژو لێکۆڵینەوەکان و پێوەندییان پێوە هەیە، کاری فێرکاری لەسەر هێڵێکی نوێ دابنێت و دەرك بە گرنگی پراکتیزەکردنی بە گشتیکردنی فێرکردنی سەرەتایی بەپێی نەخشە دانانێك کە سەرکەوتنی بۆ دەنووسرێت چونکە یەکێکە لەپێویستییەکانی ئەم

سەردەمەو پێشکەوتنی گەل و ڕیشە دەرکێشانی نەخوێندەواری لەسەر دەوەستێت.

ئەو هەوڵ و تەقەلایانەی کە لەم کایەدا پێشتر دراون، سەرنەکەوتن، چونکە لە کارو هەڵسەنگاندنی دروست و حیسابی واقیع و تواناو دانانی پارەوپوولی پێویست و جۆری خەڵك و ئامادەکردنی مامۆستاو جەماوەر پشتیان بە نەخشەکێشانێکـــــــی زانستییانەو جیدییانە بەستبوو.

فێرکردنی سەرەتایی دووچـــــاری لەدەستدانێکی گەورە هات کە لەو ڕێژە بالآیانەی کەوتن و خۆدزینەوەو واز لەخوێندندا خۆی دەنوێنێت، لەتەك دووجار بوونی تێچوونی فێربوون و بەخۆڕاچوونی وەزی مرۆیی و هاتنە خوارەوەی ئاستی باشی دەرچووان جا لەدەستکەوتنی ماددەکانی خوێندن بێت یان بەخشینی توانا و کارامەیی ئەو ڕێبازانـــــــە پێیان کە لە ڕووبەڕووبوونەوەی سەرجەمی ژیان یارمەتییان دەدات، هەروەها لەشاش بوونی زۆر پۆل و قوتابخانەو لاوازی وانەکانی هەندێك مامۆستا، یان خراپی دابەشکردنیان لەنێوان قوتابخانەکاندا خۆی دەنوێنێت یان خراپی خەرج کردن لە فێرکردنی بەتایبەتی لەدامەزراندن و بیناو کەلوپەل دابینکردن و کورتی ماوەی خوێندن، جا لەڕۆژی خوێندن بێت یان ساڵی خوێندن و، بوونی ڕێژەیەکی بەرز لە مامۆستا ناکارامە لەڕووی پەروەردەیی و لاوازیـــــــــی پرۆگرامەکانی پێگەیاندن و مەشق پێکردن و نەبوونی چەند ڕێسایەکی نەگۆڕ بۆ هەڵبژاردنی بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان و کەموکوڕیی کارامەیی کارگێڕی و هەژاری دەزگەی پشکنین و، پاشکەوتنی شێوازەکانی وانەگوتنەوەو نەزۆکی ئەزموونەکـــــــــــان و پشتگوێخستنی خزمەتگـــــــوزارییە کۆمەڵایەتی و تەندروستی و ئەوانی دیکە. زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێم فێرکردن پێوەرێکـــــــی بنچینەیی پێوەرەکانی پێشکەوتنـــــە لەولاتە هەمەجۆرەکانـــــدا و، هێنانـــــەدی تەوزیمییەکەی بەزوویـــــــی خەریکـە بەشێوەیەکی تەردی لەگەڵ ئاستی پێشکەوتن و خێراییەکەی لە هەر وڵاتێکدا بگونجێت و، تاکە کار کە ئایندەی فێرکردن لە عێراقـــــدا چاوەڕانییەتی ئەوە پراکتیزەکردنـــــــی پرۆژەی فێرکردنی تەوزیمییە، بۆئەوەی خزمەتگوزاریی فێرکـــــاری بگاتە منداڵەکانمان لەتەمەنی فێرکردنی سەرەتاییدا چونکە فێرکردنی سەرەتایی

ڕێسای هەموو فێرکردنە پێویستە فراوان بکرێت بۆ خوڵقاندنی کارامەیی هونەری و زانستی و پیشەیی ئەو توانا و کارامەییانەی پێویستن بۆ چەرخی زانست و تەکنەلۆژیاو منداڵان هەر لەمنداڵییەوە لەژیانی کارو کرێکاران لێڕابێن و لەدەروونیاندا چێژی کاری دەستی بڕوێنێت. بە گشتگیریکردنی فێرکردنی سەرەتایی وەك لەم نمایشکردنەدا دەردەکەوێت و دوابەدوای ئەوەی پێشوو گوتمان گرنگترین ڕێگەی نەهێشتنی نەخوێندەواری و لەڕیشە دەرهێنانییەتی.

**6ـ ئامادەکردنی مادده فێرکارییەکان:**

ماددەی فێرکاری بەردی بناغەو ڕێسای پان و بەرینی فێرکردن و دەسکەوتنی زانیاری و ئەزموونی نوێ و ئەو چەکەیە کە لە وانەخوێن بکات دەرك بە هەرچی هەیە لەدەوروبەری بکات، هەروەها ئەو سەرمایەیە کە دەکرێت هانی هاووڵاتی بدات لەسەر گەشەپێدانی خودی و بەکارهێنانی ئەوەی لەهێنانەدیی پێشکەوتنەکەی فێردەبێت و، لەپێناو ئەو گرنگییەشدا نەخشەڕێژان بایەخی خۆیان بە پرۆگرامەکان و هەڵبژاردنی مادده فێرکارییەکان دەدەن و بۆ هەڵبژاردنی ماددەی فێرکاریی بەرنامەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری دەبێت چەند مەرجێکی گرنگ بە کۆ و درێژە پێدانەکانیان بڕەخسێن گرنگترینیان ئەمانەن:

1ـ پێوەنووساندنی ماددەکە بە داخوازییەکانی فێرخواز و هەڵقوڵانی لەپێویستبوونی بە زانیاری و شارەزایی و ئەو کارامەییەی وای لێدەکەن کە ژیانی شەڕەفەمەندانە بژی.

2ـ بەستنەوەی مادده بە ژینگەو کۆمەڵگەوە بەستنەوەیەکی توندوتۆڵ هەتاکو بابەت یان دەربڕین. یان پەیڤ یان وشەی نامۆ یان بەلای وانەخوێنەکانەوە تێدا نەبێت.

3ـ گونجانی لەگەڵ پێگەیشتنی وانەخوێن و مەودای زانیاری و زۆری شارەزاییان، لەبەرئەوە بەتەواوەتی جیایە لەوەی بۆ وانەکانی منداڵان و ئەوەی فێری دەبن هەڵدەبژێرێت.

4ـ ڕەخساندنی بەشداربوونی پەروەردەیی گشتی کە لەناویدا باون، وەك پلە بە پلەو نەرم و شلی لەگەڵ بوونی نموونەو زۆربوونی مەشق پێکردن و پراکتیزەکردن.

5ـ ڕەخساندنی هۆکارەکانی فێرکاری بیستن و بینین، کە یارمەتیتی قووڵکردنەوەی چەمکەکانی مادده دەدەن، هەروەها یارمەتی چاك بەکارهێنان و سوود لێوەرگرتنیان دەدەن.

6ـ لێك گرێدانی ماددەی فێرکاری لەهەر پرۆگرامێك بە غەیری خۆی لەو مادده فێرکارییانەی پرۆگرامەکانی دی بۆ گەیاندنی هاوولاتیی نەخوێندەوار بە ئاستی تەواوکاری پیشەیی لەپێشەوە بۆ فێربوون و بۆ هاندانی لەبەردەوامبوون و سووربوون لەسەر تەقەلادان بۆ گەشەپێدانی خودی خۆی بۆ ئەوەی بگاتە ژیانێکی باشتر.

ئەمانە گرنگترین ئەو پێشنیارانەن کە دەکرێت ببنە بنەمایەك بۆ نەخشەدانانی کار لە نەهێشتنی نەخوێندەواری، نەخشەدانانێکی وا کە یارمەتیی چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانە بدات کە لەم گۆڕەپانەدا ڕووبەڕووی دەبنەوەو، یاریدەی ئەوەی دەدەن کە بگاتە چەند ئەنجامێکی باش.

**ـ ماویەتی ـ**

# مرۆڤ و جیاوازی کارامەیی و بەهرەکان

**و: پەروەردەو فێرکردن**

خوا مرۆڤی دروست کردووەو کارامەیی و ئارەزوو و بەهرەی جۆراوجۆری پێ بەخشیوە، لەوەیشدا مەبەستێکی زۆر گەورەی هەیە هەمووان دەرکی پێناکەن، ئەو جیاوازییەیش بووەتە هۆی ئەوەی ئەو هەموو خەڵکە ببینین لە بواری جیا جیادا کاردەکەن، چونکە ئێمە لە یەك کۆمەڵدا فرۆشیارو شوفێرو کرێکاری خانوو دروستکردن و نۆژدارو فەرماسۆن و ڕۆژنامەنووس و ئەندازیارو پارێزەرو مامۆستاو میوزیکژەن و هونەرمەندی شێوەکارمان بەرچاو دەکەوێت..تا دەگاتە ئەو پیشەو کارەکانی دیکە. ئایە دەکرێت مەزەندەی بارودۆخی کۆمەڵ بکەین ئەگەر پیشەو ئارەزوومەندی تاکەکان جۆراوجۆر نەبووایەن، بێگومان ئەو کات کۆمەڵ بە یەك یان چەند پیشەیەك سیخناخ دەبوو، بەڵام گیرۆدەی نەبوونی دەیان و بگرە سەدان پیشەی دیکە دەبوو کە کۆمەڵ پێویستی پێیان هەیە. ئەم پیشە زۆری و ئارەزووە زۆرییەیش یەکێکە لە بەخششەکانی خواوەندو لەناو کرۆمۆسۆماتەکانی مرۆڤدا جێگیری کردوون.

بۆیە زۆر لە لێکۆڵینەوەو تۆژینەوە پزیشکی و دەروونی و پەروەردەییەکان کاریگەری کرۆمۆسۆمەکانیان لەسەر ئاستی زیرەکی لە لقێك لە لقەکانی زانست ڕوون کردووەتەوە، بۆ نموونە هەندێك لێکۆڵینەوە دەریانخستووە کە جیاوازی لە پلەکانی تاقیکردنەوەی زیرەکی لە نێوان خزمانی پلە یەکدا لە15 پلە تێناپەڕێت.

ئێستە کە کۆمەڵ لە هەموو وڵاتاندا بەرەو پێشەوە چووەو لەزۆربەی پێویستییەکانیاندا وەك وانەبێژیو وانە گوتنەوەو نۆژداری و ئەندازیاری و میوزیك و هەنەرەکانی دیکە پتر پشت بە لێکۆڵینەوەو تۆژینەوە دەبەستێت، ئەدی ئەو لێکۆڵینەوەو تۆژینەوانە بۆنموونە چۆن دەتوانن لە تەمەنێکی زووی ژیانی مرۆڤدا لە فێرگەی سەرەتاییدا یارمەتی ئەوە بدەن ئارەزوو و بەهرەو کارامەییەکانی مرۆڤ دەستنیشان بکەن و، بەرەو ئەو کارو پیشەیانە ئاراستە بکەن کە حەزی

لێ دەکەن بێ ئەوەی هیچ ڕکیان لە لقێك لەلقەکانی زانســــت ببێتەوە کە خواوەند بۆ ئەو لقــــەی دروست نەکردوون، بەشێوەیەك ئەم ڕکی لە بیرکاری نەبێتەوەو ئەوی دیکە ڕکی لە زمان یان ئەم هونەر یان ئـــەو هونەر نەبێتەوە.

## کێ بەهرەمەندە؟

زۆر کەس هەن، لەوانەیش بەرپرسانی پەروەردەو مامۆستایان و کەس و کاری فێرخوازان، لـــەو بڕوایـــــەدان کە بەرهرەمەندی زیرەك ئەو فێرخوازەیە کە نمرەی بەرز لە بیرکـــــاری و وانە زانستییەکانی دیکە دەهێنێت و ئەوەیان لەیاد دەچێت کە بەهرەمەندانیش لەبواری زمان و وەرزش و ئەزبەرکردن و هونەر چ شێوەکار یان هەڵکۆڵین یان میوزیك و هەموو لقەکانی دیکەی زانستدا... تاد.. هەن.

بۆیە بەر لە هەموو شتێك پێویستە لەســـەر ئەوە کۆك بین کە بەهرەمەندی زیرەك تواناو کارامەیی بەرزتری لە هاوتەمەنەکانی لە لقێك لە لقەکانی زانست یان پرەکتیزەکردنیان هەیە نەك تەنیا لە بیرکاری یان زانستەکان. پێویستە مامۆستایان دەرك بەوە بکەن کە پێوەندی لە نێوان فێربوونمان و مێشکماندا پێوەندییەکی پتەوە وك ئەو لێکۆڵینەوە زۆرانە کە پەروەردەکاران و نۆژدارانی دەمار یان لێکۆڵینەوە هاوبەشەکانیان سەلماندوویانە.

هەروەها هەندێك لەو لێکۆڵینەوانە ڕوونیان کردووەتەوە کە دەشێت لە چوارچێوەی مەشقی تایبەت یان گۆڕانکاری کردنی ژینگەی دەورو بەرەوە کە پرۆسەی فێرکردنی تێدا ئەنجام دەگرێت وەك فێرگە یان ئامۆژگە یان ماڵەوە فێرکردنمان چڕترو دەوڵەمەندتـــر بکـــــرێت بەشێوەیەك پرۆسەی فێرکردن پتر ئاسان و خێراو باشترو فرەوانتر بێت. یەکێك لەو لێکۆڵینەوانە پێنج ڕێگەی بۆ ئەو دەوڵەمەنکردنە دەستنیشان کردووە کە ئەمانەن:

1 ـ مێشکمان بێ هاوتایە: مێشکی هەر یەك لە ئێمەمانان بێ هاوتایە بەتایبەتی لە ڕووی پێکهاتە یان ئەرك ڕاپەڕاندنـــــەوە ئەگـــــەر مامۆستایان لەوە تێبگەن ئەو کات هەڵـــس و کەوتیان لەگـــــەڵ فێرخوازەکانیاندا ئاسانتر دەبێت.

2 ـ مێشکمان بە بەرەنگاربوونەوە گەشە دەکات: پێویستە ئەوانەی پرۆگرام دادەنێن دەرك بەوە بکەن کە فێربوونی کەم و ئاست لاواز دەبنە هۆی ڕۆتینی بوون و مێشك دەخەنە بارێکی (نا ئەکتیڤ)ەوە، جا بۆ گۆڕینی ئەوە بۆ باری (ئەکتیڤ) و وای لێ بکرێت گەشە بسێنێت پێویستە بەرەنگاری شتەکە ببینەوە. بەپێچەوانەی ئەوەیشەوە ئەگەر زێدەخۆرییەك هەبوو ئەو کاتە مێشك دەناڵێنێت و ئازاری دەبێت. بۆیە پێویستە باری گونجاوتر بۆ بڕی فێربوون بدۆزینەوە.

3 ـ مێشکمان ئەندامێکی مەتریاڵییە: ئەمەیش ڕاستییەکە ئەوە دەگەیەنێت کە باری جەستەییمان و ژینگەی دەوروبەرمان کاری تێدەکات بۆیە دەتوانین کۆنترۆڵی ئەو شتانە بکەین کە دەیانخۆین یان دەیانخۆینەوە لەگەڵ کۆنترۆڵ کردنی ئەو جۆرە وەرزشانەی ئەنجامیان دەدەین و ئەو شتانەی لە دەوروبەرمانن وەك ڕووناکی و شوێنی دانیشتن و کەل و پەل و ڕایەخ و پلەی گەرماو سەرماو باری هەواگۆڕکێ و کات.

4 ـ مێشکمان هەڵسوکەوت لەگەڵ هزرو سۆزدا دەکات: لەناو مێشکی هەر یەکەماندا بنکەی ترس و گرژی و سۆز هەن، ئەمانەیش ڕەنگە فێربوونمان بەهێز یان لاواز بکەن. بۆیە پێویستە ئەو هەستانە ئەکتیڤ بکرێن کە یارمەتی فێربوونمان دەدەن و لەگەڵ تەماشاکردنی ئەوەی کە ئێمە لەم بابەتەدا زاڵین، بۆیە ئەم کارە بەرەنگارییەکە بۆ باری سەرنجڕاکێشان دەگۆڕێت.

5 ـ مرۆڤ چەند زیرەکیەکی هەیە: زۆربەی خەڵك بەهرەی چوار تا شەش چالاکییان تێدایە وەك میوزیك و وەرزش و شیعر..تاد. پێویستە مامۆستا یارمەتی فێرخواز بدات بۆ ئەوەی توانا ئەقڵییە بەهێزترەکانی فێرخواز دەستنیشان بکرێن و یارمەتی فێرخواز بدات بابەتی خوێندنی خۆی بەپێی ئەو ئارەزووانەی هەڵبژێرێت، بەڵام ئەگەر فێرخواز بەخۆی یان یاساکانی خوێندن ناچاری کرد لەدەرەوەی چوارچێوەی ئارەزووەکانی بابەت هەڵبژێرێت، ئەوە پێویستە لەو ڕووەوە داهێنەرانە یان خولقێنەرانە بێت کە لەگەڵ بەهرەکانی خۆیدا پێکەوەیان گرێ بدات. گریمان دەبێت فێرخواز بیرکاری بخوێنێت چونکە وانەیەکی پرۆگرامەکەیەو دەبێت بخوێنرێت

کەچی لەمیوزیکـــــــدا بەهرەمەندە. لەم بــــارەدا فێرخواز دەتوانێت یاساو دەستـــــوورەکانی بیرکاری بە شێوەی ئاوازو گۆرانی دابنێت و ئەزبەریان بکات، بەڵام ئەگەر فێرخواز نەیتوانی ئـــاوازو گۆرانی دابنێت ئەو کات دەتوانێت بچێتە سایتی مایکرۆسۆفت (گۆرانی بیرکاری) و گۆرانییە جوانەکانی داون لۆد بکات و ئەزبەریان بکات چونکە ئەوان گۆرانی جوانیان لە بیرکاریدا هەیە. بۆ نموونە گۆرانیەکیان لە یەکلاکردنەوەی هاوسەنگی پلە دوو هەیە، هەر بۆ پتر سەرنجڕاکێشان ئەو وشانە وەردەگێڕین فێرخوازێك ڕێکی خستوون کە حەزی لە بیرکاری نییە بەڵام بەهۆی ئەزبەرکردنی گۆرانییەوە یاساکانی بیرکاری ئەزبەر کردووە.

بڕگەی پێشەکی دەڵێت:

ئەم وانەیە وای لێکردم گۆرانیتان بۆ بنووسم

چونکە وشە سەروادارو بەجۆش و خرۆشەکان

وایان لێکردم گۆرانی بچڕم

چونکە وانەیەکە پڕ لە شتگەل و نوکتەیە

ژیانی بێ بەهاو بێ فەڕ ژ بیر بکەو

خۆت بۆ خوێندنی بیرکاری ئامادەبکە

## فێرکردنی خێراتر

بەگشتی بەهرەمەنـــدەکان بەشێوەیکی خێراترو قوولترو فرەوانتر لە هاوتەمەنانی خۆیان فێردەبن چونکە ئەوان بە شێوەیەك خوێندن فێردەبن و بەکــــاری دەهێنن هاوچەشن یان نزیکەی فێربوونی ئەو منداڵە ئاساییانە بێت کە بە تەمەن لە ئەوان گەورەترن و بەشـــێوەیەکـــــی لۆژیکـــیانـــــەو داهێنـــەرانــــەو سەرنجڕاکێشەرانەترو وشەگەلی زۆرتر بیرو بۆچوونی خۆیان دەردەبڕن، جگە لەوەی یادگەیەکی زۆر باشیان هەیـــە.

جگە لـــــەوەی نموونەییـــن و کەسایەتییەکی بەهێزیان هەیــــەو لە ڕووی سۆزەوە هەستوەرن و حەز بە هاوڕێیەتی لەخۆیان بەتەمەنتر دەکەن، هەندێکیشیان کێشــــەو گیروگرفتی پەرەپێدانی پێوەنــــدی لەگەڵ کەس و کاریـــــان یان مامۆستاکانیاندا هەیە، لەبەر کەم و کوڕی زاراوەو وشەگەلیان بە بەراورد لەگەڵ گەورەکاندا.

هەرچـــــی ئەو منداڵەیە کە پێی دەگوترێت بلیمەت یان منداڵی موعجیزە ئەوە ئەو منداڵەیە کە تەواوەتی

کارامەییەکی دیاریکراو یان هونەرێــــــك لە هونەرەکان دەزانێت کە گەورەکان نەبێت منداڵ ناتوانێت بیزانێت. لێرەدا یەکێك لە پێناسە پەسەندەکان ئەوەیە کە ئەو تاکـــــەیە کە لە تەمەنێکی زوودا، نزیکەی دوازدە ساڵان، بە شێوەیەکی پسپۆڕییانە ئەو کارامەییانە دەنوێنێت، یان لە لقێك لە لقەکانی زانست و زانیاری یان بوارێکی دیاریکراو تێگەیشتن یان دەرك پێکردنێك دەنوێنێت کەسێکی گەورە نەبێت منداڵ نایزانێت، نموەی ئەوەیش میوزیکژەن مۆزارت بە بلیمەت دەژمێررێت.

ئەوانە لە بواری پەروەردەدا کار دەکەن زاراوەی (زانا ـ ساڤانت savant) بۆ ئەو کەسە بەکار دەهێنن کە لەبوارێکی دیاریکـــــراودا بازووی ڕەنگینی بنوێنێت، بۆیە توێژەر دکتۆر بێرنـــــارد ڕمـــــلانــــد ســــاڵـــی 1978 زاراوەی(autistic) بۆ باسکــــردنی نەخۆشانی ئەوتوستیك یان ئەو کەسانەی بەکار هێنا کە گیرۆدەی تێکچوونێکی نەش و نماکردنن، بەڵام لەهەمان کاتدا توانا یان کارامەیی جیاکاریان هەیە.

لێـــــرەدا ئەوە بە باش دەزانیـــن هەڵوەسەتەیەك بکەیــــن و بزانیــن چۆن بەهرەمەند پێناسە دەکــــرێت. لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا چەند پێناسەیەك هەن لەبەر ئـــەوەی ئەو ولاتە لەچەند ویلایەتێك پێکهاتووە بەڵام هەر هەموویان لەمەی خوارەوەدا هاوبەشن:

1 ـ لەدەستنیشانکردنی بەرهەرەمەنددا پشت بە یەك خەسڵەت نابەستێت بەڵکو پشت بەچەند خەسڵەت دەبەستێت وەك زیرەکی و داهێنان و هونەرو سەرکردەیی کردن و ئارەزووی ئەکادیمیانە.

2ـ بەراوردکــــردن لەگـــــەڵ ئەو هاوتەمەنانەی خۆی یان هاوپۆلەکەی یان ئەوانەی دەوروبەری.

3ـ بەکارهێنانی چــــــەنـــــد زاراوەیەك بەڵگەی پێویست بوونی بە پەرەپێدانـــی بەهـــــرەمەندی هەیــــە، وەك زاراوەگەلی تواناو کارامەیی.

بۆ نمــــوونــە پێناسەی ویلایەتی تێکســـــاس بەم شێوەیە: فێرخوازی بەهرەمەندی زیرەك واتای ئەو منداڵە یان ئەو لاوە دەگەیەنێت کە توانایەکی ئەوتۆی ئەنجامدان بنوێنێت زۆر لە

ئەنجامدانـــــــــی هاوتەمەنانی خۆی زۆرتر بێت کە لەم خەسڵەتانەدا هاوبەشن( بنوارە چەند خەسڵەتێك هەن ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت کە بەهرە تەنیا بەیەك لقەوە پەیوەست نییە بەڵکو لقی زۆر دەگرێتەوە لەوانەیش ئەکادیمی و خەسڵەتی دیکەیـــــش لەوانــــــە سەرکردەیی کردن):

لە بواری زانستی یان داهێنان یان هــونەریــــــدا توانایەکــــی زۆر بـــــــەرز دەنوێنـــــــن، توانای سەرکردەیی کردنێکی سەرکەوتوویان هەیە، تێگەیشتنێکی نائاساییانەیان لە بوارێکی ئەکادیمی دیاریکراودا هەبێت.

## دۆزینەوەی بەهرەکان

چۆن بەهرەدارێك لە بوارێکـــــی زانیندا دەدۆزرێتەوە؟

ئەوەی باسی دەکەم پێویست بەوە دەکات مامۆستایەکمـــــان هەبێت ڕاپۆرت بنووسێت و شارەزای ئاماری بواری شیکردنـــــــەوەی ئاکامی لێکۆڵینەوە پەروەردەییەکان بێت و هەلی بۆ ڕەخسابێت و بتوانێت سوود لە ئاسانکارییەکانی ئینتەرنێت وەربگرێت. شتێکی ڕوونە ئەم جۆرە مامۆستایانە کەمن ئەویش لەبەر کەم مووچەیی و وانەی زۆر.

ئەگەر هەر وزارەتێکی پەروەردە بیەوێت پەرەپێدانێکی بنەڕەتی لە پرۆسەی فێرکردندا بێنێتە دی پێویستە یارمەتی مامۆستاکان بدات تا بەو شێوەیە بن. بەر لە هەمـــــوو شتێك پێویستە مامۆستاکـــــان دەرك بەمـــــتەی خـــــوارەوە بکـــــەن:(لەدارشتنی وانەبێژییەکان و چۆنیەتی خستنە ڕوویان شان بە شانی هۆکارەکانی ڕوونکردنەوە کە لەگەڵیاندان سوودیان لێوەربگرن) ئێمە:10٪ی ئـــــەوەی دەخوێنینەوە، 20٪ی ئەوەی دەبیستین و، 30٪ی ئەوەی دەبینن و،50٪ی ئەوەی پێکەوە دەبینین و دەبیستین و، 70٪ی ئەوەی لەگەڵ کەسانی دیکەدا تاوتوێ دەکەین و 80٪ی ئەوەی تاقی دەکەینەوەو 95٪ی ئەوەی خۆمان فێری کەسانی دیکەی دەکەین، فێر دەبین.

فێرگەکانیش چەند ڕێگەیەکیان لە پێشە بۆ ئەوەی بتوانن بە تەواوەتی، واتە نەك تەنیا بەکارهێنانی یەك شیواز بۆ ئەوەی ئارەزووەکانی فێرخوازان بدۆزنەوە تا بواری بلیمەتی یان بەهرەیان دیاری بکەن، بۆ نموون دەشێت پشت بە تۆماری خوێندن و نمرەکانیان و بەدواداچوون یان

سەرنج و تێبینییەکانیان لەناو پۆلدا ببەستن جگە لە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی زیرەکی.

هەر لە دەیەکانی سەرەتای سەدەی بیستەمەوە فێرخوازی بەهرەمەندی زیرەك بەهۆی تاقیکردنەوەی زیرەکییەوە جیا دەکرایەوە. چونکە زۆر لە فێرگەکانی ئەمەریکای باکوورو ئەوروپا پشتیان بەم تاقیکردنەوانە دەبەست و فێرگەو پرۆگرامی تایبەت بەو بەهرەمەندانەیان دادەڕشت و تەرخان دەکرد بەمەبەستی پەرەپێدانی بەهرەکانیان، تا بەخششی زۆرترو سوودی زۆرتریان لێوەربگیرێت. لەگەڵ ئەوەیشدا هەندێك لێکۆڵینەوەی پەروەردەیی لەو بڕوایەدان کە ئەو تاقیکردنەوانە لە هەندێك ڕووەوە کەم و کورتییان تێدایەو پرسیاری گرنگیان لەبارەی گونجاوی و شیاوییانەوە خستووەتە ڕوو (لەبنەڕەتدا تاقیکردنەوەکانی زیرەکی بۆ ساڵی 1905 دەگەڕێنەوە کاتێك زانای دەروونناسی فەرەنسی ئەلفرێد باینت بۆ دەستنیشانکردنی ئەو منداڵانە بەکاری هێنا کە لە بواری خۆگونجاندن لەگەڵ پرۆگرامی قوتابخانەدا پێویستیان بەیارمەتیدان هەیە).

ئەم تاقیکردنەوەیە دەرەنجامی زیرەکی دەپێوێت ئەویش بەهۆی دابەشکردنی دەرەنجامی تەمەنی ئەندێشەی منداڵ بەسەر تەمەنی ڕاستەقینەی و جاران کردنی ئەنجامەکە لە سەد. هەندێك تاقیکردنەوەی زیرەکی نمرەی زیرەکی بەم شێوەیەی خوارەوە دەستنیشان دەکەن: (لەمەیشدا سنووری پێوانەیی = 15 بەکار دەهێنرێت).

1 ـ زیرەك: ئەگەر لە 115 بەسەرەوەی کۆ کردەوە. ئەوانەیش 1یان لە نێوان 6 کەسدا دەبینینەوە.

2 ـ تا ڕادەیەك بەهرەمەندە: ئەگەر لە 130 بەسەرەوەی کۆ کردەوە، ئەوانەیش 1یان لەنێوان 50 کەسدا دەبینینەوە.

3 ـ زۆر بەهرەمەند: ئەگەر لە 145 بەسەرەوەی کۆکردەوە، ئەوانەیش 1یان لە نێوان 1000 کەسدا دەبینینەوە.

4 ـ بە ڕادەیەکی نائاسایی بەهرەمەند؟ ئەگەر لە 160 بەسەرەوەی کۆکردەوە، ئەوانەیش 1یان لەنێوان 3000 کەسدا دەبینینەوە.

پێویستە مامۆستایان دەرك بەوە بکەن کە زۆربەی

تاقیکردنەوەکانی زیرەکی ناتوانن بە شێوەیەکی کاریگەرانە قۆناغە زۆر پێشکەوتووەکانی ئاستەکان پۆلین بکەن، تەنیا دەتوانن فێرخواز بۆ بەهرەمەند یان نا پۆلین بکەن. ئەوەی دەبێت ئاماژەی پێ بدرێت ئەوەیە کە تاقیکردنەوەکانی زیرەکی بۆ منداڵانی تەمەن 10,5 ساڵی بەسەرەوە ئەنجام دەدرێن هەرچی تەمەنی لەوە کەمترە ئەوە لەلایەن زانایانی سایکۆلۆژی پەروەردەییەوە دەستنیشان دەکرێت. ئەو ڕەخنانەی دیکە کە لەم شێوازە دەگیرێن ئەوەن کە کاتێك بۆ کەسانی بەهرەمەندی بواری ئەدەب یان هونەر بەکار دێت ئاکامی لاواز بەدەستەوە دەدات چونکە زۆرتر پشت بە کارامەیی گۆکردن و بیرکاری دەبەستێت، بەڵام مامۆستای سەرکەوتوو دەتوانێت شێوازی ئەوتۆ دابهێنێت فێرخواز پتر چێژ لە وانەکە وەربگرێت و زووتر تێی بگات، وەك لەم نموونەدا ڕوونی دەکەینەوە.

## چەمکی زانستی

بۆ نزیککردنەوەی چەمکی زانستی لەبیرکردنەوەی منداڵاندا لێرەدا نموونەی ئەو تاقیکردنەوە جوانە بەڵام گرنگە دەخەینە ڕوو کە لەم دواییانەدا مامۆستایەکی ئافرەتی بواری زانستەکان لە فێرگەیەکی تێکساس لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەنجامی دا تا چەمکی پۆلینکردنی بوونەوەرە زیندووەکان ڕوون بکاتەوەو چۆن ناو لە شتە پۆلین کراوەکان دەنرێت، وەك مەملەکەت یان ڕەگەز ... تاد. تاقیکردنەوەکە ساکارو سەرکەوتووانە بوو، لەبەردەستی هەر هەمواندا بوو، تەنیا پێویستی بە نیو سەعات هەبوو، پێداویستیەکانیشی بریتی بوون لە تاکە پێڵاوێکی هەر یەك لە فێرخوازەکانی پۆلەکە.

هەنگاوەکانی بەم شێوەیە بوو:

1 ـ با فێرخوازەکانی پۆلەکە هەریەکە تاکە پێڵاوێك داکەنن و پێڵاوەکان لەناوەڕاستی هۆڵەکەدا کەڵەکە بکە. فێرخوازەکان هان بدە گوێ بە بۆنەکە نەدەن.

2 ـ داوا لە سێ فێرخواز بکەن پێڵاوەکان پۆلین بکەن.

3 ـ داوا لە چوارەمین فێرخواز بکە لای تەختەڕەشەکە ڕاوەستێت بۆ ئەوەی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی پرۆسەکە وێنە بکێشێت یان تۆمار بکات.

4 ـ فێرخوازەکان ئاگەدار بکەوە کە پێویستە پێڵاوەکان بە شێوەیەکی بەرایی بۆ چەند گرووپێك پۆلین بکەن بە پێی لەیەکچوونیان، بۆ نموونە 3 گرووپ، وەك: سەندەڵ و پۆتین و پێڵاوی وەرزشی.

دوای ئەوەی سێ کۆمەڵە پێڵاو لە جیاتـــــــی یەك کۆمەڵە پێڵاو دەردەکەون، داوا لە فێرخوازەکەی لای تەختە ڕەشەکە بکە لە سەرووی تەختەڕەشەکەوە ســـــێ مەملەکەت (کینگ دەم) بکێشیت.

5 ـ داوا لە فێرخوازان بکە هەر یەك لە مەملەکەتەکان بۆ لقی دیکە پۆلین بکەن، بۆ نموونە بۆ جۆری لووت تیژ یان لووت خـــڕ پۆلین بکەن، ئەمانەیش فامیلین. داوا لە فێرخوازی لای تەختە ڕەشەکە بکە ئەوە بنووسێت یان وێنە بکێشێت.

6 ـ لە پۆلین کردن بۆ لق و پۆکان بەردەوام بە (بە پێی ڕەنگ یان پاژنە یان پێست .... تاد) تا دەگەیتە ئەوەی کە هەر تاکەو جۆرێکە بۆ خۆی (species).

پاش ئەوە لەوە دەبیتەوە بەشێوەیەکی گشتی باسی زانستی پۆلین کردن بکەو چۆن بۆ بوونەوەرە زیندووەکان بەکار دەهێنرێت بە شێوەیەك لە مەملەکەتەوە دەست پێدەکەین و بەسەر فامیلیدا دابەش دەکرێن تا دەگەینە جۆر. لەوەیش دڵنیا بە کە وێنەکێشـــــان لەسەر تەختەڕەشەکە شـــــان بە شانـــــــی وانەبێژییەکە بەڕێوە دەچێت.

بۆ چـــەسپاندنی وانەکەیش لە مێشکی فێرخوازاندا داوایان لێ بکە یارییەکانی خۆیان یان بەردەکانی ناو قوتابخانە یان ماڵەوە پۆلین بکەن.

**سەرچاوە :**

**سایتی (alarabimag.net )**

# چۆن مامەڵە لەگەڵ فێرکردنی تایبەتدا بکرێت؟

ئا : پەروەردەو فێركردن

لەم جۆرە خوێندنەدا پۆلی تایبەت بۆ فێرخوازان دەكرێتەوەو پرۆگرامی تایبەتیان بۆ ئامادە دەكـــرێت بۆ ئەوەی مامەڵە لەگەڵ بارودۆخ و پێداویستییەكانیاندا بكـــرێت، ئەم كارەیش بەپێی لێهاتوویی ئەكادیمی و هۆكاری كۆمەڵایەتی ئەنجام دەگرێت، كە تاقیكرنەوەی پێوانەیی و تێبینی هەلسوكەوت دیارییـــان دەكات.

ئەو فێرخوازانە لە پۆلی تایبەتدا لە هاوتەمەنان و هاوپۆلەكانی خۆیان جـــودا دەكـــرێنـــەوەو بە فێرخوازانی پەككەوتە ناو دەبرێن یان لە فێربووندا ئاستەنگیان دێتە پێش یان بە هۆی هۆكاری دیكەوە. بۆیە بە پێی جیاوازییان لەگەڵ فێرخوازانی دیكەدا مامەڵەیان لەگەڵ دەكرێت نەك لە سەر بنەمای خاڵی لێكچوون لە نێوانیان و نێوان ئەوانی دیكەدا. بۆیە بابەتەكە دەبێتە (ئێمە)و (ئەوان) و، بەوەیش شاد نابن هەلی بەیەك گەیشتن و تێكەڵبوونیان لەگـــەڵ فێرخـــوازانی دیكـــەی ئاسایـــــی یـــان بەهـــرەداران بە پێـــوەری دیاریكـــراو بۆ بـــڕەخسێت، ئاكامیش هیچ جیاوازییەك لە نێوان ئەوان و ئەوانی دیكەدا بەدی ناكەن، تەنانەت هەل بۆ زیرەكەكانیش نـــارەخسێـــت تێكەڵیان بن و بزانن خاڵی بەهێزییان چییەو شتیان لێوە فێربن.

ئەو پرسیارەی زەق دەبێتەوە ئەوەیە ئایە ئەوە كار لە تێڕوانینیان لەبارەی خۆیان و هـــەلسەنگاندنی خۆیان دەكات و ئاكامیش كاریگەری خراپی بەسەریانەوە دەبێت و وایان لێ دەكات

بەو شێوەیە بجووڵێنەوە شایەنی ئەو خانەیە بێت بۆیان دەستنیشان کراوە؟

لەبەرئەوەی ناسنامەی منداڵ بەپێی ئەندامیەتی لە چەند گرووپێکی جۆراوجۆردا دیاری دەکرێت نەك یەك گرووپ بۆیە کە بە پەککەوتەیەکی دیاریکراو ناوزەد بکرێت ئەوە ئەو گرووپەکانی دیکە پشت گوێ دەخات کە خۆی سەر بەوانە وەك (مرۆڤ، کچ یان کوڕ، مەلەوان، پیانۆژەن .. تاد)، بەمەیش پتر بیری دەخاتە لای ئەندامیەتی لە گرووپێکی دیاریکراودا کە بەهای ئەو ڕۆڵەی کەمتر دەکاتەوە کە لەناو گرووپەکانی دیکەدا ڕایدەپەڕێنێت.

هەروەها پۆلین کردن یان ناونیشان بۆ دانان کار لە پێشبینییەکانی مامۆستا دەکات، بۆیە فێرخواز ئەو شتە بەدی دەهێنێت کە پێشبینی لێ دەکرێت بەدی بهێنێت، ئەمەیش کارێکی زۆر گرنگە. چونکە ئەگەر پێشبینی بکەین کە ئەو شتانە بەدی ناهێنن کە (ئاساییەکان) بەدییان دەهێنن، ئەوە شتێکی لۆژیکیانەیە گریمانەی ئەوە بکەین کە ئەو کارە ناکەن.

جگە لەوەی پۆلین کردن وامان لێ دەکات ڕۆڵی فاکتەرەکانی ژینگە لەم دژوارییانەی تووشی فێرخواز دەبن ژ بیر بکەین. ئاکامیش گریمانەی ئەوە بکەین کە کێشەکە پێوەندی بەخودی خۆیەوە هەیە بە چاوپۆشین لە فاکتەرە دەرەکییەکان، ئاکامیش کار بۆ ئەوە ناکەین ژینگەکە بگۆڕین و ڕۆڵی مامۆستایش بەدی ناکەین لە چارەسەرکردنی ئەو دژوارییانەی ڕوو بە ڕووی فێرخواز دەبێتەوەو هەوڵیش نادەین فێرگەکان وەك ژینگەو ناوەرۆکی خوێندن و شێوازی فێرکردن و هەڵسەنگاندن بگۆڕین، چونکە لەو باوەڕەداین کە تەنیا کێشەکە لە فێرخوازەکەدایە، نەك هەر ئەمەیش بەڵکو ناکۆشین چاو بە پێوەرو تاقیکردنەوەکانماندا بگێڕینەوە کە تەنیا لایەنێکی دیاریکراوی ژیانی منداڵ دەگرێتەوەو تەنیا بایەخ بە چەند زیرەکییەکی دیاریکراو دەدات کە لەو بڕوایەدایە ئەوانە شتی بنەڕەتین بگرە تەنیا ئەو شتانە دەبینێت و مەودا کۆمەڵایەتییەکان و مەوداکانی داهێنان لە لایەنەکانی دیکەی ژیانی ئەو منداڵە پشت گوێ دەخات.

زۆری و بۆری پۆلەکانی خوێندن ناشێت سوودی لێوەربگیرێت ئەگەر بێت و بارودۆخی فێرگەکان بەم شێوەیەی هەنووکە بەردەوام بێت کە بریتییە لەفێرکردنی بەنکی و تێئاخنین و تەلقین و ئاراستەو ئامۆژگاری کردن.

هەن وا پێناسەی پەروەردەی تایبەت دەکەن کە بریتییە لە

کۆمەڵێك پرۆگرامی تایبەتمەنـد کە پێشکەش بەچەند گرووپێکی کەسانی نائاسایی دەکرێن ئەویش بۆ ئەوەی یارمەتییان بدرێت تا بتوانـــن تا ڕادەیەکی باش پەرە بە تواناکانـــی خۆیان بدەن و خودی خۆیان ساغ بکەنەوەو یارمەتییان بدرێت لەگەڵ بارودۆخەکەدا ڕابێن. مەبەســت لە کەسانی نائاسایی ئەمانەی خوارەوەیە:

بلیمەتی و زیرەکی

کاڵ فام (پەککەوتەیی لە ڕووی ئەقڵەوە).

نابینایی (پەککەوتەیـــــی لە ڕووی بینینـــــەوە).

کەڕ (پەککەوتەیـــــــی لە ڕووی بیستنەوە).

پەککەوتـــــەیـــــــی لە ڕووی هەڵچـــوونەوە (دەروونـــی)

پەککەوتەیی لە ڕووی جووڵەوە.

دژواری فێربوون.

تیکچوون لە ڕووی گۆکردن یان زمانەوە.

هەرچی زاراوەی مندالانی پەککەوتەیە ئەوە مەبەست ئەو گرووپە نائاساییانەیە جگە لە بەهـــــرەدارەکان، هەرچـــی ناتەواوەکانن ئەوە ئەو گرووپەن بەدەستی نەخۆشی دەروونـــــی یان مێشکـــەوە دەناڵێنن.

لێرەدا پرسیارێك زەق دەبێتەوە ئەویش ئەوەیە ئایە بۆچی مامۆستا نازانیێت کام لە فێرخوازەکانی لە بـــــواری هونەرو میووزیك و سەمـــــاو هەڵپەڕکـــێ و یارییەکانی وەرزش و میکانیکاو پرۆگرام دانان بۆ کۆمپیووتەر بەهرەدارە یان بەشێوازێکی نائاسایی بەهرەدارە؟

وەلامی ئەم پرسیـــــارە لەوەدا خۆی دەبینێتـــــەوە کە مامۆستـــــا وەك مامۆستایەکـــی ئاسایـــــی بایەخ بە لێهاتوویی دەدات بە واتا ئاساییەکەی کە بە پەرتووکی بڕیار لەسەر دراوی خوێندن و نووسیـــن و گۆکردن و زانستەکـــان و کۆمەلایەتـــی و بیرکارییەوە پەیوەستە وەك چۆن لە پرۆگرامە بنەڕەتییەکان و ئەرکەکاندا خراونەتە ڕوو.

بۆیـــە تیـــــۆری زیرەکییـــە جۆراوجۆرەکان دژوارییەکـــان و ڕێگرەکان لە چوارچێوەیەکـــــی فرەوانتردا دادەنێت، بە هۆیانەوە مامۆستا ئەو مندالانە دەبینێت کە پێداویستی تایبەتیان هەیە وەك کەسانێکی تەواو دەیانبینێت کە خاڵی بەهێزیان لە چەند زیرەکییەکی جیاجیادا هەیەو ئەمەیش بەو شێوەیە ڕوو دەدات کاتێك مامۆستا لە جیاتی بایەخدان بەو شتانەی ناتوانن ئەنجامی بدەن بایەخ بەو شتانە بدات کە دەتوانن ئەنجامی بدەن، کە ئەمەیش خۆی لە خۆیدا وەرچەرخانێکی جۆرەکییەو ئاکامی باشی لێ دەکەوێتەوە، بەمەیش مامۆستا دەتوانێت نموونەی ڕێگری و شلەژان و

پەککەوتەیی و نەخۆشی و نەتوانینەکە بۆ نموونەی گەشەسەندن تێپەڕێنێت.

ئەوەی جێی ئاماژەیە ئەوەیە کە تیۆری زیرەکی زۆر لایەن ددان بە دژواری و پەککەوتەییەکاندا دەنێت بەڵام ئەوەیش لە چوارچێوەیەکدا کە خاوەن پێداویستە تایبەتەکان بە کەسانێکی ساغ و تەندروست دادەنێت.

تیۆرییەکە لەو بڕوایەدایە کە دژواری فێربوون لە هەموو جۆرە زیرەکییەکاندا هەیە، چونکە ئەوەتا (دسلکسیا) لە ئارادایە کە بریتییە لە (ناتوانایی لە ڕووی زمانەوە) یان (ناتوانایی لۆژیکی ـ بیرکاری) یان ناتوانایی بۆشاییانە یان بە زەحمەت ناسینەوەی دەم و چاوەکان، جگە لە ناتوانایی جەستەیی یان جووڵە یان ناتوانایی میووزیك و ناتوانایی خودی و کۆمەڵایەتی و ژینگەیی. بەڵام ئەم جۆرانە تا ڕادەیەك سەربەخۆن بە واتای ئەوەی بۆ نموونە ئەوەی بەدەستی (ئۆتیزم)ەوە بناڵێنێت ڕەنگە لە بواری میووزیکدا بەهرەدار بێت و ڕەنگە خاوەنی (دسلکسیا)یش لە وێنەکێشاندا بلیمەت بێت و ڕەنگە دواکەوتوویش ئەکتەرێکی زۆر باش بێت .. تاد.

چەند نموونەی کەسانێك هەن لە کارو پیشەی دیکەدا بازوویان نواندووە، لەوانەیش کەسانێك هەن بە دەستـــــی دژوارییەوە ناڵاندوویانە چ لە ڕووی جەستەیی یان جووڵە یان بینینەوە بێت بەڵام بلیمەت و داهێنەر بوونە لەوانەیش:

دژواری لە ڕووی فێربوونەوە: ئەگاسا کریستی ـ ئاینشتاین ـ داڤینشی.

دژواری پێوەندی کۆمەڵایەتی: چرچڵ ـ ئەرستوو.

دژواری لە ڕووی سۆزەوە: داروین ـ نیتشە.

دژواری لە ڕووی بیستنەوە (کەڕی): ئەدیسۆن ـ کیلەر ـ پیتهۆڤن .

نموونەی دیکەیش هەن.

لەمەوە ڕوون دەبێتەوە کە زیرەکی پێوەری خۆی هەیە ئەویش هیمایە، واتە هەر زیرەکییەك سیستمی هیمایی خۆی هەیە وەك:

زیرەکی زمانزانی: زمانی دەنگی (ئینگلیزی،عەرەبی،کوردی،...تاد).

زیرەکی لۆژیکی ـ بیرکاری : زمانی کۆمپیووتەرو ژمارەکان.

زیرەکی شوێن: زمانانی ئایدۆگرافی وەك زمانی چینی.

زیرەکی جەستەیی جووڵەیی: بۆ نموونە زمانی ئاماژەکردن.

زیرەکی میووزیك: نۆتەی میووزیك.

زیرەکی کۆمەڵایەتی: بۆ نموونە ئاماژەو دەربڕینی دەم و چاو.

زیرەکی خودی: هیما خۆییەکان وەك خەونەکان و کاری هونەری.

زیرەکی ژینگەیی: سیستمی پۆلین کردنی جۆرەکان.
ئەمانە سیستمگەلی هیمایی هەموو زیرەکییەکن چونکە هەر زیرەکییەو تایبەتمەندییەکی هەیە بە هێما دەردەبڕێت.
ئێستەیش ئەو منداڵانەی بە دەستی سنووردارییی زیرەکییەکی دیاریکراوەوە دەناڵێنن دەتوانن بە پێڕەوکردنی شێوازی ئەڵتەرناتیڤانە کە سوود لە زیرەکییەکانی دیکەیان وەردەگرێت بەسەر ئەو دژوارییانەدا سەربکەون.
لە چەند حاڵەتێکی دیاریکراویشدا فێرخوازانی پێداویستە تایبەتەکان دەتوانن سیستمیکی هێمایی ئەڵتەرناتیڤ بۆ زیرەکییەکی لاواز یان ناتەواون بەکاربهێنن بۆ نموونە سستمی برێل بۆ ئەو کەسانەی تووشی (دسلکسیا) بوونەو توانایەکی باشیان لە بواری لەمس کردندا هەیە، هەروەها بەکارهێنانی هیما چینییەکان لەجیاتی زمانی دەنگی ئینگلیزی لەگەڵ ئەو فێرخوازانەدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا کە لە خوێندنەوەدا لاوازن.
ئەوانەی لە زماندا لاوازن دەتوانن ئەم ڕیگەیانە بەکار بهێنن:
ئامرازو ستراتیژیەتی زمانەوانی: ڕیکۆردەر.
ئامرازو ستراتیژیەتی لۆژیکی بیرکاری: زمانی کۆمپیووتەر.
ئامرازو ستراتیژیەتی شوێن: زمانانی ئایدۆگرافی.
ئامرازو ستراتیژیەتی میوزیك: هۆنراوەی گۆرانی.
ئامرازو ستراتیژیەتی جەستەیی: زمانی برێل.
ئامرازو ستراتیژیەتی کۆمەڵایەتی: کەسێك شتێکی بۆ دەگێڕێتەوە کە فێرخواز دەیگێڕێتەوە (ڕەنگە چیرۆك بێت).
ئامرازو ستراتیژیەتی خودی: ڕۆژانەی والا.
ئامرازو ستراتیژیەتی ژینگەیی: خوێندنەوەیەك پشت بە سروشت و ڕووەك و گیان لەبەران ببەستێت. واتە ئەوەی بۆ نموونە لە فێرگە لە زماندا لاواز بێت و ئاکام وەك دەزانن بە دەستی ئەو شتانەوە دەناڵێنێت کە دەیزانین و ئەوانەی دەوروبەریشی بە دەستیەوە دەناڵێنن چونکە ئەو پردەی پێی دەگەین کە ئەویش زمانە ڕووخاوە، ئەوە دەشێت بە هۆی پردی زمانەوانی دیکەو بیرکاری و جەستەیی ... تاد ... پێی بگەین، بۆیە ڕیکۆردەر یان کۆمپیووتەر بەکار دەهێنین، چونکە ئەگەر چەند دەقێکی بەگوێدا بدەین ئاوازی میوزیکانەیان لەگەڵ بێت و ڕەنگە زمانی ئایدۆگرافیش بەکاربهێنین، کە بریتییە لە هیمایەکی وێنەیی لە جیاتی چەند پیتێك هزرێك

دەخاتە ڕوو، کە بە پێی دەنگەکانی زمانێکی دیاریکراو ڕێك خراون چونکە زمانی چینی زمانێکی ئایدۆگرافییە نەك دەنگی.

ئەوەی بە دەستی دژواری بۆشایی یان شوێن یان وێنەییەوە دەناڵێنێت ئەم پردانەی لەگەڵ بەکار دەهێنین:

ئەو فیلمانەی مـــــــــــــەودای کۆمەڵایەتییانە دەخەنە ڕوو.

چارەسەرکردنی مەعـــریفیانە(کە یارمەتـی دەدات شـــــــــارەزای کێشەو گیروگرفتەکانی خۆی لە بیرکردنەوەو ڕەفتارو کاردانەوەی سۆزداریانەی خۆی و گۆڕینیان ببێت).

